هاوكاری
التضامن

رۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو

لە دار الحریە چاپ ئەكرێ

نرخی (٢٠) فلسە — تەلەفون ٢٠٣٦٠ — ژمارە (١٦١) ٦-٤-١٩٧٣

سەرۆك احمد حسن بەكر نامەیەكی لەقازی عبدالرحمن ئیریانییەوە پێگەیشتووە

رۆژی چوار شەممەی رابوردوو كاك عبدالله حمران نوێنەری تایبەتی قازی عبدالرحمن ئیریانی سەرۆكی یەمەنی ژوورو بەسەردان هات بۆ عیراق . كاك حمران بە (ئا.د.ع)ی وتووە كە نامەیەكی لەقازی ئیریانییەوە بۆ سەرۆك احمدحسن بكر هێناوە . نامەكەش دەربارەی كاروباری لیژنە ناوكۆییەكانی هەردوو یەمەنو ئەوەهەنگاوازیە كە لە پێناو یەكخستنی هەردوو بەشی یەمەندا راوە .

ئا.د.ع

ماموٚستا صدام حسین پیرۆزبایی لە جێگری سەرەك كۆماری ئەندونیسیا ئەكات

ماموستا صدام حسين جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ئەم بروسكە پیرۆزباییەی بۆ جێگری سەرۆكی كوماری ئەندونیسیا ناردووە :

بەرێز سلطان هامنگ كوبودنوی نۆیەم جێگری سەر كۆماری ئەندونیسیا ـ جاكارتا .

پێخۆشحالم كە بەبۆنەی دانرانتان بە جێگری سەرەك كۆماری ئەندونیسیا جوانترین پیرۆزباییتان لێ بكەم . هیوادارم كە تەندروستیتان باش بێتو گەلی ئەندونیسیای دوست بەردەوام لەپێشكەوتندا بێت .

ئەمەریكا هەڕەشەی تازەكردنەوەی شەڕ لە ڤیێتنام ئەكات

خوێنی قازی محمد رەنگ رێژی نەخشی سەركەوتنی كوردستانە

رەگەزپەرستانی ئەفەریقا ٨٠ نیشتمان پەروەریان تیرەباران كردووە

وەزیری بەرگری ئەمەریكا هەڕەشەی شەڕ هەڵگیرساندنەوە لە ڤیێتنام ئەكات

واشنتۆن : ٢-٤ ئاژانسەكانی : ئلیۆت ریچارد سۆن وەزیری بەرگری ئەمەریكا لەوتارێكدا كە لە تەلەفزیون خوێندویەتیەوە دەستی كردۆتەوە بە هەڕەشەی گورەشە كردن . سۆن وتویە ، ئەگەر بێتو ڤیێتنامی دیموكرات رێككەوتننامەی تەقەراگرتن پێشێل بكات ئەوا ئەمەریكا ناچار ئەبێ دەست بكاتەوە بە بۆردومان كردنی خاكی ڤیێتنام و دانانی لەغم لەبەندەرەكانیا . لەلایەكی ترەوە رۆژنامەی نیویورك تایمز وتویە ،

هەرچەندە هێزە چەكدارەكانی ئەمەریكا لە سایگون كێشراونەتەوە بەلام چەند هەزار كەسێكی سەر بە وەزارەتی بەرگری لەڤیێتنامی خوارواماونەتەوە . وە ئەمەریكا لەسایگونا « مەڵبەندێكی سەركردایەتی راپەڕاندنی كاروباری عەسكەری » داناوە ، ئەم مەڵبەندەش راستەوخۆ بەو مەڵبەندەوە بەستراوەتەوە كە نیكسون لەشارێكی تایلاندا دایمەزراندووە كاتی خۆی بارەگای فەرمانەدەی اسطولی حەوتی ئەمەریكای بۆ گوێزرایەوە .

هەروەها ئەمەریكا نزیكەی ٤٥٠ فڕوكەی تیژڕەوی ب ٥٢ نیشانی لەتایلاند داناوە ، ٥٠ هەزار سەربازو ئەفسەری ئەمەریكاییش وان لە تایلاندا . دیسانەوە سۆن وتویە ، ئەمەریكا بۆ پاراستنی تەختەكەی لون نول ناچارە كە خاكی كەمبودیا بوردومان بكات چونكە ئەگەر بێتو رژێمی ئیستای كەمبودیا بروخێ ئەوا رژێمی سایگونیش مەترسی روخانی لێ ئەكرێ . لەلایەكی تریشەوە وابو بە دوو مانگ ، شەرێكی قورس لەدەوروبەری بنكەی (تونینگ لوشان) لە ژووروی سایگون لەنێوان شورشگێران و هێزەكانی حكومەتا هەڵگیرساوەو لیژنەی شەڕراگرتنی سەر بە دەونەتان تائیستا نەیتوانیوە ئەم شەڕە راگرێ . وە یەكێك بەناوی شۆرشگێرانەوە وتویە ، ئەم ناوچەیە لەچوار چێوەی ئەوخاكە دایە كە شورشگێران رزگاریان كردوەو پیویستە هێزەكانی حكومەت بە جێی بهێڵن ئەمجار شەڕ ئەوەستێنرێ .

كورتە هەواڵ

● توكیو : ئەسوشیتد پریس : كاكوی تاناكای سەرەك وەزیرانی ژاپون نامەیەكی بۆ شوێن لای سەرەك وەزیرانی چین ناردوە تیایا داوای لێ كردوە كە سەر لەتۆكیو بدات و وتویە ولاتەكەی ئارەزو ئەكات پەیوەندی لەگەڵ چینا پتەوتر بكات .

● رۆژی ٤-٤ رادیوی جەددە بلاوی كردەوە كە سعودیە ١٠ ملیون جونەیهی ئیستەرلینی داوە بەسوریا ،وەوتویە كارگێری كاروباری بالیوزخانەی سعودیە لەسوریە چەكێكی ١٠ ملیون جونەیهی داوە بە عبدالحلیم خدامی وەزیری دەرەوەو جێگری سەرەك وەزیرانی سوریا .

● ئەنقەرە : ئا.ر.ف : كمیل كیریكفلوی سكرتیری گشتی پارتی جەهووری گەلی توركیا لەگەل بولینت ئیسمیقیتی سەرۆكی پارتەكە تێك چووە دەستی لەكار كێشاوەتەوە . وە ئورهان ئیوبوجلوی نوینەری ئەستەمول لەجێگای كمیل كراوە بە سكرتیر .

شۆرشگێرانی كەمبۆدیا هێزەكانی حكومەتیان شپرزە كردوە

فنوم پن : سایگون : ئاژانسەكان : شۆرشگێرانی كەمبودیا رۆژ بەرۆژ زیاتر تەنگ بە ریژیمی لون نۆلی بەكرێگیراو هەڵئەچنن و لە رۆخی گوڕی نزیك ئەكەنەوە . ئەوەبو رۆژی سێ شەممەی رابوردوو شۆرشگێران شاری - شامباك - یان رزگاركرد .

بڕوانە : ل «٧»

شۆرشگێرانی خلیج ٢١٠ سەربازی دوژمنیان لەناوبردوە

مسقط : ٤-٤ رویتەر :- لەبەیاننامەیەكدا كە بەرەی گەلی رزگاری هێنەری عومان و خلیجی عەرەب بلاوی كردۆتەوە وتراوە كە شورشگێران لەناوچەی ظفارو صرفیت چەند جارێك پەلاماری هێزەكانی دوژمنیان داوە شوێنەكانیان پێ لەق كردوە . هەروەها لە دۆڵی (جرسیس) بە تۆپی مورتەرو چەكی ئوتوماتیكی هێرشیان بردۆتە سەر دوو سەربازگەی دووژمن و زیانێكی گەورەیان لێداوە . بەیاننامەكە وتویە لە دوا هەفتەی مانگی رابوردوا شورشگێران لەناوچەی - صرفیت - ٣٠ ئەفسەرو سەربازی بەریتانیاو ١٨٠ سەربازی حكومەتیان كوشتوەو ٥٠ بنكەو سەنگەری دوژمنیان ویران كردووە .

بەیەكاهەڵپژانی قوتابیان و پۆلیسی تاران

بیروت : ئا.د.ع : وفا : رۆژی ٢-٤ قوتابیانی زانستگای تاران خۆپیشاندانێكی گەورەیان رێكخست بۆ توڕەیی و نارەزایی دەربڕین دژی ئەو سیاسەتە ناقۆلایەی رێژیمی شا دژی گەلانی تێكۆشەری ئێران گرتویەتیە بەر لەگەل ئەو چەكو تفاقەی لەم دواییەدا ئەمەریكا داویە بە رێژیمی تاران .

لەلایەكی تریشەوە هێزەكانی ژاندارمیری و سازمانی ئەمن - ساواك - درندانە پەلاماری زانستگاكەیان داوەو لەگەل قوتابیاندا بەیەكا هەڵپژاون . وە قوتابیان ئوتوموبیلێكی پەیمانی سەنتۆیان سوتاندوە بونیشاندانی نارەزایی دژی دەست رۆیشتنی ئەمەریكا لەئێراندا . ئەوەی شایانی باسە بزوتنەوەی قوتابی و خوێندكارانی ئێران رۆژ بەرۆژ پەرە ئەستێنێ ترس و لەرزی خستوتە دڵی ریژیمی تارانەوە .

وەكو زانراویشە لەماوەی دوو مانگی رابوردوا قوتابیان ١٣ شەهیدیان بووە . لەمانە پێنج قوتابیان هی زانستگای تەورێزن . هەروەها لەم دواییەدا ریژیمی بەكرێگیراوی تاران حوكمی تیرەباران كردن و گرتنی بەدرێژایی ژیانی داوە بەسەر مستەفا خوشدل و شاهرەزا مهراوی و مهدی افتخاری و حمیدی عباس زادەو كاظمی ذو الانوار .

× ×

● پاش نیوەڕۆی چوار شەممەی رابوردوو سەرەك كۆمار كاك احمد حسن بەكر لەبارەگاكەیدا لە كۆشكی جەهووری پێشوازی ئەمیرال سێرجی گورشكوفی فەرماندەی نیروەكانی دەریایی سۆڤیەتی كردووە، وەلە چاوپێكەوتنەكەدا فەریق حماد شهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شوڕش و وەزیری بەرگری و سەرهەنگ فەرماندەی هێزی دەریایی و قنیامین لیخاچوف بالیوزی یەكێتی سۆڤییەت لەبەغدا ئامادە بوون .

بەبۆنەی بیرەوەری ٧ی نیسانەوە :
چەند پرۆژەیەكی پیشەسازی و ئاوەدان كردنەوە و تەندروستی لەولاتا دێتە گەڕ

بەبۆنەی تێپەربونی ٢٦ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ، چەند پرۆژەیەكی پیشەسازی و ئاوەدان كردنەوەو تەندروستی لەولاتا ئەخرێتەكار لەمانە :-

● دەستپێكردنی هەڵكەندنی یەكەم بیری نەوت لە ناوچەی (جبل حمرین) كە ١٢١ كیلومەترە لەبیرەكانی كەركوكەوە دوورە . هەروەها بۆنەیەشەوە رۆژی سێشەممەی رابوردوو لەشوێنی ئیشەكەدا ئاهەنگێك گێردرا .

● دروست كردنی ژمارەیەك خانو بۆ موچەخۆرانی پارێزگەی دهوك كە ١٢ هەزارو ٥٠٠ دیناری بۆ تەرخان كراوە .

● دروست كردنی بەشێكی ناوخۆ بۆ قوتابیانی زانكوی موسل كە ٧٤ هەزار دیناری تێ ئەچێ .

● لە شاری كوت ١١٢ خانو بەسەر كرێكارانی كارگەی گشتی چنینا دابەش ئەكرێت .

● هەروەها بەردی بناغەی خەستەخانەیەكی منالان لە بەسرە دائەنرێ .

ئا.د.ع

رەگەزپەرستانی ئەفەریقا ٨٠ نیشتمان پەروەریان تیرەباران كردوە

لە راپۆرتێكی نەتەوە یەكگرتوەكانا كە لەم رۆژانەدا بلاوكراوەتەوە دەركەوتوە كە رێژیمی رەگەزپەرستی ئەفەریقا لەساڵی ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٧٠ فرمانی خنكاندنی بەسەر ١٠٧ نیشتمان پەروەرا داوەولەمانە ٨٠یان لێ تیرەباران كراوە . راپورتەكە وتویە لەم ٨٠ كەسە چەند ئافرەتێكیان تیایە كە بەوە تاوانبار كراون لەریزی رێكخراوە نیشتمانپەروەرەكانی ئەفەریقا دژی رەگەزپەرستان تێكوشاون ، هەروەها لاشەی چەند كەسێكی تر دۆزراوەتەوە كە لە بەندیخانە تاریكەكانی رەگەزپەرستانا لەژێر ئازارو ئەشكەنجەدا گیانیان سپاردوە .

ئاژانسەكان

وەفدێكی كۆمۆنیستەكانی چیكۆسلۆڤاكیا سەر لە عێراق ئەدات

ئیمرۆ وەفدێكی عصبەی كۆمونیستەكانی یوگوسلافیا بەسەروكایەتی ستانی دولانس سكرتێری مەكتەبی تەنفیزی لیژنەی سەرۆكایەتی عصبەی كۆمۆنیستەكانی یوگوسلافیا وە لەسەر داخوازی سەركردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعس بەسەردانێكی شەش رۆژی سەر لە عیراق ئەدات . وەفدەكەش پێكهاتوە لە فرانس بونیت سەرۆكی كومیتەی ناوەندی عصبەی كۆمۆنیستەكانی سلوڤینیاو بوشكو شیلیكوڤیچ سەرۆكی لیژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوەی كومیتەی ناوەندی و چەند كاربەدەستێكی تری وەزارەتی دەرەوەو ناوخۆی یوگوسلافیا .

دەستپێكردنی گفتوگۆی نێوان كوباو چیكۆسلۆڤاكیا

هاڤانا : رویتەر : رۆژی ٤-٤ گوستاف هوساك سكرتێری گشتی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كومونیستی چیكوسلوڤاكیا بەسەردانێكی شەش رۆژی چوو بۆ كوبا .

هوساك لەسەردانەكەیا لەگەل دكتور فیدل كاسترۆی سەرەك وەزیرانی كوبا دەربارەی پتەوكردنی پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو ولات گفتوگۆ ئەكات . ئەوەی شایانی باسیشە پار كاسترۆ سەری لە پراگ داو لەوێ داوای لە هوساك كردبو كە بەسەردان بێت بۆ كوبا .

لەشەهیدبونی قازی محمدەوە تاشەهیدبونی قادری مەلا رحیم

لە بەرەبەیانی رۆژی ٣٠ی ئازاری ١٩٤٧دا تاوان بارانی رێژیمی كۆنەپەرستی ئێران بە سەرۆكایەتی حەمە رەزا شا سێ قارەمانی دلێری كوردیان كرد بەدارا ، ئەو سێ قارەمانەی خۆیان كرد بەقوربانی تێكۆشەرانی دامەزرێنەری كۆماری دیموكراتی كوردستان - كۆماری مەهاباد - و لە جیاتی ئەوان سەربەرزانە چوونە سەر سێدارە .

شەهیدان قازی محمدی سەرەك كۆمارو صدری قازی برایو سەیفی قازی ئامۆزای دلیان گەلێك لەسێدارەكەی شاهنشاو بیروبڕوایان لەئاگرو ئاسنو جەندرمە جانەوەرەكانیو ئومێدیان لەبنچینەی رێژیمەكەی گەلێك بەهێزو قایمتر بوو ، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەو سێدارەیەیان لەسەر شۆڕیو پشەكشەیو پەشیمانبوونەوە لا ئاسانتر بوو وە بەدڵێكی پڕ لەهیوا بەدوا رۆژی بزوتنەوەی كوردەواری یەوە سەركەوتنە سەر سێدارەكانو لەوێوە ئاسۆی گەشی سەركەوتنی نەتەوەی كوردیان بەدی ئەكرد .

قازی محمدو هەڤاڵە دلێرەكانی خۆیان كرد بە قوربانی كوردو كوردستانو تێكۆشەرانی ، گیانی پاكو خاوێنی خۆیان كرد بە ئاگرێكی گەش هەتا هەتایە رێبازی كوردەواری راستەقینە رووناك بكاتەوەو تینو بلێسەی گەشی دوژمنانی كورد بكات بە قەرەبروت .

بەرەبەیانی رۆژی ٣٠ی ئازاری ١٩٤٧ ئەو راستیەمان بیر ئەخاتەوە كە خەباتی نەتەوایەتی شۆڕشگێری ، بە فیداكاریو لەخۆ بوردنو جوامێری رۆڵە تێكۆشەرە دلێرەكانی كوردستان بە ئامانج ئەگاتو تا سەركەوتنی تەواویش بەخوێنی گەشی ئەو رۆڵە دلێرە لەخۆبوردووانە بەرەوپێش ئەڕوات . هەروەها ئەو راستیەشمان بیر ئەخاتەوە كە سالەهای سالە نەتەوەكەمان بە سەلیقە دەستنیشانی كردووەو ئەڵێت « تۆبەی گورگ مەرگە » ئەو راستیەیە كە شاو رێژیمی شا دوژمنی سەرەكی گەلەكەمانن و هەرگیزاو هەرگیز دەست لە چەوساندنەوەی كوردو داگیركردنی كوردستان بە ئارەزوی خۆیان هەڵناگرن بەڵكو تابۆیان بكرێت كۆتی دیلیتی لەگەردنی نەتەوەكەمان قایمتر ئەكەن .

رێگا گۆرینو چاوبەستەكێ بەقەدەر سەرە موویەك ئەو راستیە ناشارێتەوە كە رێژیمی شا هەمیشە خەریكی پیلانو نەخشەكێشانە دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد لە كوردستانی ئێرانو خەریكی رێگادانانە بۆ پوچەڵكردنەوەی ناوەرۆكی بزووتنەوەی دیموكراتیو ئازادیخوازی نەتەوەی كورد لە بەشەكانی تری كوردستانا .

بێگومان رێژیمی شا تا بۆی بكرێت ئەم نەخشەیەی بەفرو فێڵو فریودان جێبەجێ ئەكات بەڵام ئەوسائەی گەیشتە ئەو بڕوایەی لەم رێگایەوە بۆی ناچێتە سەر پەنا ئەباتە بەر ئاگرو ئاسنو كوشتنو برینو پەردە لەسەر شانۆی جانەوەریو دڕندەییو دوژمنایەتی راستەقینەی گەلەكەمان هەڵئەداتەوەو ئەكەوێتە قەلاچۆكردنی رۆڵە تێكۆشەرەكانی گەلەكەمانو سیاسەتە دوو رووییەكەی ئەكەوێتە پێشچاو . هەروەكو سێ ساڵ لەمەوبەر هێزە دڕندەكانی خۆی ناردە سەر تێكۆشەرە نەتەوە پەروەرە دیموكراتخوازەكانی گەلەكەمان لە كوردستانی ئێرانداو بەوپەری دڕندەییەوە كەوتە قەلاچۆكردنیانو دەیان رۆڵەی تێكۆشەری وەكو عبدالله معینیو مەلا ئاوارەو اسماعیل شەریف زادەی لەناوبرد .

بێگومان ئەم سیاسەتە دوژمن بەكوردەی رێژیمی شا تا ئیستاش بەردەوامەو لەمەولاش تا رزگاری كوردستانی ئێران لە چنگ ئەم رێژیمی داگیركەرە بزگەنە هەربەردەوام ئەبێت ئەوە بوو لە ٢٢ی مارتی ١٩٧٣دا جەندرمە خوێن رێژەكانی شا هێرشێكی درندانەی تریان بردۆتە سەر رێكخراوێكی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەبانەو ئەندامی دلێری كۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبەیان مەلا قادری مەلا رحیم شەهید كردووەو چەند ئەندامێكی تێكۆشەری تریان برینداروبەدیل گرتووە . كە ئەم تاوانە تازەیەش وەنەبێ كۆتایی بە تاوانی دەستپێكردووی رۆژی ٣٠ی ئازاری ١٩٤٧ دژی حیزبی دیموكراتی كوردستان بهێنێت بەڵكو تا حیزبی دیموكراتی كوردستانو رۆڵە دلێرە تێكۆشەرەكانی نەتەوەكەمان لەكوردستانی ئێراندا درێژە بەخەباتی رەوای خۆیان بدەن ، رێژیمی شاش لەسەر سیاسەتی لەناوبردنی ئەم رۆڵە تێكۆشەرانە ئەڕواتو هەر بەم

بڕوانە : ل «٢»

Institut kurde de paris

هەفتەی باسێک

ئەمەریکا دوژمنی هەرە گەورەی گەلانە

هەفتەی ڕابوردوو سەرۆکی حکومەتی بەکرێگیراوی ڤیێتنامی خواروو دوای چاوپێکەوتنی نیکسۆن بڵاوی کردەوە کە ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەک یارمەتی حکومەتەکەی ئەدات و بەپێی پێویست چەک و تفەنگی عەسکەری ئەداتێ و لە یارمەتی ئابووریش دریغی لێ ناکات هەروەها وەزیری بەرگری ئەمەریکا بەرۆژنامەنووسانی وت کە ئەمەریکا ئامادەیە بۆردومانی ڤیێتنامی دیموکرات بکاتەوەو بەندەرەکانی بەبومبا بچێنێ.

هەر لەهەمان هەفتەشدا ئاباڵیۆزی کۆنی سەهیونییەکان لە واشنتۆن وتی کە ئەمەریکا هەروەکو جاران یارمەتی ئیسرائیل ئەدات و بەهەموو جۆرێک ئەیپارێزێت و دریغی ناکات لە پێشکەش کردنی هەموو یارمەتییەکی عەسکەری و ئابووری پێویست.

جا ئەم هەڵوێستانەی ئەمەریکا لەمەسەلە گرنگەکانی دنیا، مەسەلەی خەباتی ڕزگاریهێنەری گەلانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین ئەو ڕاستییە ئاشکرا ئەکات کە ئەمەریکا تا ئێستا سەرسەخترین دوژمنی گەلانی دنیایەو شێتانە بەدوای شەڕو ئاژاوەو ئاشوبدا ڕائەکات و مایەی کوێرەوەری و سەرگەردانی گەلانی دنیایەو پارێزەری ئیمپریالیزم و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی سەر ڕووی زەمینە. هەروەها ئەوەش ئەسەلمێنێ کە جارێ ئەمەریکا لە نوچدانە عەسکەری و ئابورییەکانی ئەم دواییەی گەلێکی وەرنەگرتووەو بەهەموو شێوەیەک تەقەلا ئەدات برینەکانی ئەم دواییەی ساڕێژ بکاتەوەو ئابڕووی تکاوی کۆبکاتەوە.

بۆیە گەلانی تێکۆشەری دنیا بەچاوبڕاوی ئەمەریکا فریویان نەخواردووەو هەرسوورن لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕی خۆیان دژی بنکەو دەسەڵات و نفوزی ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیستییەهارە.

بێگومان کاربەدەستانی ڕژێمی ئەمەریکا کە پارێزگاری ئیسرائیل و حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی ڤان ثیۆو لون نول ئەکەن ئەوەشیان بۆڕوون بۆتەوە کە ئاسۆی دواڕۆژی ئەم حکومەتانە لەقەتران ڕەشترو لە شەوەزەنگی بەهار تاریک تر، بەڵام کەی زوردارو خوێنڕێژو چەوسێنەرەوە بەئارەزو دەست لە تاوان و دەستدرێژی هەڵئەگرێت.

بۆیە ئەمەریکاو هاوکارەکانی هەر بەخەباتی شۆڕشگێڕی لەکۆڵ ئەکرێن و داوو دەزگاکانیان پێشێل ئەکرێت.

ئێستاش کە هوشیاری سیاسی و شۆڕشگێڕی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین دۆست و دوژمنی خۆیان ناسیووەو ڕێبازی خەباتێکی دووڵانەی ڕاستیان گرتۆتەبەر خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی، ئیتر ئەو ڕۆژە ناگەڕێتەوە کە ڕۆژ لەبەیاخی ئیمپریالیزم ئاوا نەبێت و چارەنووسی گەلان و زەحمەتکێشان لەکۆشکە ڕازاوەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانا دەستنیشان بکرێت بەڵکو ئەمڕو ئەو ڕۆژەیە کە ئاسۆی ڕزگاری تەواوو بەختیاری و کامەرانی ڕووی کردۆتە گەلان ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تیالەناو ئەچێت.

- دانا -

پاش هیندی چینی نۆرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

ڕۆژی پێنجشەممۆ ٣ی ڕەشەممەی ١٣٥١ ڕێکەوتی ٢٢ی فیۆریەی ١٩٧٣ پەیمانی تەقەوەستاندن لەنێوان بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لائوس و حکوومەتی لائوسدا ئیمزا کرا، بەگوێرەی ئەوپەیمانە حکوومەتێکی تازەی ئائتلافی لەلائوس دێتە سەر کارو دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست. لەلایەکی ترەوە ئەمریکا بەپێی ئەو پەیمانە بەرعۆدە بووە کە بومبارانی خاکی لائوس بوەستێنێ و هێزەکانی خۆی لەلائوس بەرێتەدەر.

لائوس دووهەمین سەنگەرە کە گەلانی خەباتکەر و قارەمانی هیندوچین لەچنگ ئیمپریالیزمی شەڕفرۆشی ئەمریکای دێننە دەر و سەرکەوتنی گەلانی ڤیێتنام و لائوس بەسەر دڕندەترین هێزی ئیمپریالیستی و تەیارترین ئەرتەشی مۆدێرنی ئێستادا جارێکی دیکە ئەوڕاستییەی سەلماند کە هیچ هێزێک لەدنیادا ناتوانێ بەرهەڵستی خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتان لە پێناوی مافی ڕەوای خۆیاندا بکا و گەلێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی و ئەستاندنەوەی مافی زەوتکراوی خۆی ڕاپەڕێ، هەر سەردەکەوێ. ئێمە پیرۆزبایی ئەوسەرکەوتنە مەزنە لەگەڵ خەباتکەری لائوس و هەموو گەلانی هیندوچین دەکەین و دڵنیاین کە لەژێر تەوژمی خەباتی قارەمانانەی ئەوگەلە فیداکارانەدا شەڕهەڵگیرسێنەرانی پەنتاگۆن مەجبوور دەبن دواسەنگەری خۆیان لەهیندوچین (کامبوج) چۆڵ بکەن و گەلانی هیندوچین دەتوانن بەئازادی چارەنووس و داهاتووی وڵاتی خۆیان دیاری بکەن.

ئەوەی لیرەدا جێگای سەرنج بێ، ئەونەخشە و پلانە داگیرکەرانەیە کە ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا پاش بەزینی خۆیان لەشەڕی ناڕەوای هیندوچیندا بۆرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشاوە. هەربەدوای پەیمانی تەقەوەستاندنی ڤیێتنامدا نیکسۆن سەرکۆماری ئەمریکا ڕای گەیاند کە پاش «چارەسەری» گیروگرفتی ڤیێتنام نۆرەی «چارەسەری» گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بزانین مەبەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە بەناو چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیە؟ و کۆشکی سپی واشنگتۆن کە پاش ئەوهەموو جینایەت و تاوانەی لە هیندوچین لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازی ئەوناوچەی کردوە و پاش ئەوشکانە پڕشەرمەزاریە یا بەناوپاش «چوونەدەری ئابڕوومەندانە» لەوێتنام، هێشتا خۆی بە بابەگەورەی میللەتان دەزانێ و دەیەوێ چارەنووسی گەلان دیاری بکا، چ نەخشەیەکی ئیمپریالیستی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشاوە؟

ئەمڕۆ گرنگترین مەسەلە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەسەلەی دەستدرێژی ئیسرائیل بۆسەر خاکی وڵاتانی عەرەبی و دەرکردنی گەلی فەلەستین لەسەر جێگاوڕێگای خۆی و تاوانی یەک لەدوای یەکی بەرامبەر خەڵکی بێدیفاعی ناوچە داگیرکراوەکانە. ڕۆژ نیە داگیر کەرانی ئیسرائیل تاوانێکی تازە لەگەڵ گەلانی عەرەب و بەتایبەتی خەڵکی زۆرلێکراوی فەلەستین نەکەن ئایا نیکسۆن دەیەوێ ئەوگیروگرفتە چارەسەربکا و کۆتایی بەم جینایەتانە بێنێ، یا لەقاموسی ئیمپریالیزمدا چارەسەرکردنی گیرو گرفتی ئەومەڵبەندە مانایەکی دیکەی هەیە؟

شتێکی بۆهەمووکەس ئاشکرایە ئەوەیە کە نیکسۆن نوێنەری مۆنۆپۆلەکانی ئیمپریالیستی چاوی تەماعی بڕیوەتە سەرچاوە تەبیعیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی نەوت و دەیەوێ لەڕێگای بەهێزکردنی ئیسرائیل بنکەی هەرە بەهێزی ئیمپریالیزم لەوناوچەیەدا و لەڕێگای پشتیوانی حکومەتە دەستنێژ و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی عەرەب و گەلەکانی تری ئەومەڵبەندە سەرکوت بکا دەست بەسەر خێروبێری ناوچەکەدا بگری. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک کەدەم ڕاستەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەئاشکرا لەوتووێژە ڕەسمیەکانیاندا ئەونیازە چەپەڵەی خۆیان دەردەبڕن و مەبەستی خۆیان لە «چارەسەر کردنی گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» دەردەخەن. «واڵستریت جۆرناڵ» کە ڕۆژنامەیەکی نیزیک بەکۆشکی سپی واشنگتۆنە دەنووسێ «ساڵی ١٩٨٠ ئەمریکا ڕۆژی پێویستی بە ٢٤ میلیون بۆشکە نەوت دەبێ (کە دەکاتە ساڵی یەک میلیارد تۆن و لە دووهێندەی بەرهەمی ئێستای ئەمریکا زیاترە - کوردستان) و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ - ١٩٨٥ بودجەی بازرگانی ئەمریکا ٢٠ تا ٤٠ میلیارد دۆلار کەم دێتەوە.» لەلایەکی دیکەوە فەرماندەی هێزی دەریایی ئەمریکا گوتوویەتی: «ئەگەر گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆشی چارەسەر نەکرێ و نەوتی ئەومەڵبەندەمان دەست نەکەوێ ئەمریکا ناچار دەبێ پەنا بەرێتە بەر هێزی لەشکر».

لەوانە و چەندنموونەیەکی تر بەئاشکرا دەردەکەوێ کە ئیمپریالیستەکان چاویان بڕیوەتە تاڵان و پاوان کردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامرکاندنی بزووتنەوەی ڕزگاری ئازادیخوازی گەلانی ئەم ناوچەیە ئەمریکا دەیەوێ ئەوەی لەوێتنام دۆڕاندوویەتی، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی هەڵێنێتەوە.

بەڵام گەلانی ئەومەڵبەندە لەمێژە لەنیازی گڵاوی ئیمپریالیستەکان گەیشتوون و بەوشیاری و ئامادەیی بەرەنگاری نەخشە و پلانەکانیان دەبن. ڕۆژگاری ئەوە بەسەر چووە کە ئیمپریالیزم بتوانێ لەڕێگای زۆر و بەکار هێنانی هێزی لەشکریەوە دەست بەسەر ماف و چارەنووسی میللەتاندا بگرێ و بێگومان دەستکەوتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەشەرمەزاری و بەزین و چوونەدەری «ئابڕوومەندانە» بەولاوە شتێک نابێ.



بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی شەهیدبوونی قادری مەلا ڕەحیمەوە

حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بەبۆنەی شەهیدبوونی تێکۆشەر - قادری ویردی - ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمە تەواوی بەیاننامەکەیە:-

هاونیشتمانانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەدڵێکی پڕلەماتەمەوە ڕادەگەیەنێ کە ڕۆژی شەممەچواری خاکەلێوەی ١٣٥٢ جەلادانی ڕژێمی شا پەلاماریان هێناوەتە سەر ڕێکخراوی حیزبی ئێمە لە ناوچەی بانە و لەنەتیجەدا هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستی ئێمە قادری ویردی (مەلاقادری مەلاڕەحیم) مەسئوولی تەشکیلاتی بانە شەهید کراوە. لەوپەلامارەدا چەند هاوڕێیەکی تر بریندار بوون وبەدەیان ئینسانی بەشەرەف لەلایەن سازمانی ئەمنیەتەوە گیراون.

هاوڕێ قادر ئەندامێکی تێکۆشەر و نەبەزی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمەو ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ڕەنجبەرانی کوردستانی ئێران بوو. شەهیدی نەمر لەبنەماڵێکی نیشتمانپەروەردا گەورە ببوو و هەرلەسەرەتای لاوەتی خۆیەوە ڕێگای خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گرتبۆ بەر و هەموو هێزی خۆی بۆ خەبات لەڕێگای ڕزگاری گەلی کورد و دابین کردنی ژیانێکی سەربەست بۆ گەلانی ئێراندا تەرخان کردبوو. بابی هاوڕێ قادر (مەلا ڕەحیم) لەڕێگای ڕزگاری گەل و بەجێ گەیاندنی ئامانجە بەرزەکانی حیزبدا شەهید بوو و مەلا قادریش ئەو ڕێگایەی بەرنەدا، هەتا ژیانی خۆی لەسەر دانا و شەرەفی شەهیدی ڕێگای گەلی وەدەست کەوت.

ڕژێمی خوێنمژی شا بە شەهیدکردنی هاوڕێ قادر جارێکی تر ئیسباتی کرد کە دوژمنی سوێند خۆری گەلی کوردە، دوژمنی دیموکراسی و پێشکەوتنە و دوژمنی هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخوازە.

حیزبی ئێمە لەکاتێکدا کە لەبەرامبەر قارەمانەتی و گەورەیی گیانی شەهیدی نەمر قادری ویردیدا سەر دادەنەوێنێ، داوا لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستان و لە هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەکا کە بۆ ئەستاندنی تۆڵەی ئەورۆڵە نەبەزە خەبات بکەن. باشترین ڕێگای ڕێزدانان بۆ شەهید مەلا قادر ئەوەیە کە تاسەر بەو ڕێگایەدا بڕۆین کە ئەو پێیدا دەڕۆیشت. بۆ شادکردنی گیانی شەهیدی بەڕێزمان قادری خۆشەویست دەبێ لە خەباتی خۆماندا شێلگیرتر بین و هەموو هێزی خۆمان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجانە تەرخان بکەین کە هاوڕێ قادر خەباتی بۆدەکرد.

ڕژێمی شا دەبێ تێبگا کە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی تر ڕادەپەڕن و جێگای شەهید قادر پڕ دەکەنەوە. حیزبی ئێمە لە ماوەی بیست و حەوت ساڵ تێکۆشانی خۆیدا بەسەدان شەهیدی داوە وبەڵام هیچ کاتێک سەنگەری خەباتی بەتاڵ نەکردوە و ئێستاش هەر بەتاڵی ناکا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لەدایک و خێزان و کەس و کاری هاوڕێی شەهیدمان و لە هەموو ئەندامانی حیزب و لە هەموو گەلی کورد دەکا و داوای سێبووریان بۆ دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی جیهانی، لە هێزە دیموکراتی و پێشرەوەکانی هەموو وڵاتان و هەموو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز داوا دەکا کەبێزاری خۆیان لەو جینایەتە گەورەی ڕژێمی دژی ئینسانی ئێران دەربڕن و ڕێگا نەدەن کەجەلادانی شای جینایەتکار چی دیکە خوێنی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد بڕێژن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

خەباتی حیزبی ئێمە بۆ ڕزگاری گەلەکەمان خەباتێکی دوورو درێژە. ڕاستە کە کاروانی شەهیدانی گەلی کورد هەردرێژتر دەبێ، بەڵام ئازادی نرخی گرانە و بێ قوربانی دەست ناکەوێ. بائێمە هەموومان بەگیانی شەهید خۆشەویست سوێند بخۆین کە هەتاسەرکەوتن کۆڵ نەدەین، سوێند بخۆین کە تۆڵەی ئەو شەهیدە بەرزە لە دوژمنانی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران بستێنینەوە. با یادی شەهیدی نەمر قادری ویردیمان هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.

شانازی و سەربەرزی بۆ شەهیدی خۆشەویست مەلا قادر و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان.

بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاڵاهەڵگری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاو ئیمپریالیزم.

کۆمیتەی ناوەندی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
(ئێران)

شەشی خاکەلێوەی ١٣٥٢
٢٦ی مارسی ١٩٧٣


قادری ویردی
ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندی
حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)
شەشی خاکەلێوەی ١٣٥٢
٢٦ی مارسی ١٩٧٣

دەوری گەلی کورد لەشۆڕشی ساڵی ١٩٢٠دا

بەدرخان سندی

- ٢ -

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا، لەو دەورە دواین کە گەلی کورد لە بەرپاکردنی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠دا بینی، هەروەها هەڵوێستی گەلی کوردمان بەرامبەر بە سیاسەتی ئەوسای بەریتانیا روون کردەوە.

ئەوەی پێویستە دیاری بکرێ، لەسەرەتادا ئاگری شۆڕشەکە لە ناوچەی کوردستانەوە هەڵگیرساوە بەتەواوی لە (زاخۆ)، چونکە کاروباری ئینگلیزەکان لەو ناوچەیە، بەسەرپەرشتی (بیرسون) یاریدەدەری حاکمی سیاسی لەزاخۆ جێگای توڕەیی و ناوچەکە بو، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا (بیرسون) بکوژن و بانگی شۆڕش بەرپاکردن بدەن.

کاتێ (بیرسون) بەمەی زانی هەوڵیدا قین و توڕەی خەڵکەکە دامرکێنێتەوەو بەپارە هەندێ لە سەرۆک خێڵەکانی ئەو ناوچەیە بکڕێ، بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکی بەناوچەکەدا کردو هەوڵێکی زۆریدا (حسو دینو)ی سەرۆک خێڵی (گویان) ڕابکێشێ بۆ یارمەتی دانی و بیکاتە دارەدەستی خۆی، بەڵام ناوبراو ئەم داواکاریەی (بیرسون)ی ڕەد کردەوەو سووریش بو لەسەر ئەوەی هەر هەلێ بۆی ڕەخسا، هەڵکەوێ لە کیسی خۆی نەدات بۆ لێدانی ئینگلیزەکان، جا کاتێ (بیرسون) گوندی (کرور)ی بەجێهێشت، (حسو دینو) ١٥ چەکداری نارده سەر ڕێگاکەی و فەرمانی پێدان کە (بیرسون) بکوژن. چەکدارەکان فەرمانی (حسو دینو)یان بەجێ هێناو لەمانگی مارتی ساڵی ١٩١٩دا بیرسون کوژرا. دوای ئەمە (لجمن)ی حاکمی سیاسی لەموسڵ دوو فرۆکەی ناردە سەر خێڵی گوییان و بۆردومانی کردن، بەڵام توندوتیژی و بەکارهێنانی بومبای ئینگلیز نەیتوانی ئاگری شۆڕش دامرکێنێتەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرەو ناوچەکانی تریش تەشەنەی کرد بۆ نمونە دانیشتوانی ئامێدی هەمو کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی لەگەڵ براکانیا، چەک دژی داگیرکەران هەڵگرن لە (بامەرنی)یش، شێخ بهاالدین نقشبندی لە دژی ئینگلیزەکان چەکی هەڵگرت.

(لجمن) کە بەمەی زانی هەوڵێکی زۆریدا بەڕێگای خەڵەتاندن و بروبیانووی پروپوچ بیانخەڵەتێنێ و بەدوای چەند ناسراوێکی ناوچەکەدا بۆ ئەوەی لەموسڵ گفتوگۆی لەگەڵ بکەن. لەهەندێ ناوچەی تریش کەوتبووە ڕەش بگیرێ.

بەڵام خەڵکەکە، هەستیان بەوە کردو گوێیان نەدا بەقسەی (لجمن)و بەتەواوی لە ١٥ تەموزی ١٩١٩دا ئاگری شۆڕش کلپەی سەندو شۆڕشگێڕەکان بەسەرکردایەتی حاجی ڕشید بەروزی و حاجی شەعبان ئابلوقەی ماڵی (ویلی) حاکمی ئامێدیان داو لەولاشەوە پەلاماری ئەو بنکەیەیاندا کە هێزەکانی ئینگلیزی تیادا بو نزیکەی پەنجا سەربازیان لێ کوشتن و لەولاشەوە (ویلی) و یارمەتی دەرەکەی کوژران.

لەبەرە بەیانی ٣ی ئابی ئەو ساڵەشدا (لجمن) لەگەڵ دوو فەوجی ئینگلیز ئابلوقەی بامرنیدا و توپ بارانی کرد، دانیشتوانی بامرنێش بەسەرکردایەتی (شێخ ڕەئوف و شیخ علاءالدین نقشبندی) بەتوندی بەرپەچی هێزەکانی ئینگلیزیان دایەوە، کە ئەم هەواڵە گەیشتە (حاجی ڕشید بروراری) بەهێزێکەوە کەوتە خۆی بۆ یارمەتی دانی شۆڕشگێڕەکانی بامرنی بەڵام درەنگ گەیشتن و هێزەکانی ئینگلیز توانیان بامەرنێ داگیربکەن.

- ماوەیتی -

لە شەهیدبوونی قازی محمدەوە تا شەهیدبوونی قادری مەلا ڕحیم - پاشماوە

سیاسەتەش ئەتوانێت بۆماوەیەک درێژە بە داگیرکردنی کوردستان و چەوسانەوەی ئەو بەشەی نەتەوەکەمان بدات.

ئێمە لەکاتێکا بەدڵێکی پڕ لە ئەسوڕەوە بیرەوەری لەسێدارەدانی سەرۆکی خۆشەویست قازی محمەد و دەقاڵەکانی و هەموو شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەکەینەوەو ئەخوێنی گەشی بەزەعاق ڕژاوی قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبەدا تاوانێکی جگەربڕی تازەی ڕژێمی شا ئەبینین، بەڵام دڵنیاین ئەوەی ئەوبەشەی نەتەوەکەمان بەخەباتی ڕەوای درێژخایەنی شۆڕشگێڕی خۆیان ڕێگای سەرکەوتن بەرەو ئامانج ئەبڕن و گەلەکەمان لەچەوسانەوەی نەتەوایەتی و داگیرکردن ڕزگار ئەکەن و بەشەکانی تری نەتەوەکەشمان لەپارچەکانی تری کوردستانا بەفڕوفێڵی شای ئێران و دەزگا جاسوسییەکانی فریو ناخۆن و دۆست و دوژمنی خۆیان چاک ئەناسن و هەمیشە نەتەوەکەمان ئیمپریالیزم و نۆکەران و کۆنەپەرستان و چینە چەوسێنەرەوەکانی کوردو گەلانی تر بەدوژمنی خۆیان ئەزانن.

Institut kurde de paris

ئێمە هەموومان ئەوەمان لائاشکرایە کە دڵدار ـ یونس رەئووفی کۆیی ـ شاعیرێکی گەنجی لێهاتووی کورد بوو ، گرێك بوو لە هەڵچوونیا دامرکایەوە ، دڵێك بوو لە گەرمەی خورپەو لێدانـاوەستا ، چقڵێ بوو ئەچەقییە چاوی رەقیب ، دڵدارێکی هەناوسووتاو بوو کڕنوشی دڵسۆزانەی بۆ کوردستانی قیبلەی ئەبرد .. هەمووشمان ئەوەمان لا زوونە کە ئەم لاوە دڵسۆزو خوێن گەرمو شۆڕشگێرە لە ١٢ـ١١ـ١٩٤٨ مالاوایی هەمیشەیی لەکوردستانی ئازیزو رۆناکایی رۆژو هەوای سازگاروگوڵەگەنمی بەهار کردو دەست لە گەردنی مردنەوە کەوتە پرخەی خەوێکی ئەبەدی یەوە .. بەڵام رۆژو ساڵی لە دایك بوونی ئەم شاعیرەمان لا ئاشکراو یەك رێ نی یە ، دەربارەی ساڵی لە دایك بوونی ئەم شاعیرە لاوە ، جیاوازی یەکی تەواو لە نێوان ئەو نووسەرە کوردانەداهەیە کە تائێستا باسی ژیان و بەسەرهاتی دڵداریان کردووە ، ئەمەشیان چۆن جێگای رامان و

دڵدار کەی لە دایك بووە؟

نووسینی : عەزیز گەردی

سەرنج کێشان و واق وورمانە ، ئاواش جێگای پرسیارو لێکدانەوەیە ! لە هەمان کاتیشا جێگای داخ و خەفەتە کە تائێستا ئەم راستی یە ساغ نەکراوەتەوەو دەرنەخراوەو مەسەلەکە یەك رێ نەکراوە ؟ من لێرەدا ئەمەوێ بەکورتی رای ئەو کەسانە بێنمەوە کە دەربارەی رۆژو ساڵی لە دایك بوونی (دڵدار) قسەیان کردووەو بەپێی توانا هەڵیان بسەنگێنم و ئەوەی منیش لەم بارەیەوە ئەیزانم یا دەستم کەوتووە بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانەوە ، بۆئەوەی ئەوانیش لەشتەکە ووردببنەوەو کامەیان لا راستترو پەسندتر بوو ئەوە بەساڵی لە دایك بوونی دڵدار بزانن و ئەوانەش کە ناچێتە ئەقڵیانەوە با لێی بگەڕێن و وازی لێ بێنن ، پێشەکیش ئەوە ئەڵێم کە ئەم قسەیەی من ئەیکەم و ئەو رایەی من دەری ئەبڕم مەرج نی یە لەسەد سەد راست بێت و خوێنەران بێ لێکدانەوەو شێ کردنەوە وەری بگرن ، بەڵام ئەوەندە هەیە هاوبەشی کردنێکی خاکی و بێ نازە ، هەوڵێکە بۆ روون کردنەوەو ساغ کردنەوەی ئەم رووە ئاڵۆزەی ژیانی ـ دڵدار ـی شاعیر .

بەپێی ئاگاداری من ، یەکەم کەس کە باسی ژیانی دڵداری کردبێ مامۆستا علاءالدین سجادی یە کە لە چاپی یەکەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا کە ساڵی ١٩٥٢ چاپی کردووە، لە جاخچەی شاعیرانا ژمارە (٢١١) باسی دڵدار ئەکات و ئەڵێ : « یونس رەئوفی کۆیی، ناوی شیعری دڵدار بووە ٩١٧ ـ ٩٤٨ .. » . کەوانە مامۆستا سجادی ساڵی ١٩١٧ بەساڵی لە دایك بوونی دڵدار دائەنێ . هەروەها چوار ساڵ پاش دەرچوونی (مێژووی ئەدەبی کوردی) واتە ساڵی ١٩٥٦ مامۆستا رەفیق حلمی بەرگی دووەمی « شیعرو ئەدەبیاتی کوردی »ی بلاوکردەوە ، کە یەکەم باسی بۆ ژیان و بەسەرهات و شیعرەکانی دڵدار تەرخان کردووەو لە لاپەڕە (٨)دا ئەڵێ: « دڵدار ، ناوی یونس رەئوفە لە (٢)ی شوباتی ١٩١٧ی میلادی لە کۆیە هاتووەتە دونیاوە ..) ئەگەرچی ئەم کتێبە پاش کۆچی دوایی دڵدار دەرچووە بەڵام کاتێ کە مامۆستا رەفیق حلمی ئەم باسەی نوسیبوو ، وەك خۆی لە پەراوێزی کۆتایی باسەکەدا ئیشارەتی بۆکردووە ، دڵدار لە پۆلی دووەمی حقووق بووە : « ئێستە لە پۆلی دووەمی حقووقی بەغدا ئەخوێنێ .. » کە مامۆستا (رەفیق حلمی)یش وەك مامۆستا سجادی لەو باوەڕەدایە کە دڵدار ساڵی ١٩١٧ چاوی بە رۆناکی دنیا کەوتووە .

لە لایەکی تریشەوە ساڵی ١٩٦٢ بۆ یەکەم جار چاپی یەکەمی دیوانی دڵدار دەرچوو، کە مامۆستا گیوی موکریانی پێشەکی یەکی بۆ نووسیبووەو باسی ژیان و بەسەرهات و سەرگوزەشتەی پڕ ئێش و ئازارو دەربەدەری و لانەوازی و بێ نەوایی دڵدار ئەکات و دەربارەی رۆژو مانگ و ساڵی لە دایك بوونیەوەش ئەڵێ : (لە ٢٠ی شباطی ١٩١٨ی زایینی لە شاری کۆیەدا پێی ناوەتە مەیدانی گیتی یەوە ... دیوانی دڵدار چاپی یەکەم ل ٥ . » پاش دەرچوونی دیوانی دڵدار مامۆستا أحمد دڵزار لە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢)ی گۆڤاری رۆناهی ووتارێکی بلاوکردەوە بەناوی « ئایا پێشەکی دیوانی دڵدار کێ نووسیویەتی ؟ » تیایا ئەڵێ : « لەسەر داواکردنی فاضلی سعید ئاغا ، کە خوشکەزای دڵدارە سەرەتایێکم بۆ دیوانی دڵدار نووسیەوە، لە رۆژی ١٢ـ٨ـ١٩٥٧ کە ئەم سەرەتایە گیو بەناوی خۆیەوە بلاوی کردۆتەوە ... » ئێمە نامانەوێ لەسەرئەوە بروین کە پێشەکی یەکە ئەم نووسیویە یا ئەو ، هەرئەوەندە وەرئەگرین کە پەیوەندی بەباسەکەمانەوە هەیە ، لێرەدا مادەم مامۆستا دڵزار لەو بڕوایە دابێ پێشەکی یەکە ئەو نووسیویە ، دیارە لەو بڕوایەدایە کە دڵدار لە (٢٠ی شوباتی ١٩١٨) هاتۆتە دونیاوە .. ئێمەش لێرەدا هەر ئەوەندەمان پێویستەو لەمەوە دوورتر ناڕۆین ... مامۆستا ـ کەریم شارەزا ـ ش لە کتێبەکەیا کۆیەو شاعیرانی دەربارەی کاتی لە دایك بوونی دڵدار ئەڵێ :

« لە شوباتی ١٩١٨ی زایینی دا لە کۆیەوە لەدایك بووە ... ل ٧٨ی کۆیەو شاعیرانی » لێرەدا بەوە ئەگەین کە ئەم تاقمە لەو برو بڕوایە دان کە دڵدار ساڵی ١٩١٨ هاتۆتە دونیاوە .

بێجگە لەم دوو تاقمەو بێجگە لەم نووسەرانە زۆر کەسی تر باسی ژیان و بەسەرهات و شیعرەکانی دڵداریان کردووە ، بەڵام هەموویان رۆژو مانگ و ساڵی لە دایك بوونی دڵداریان لە یەکێ لەم دوو تاقمەوە وەرگرتووە ، بە تایبەتی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)و (دیوانی دڵدار) کە یەکەمیان (مامۆستا رەفیق حلمی) نووسیویەو دووەمیان مامۆستا گیوی موکریانی بەپێشەکی بۆ نووسینەوە بە چاپی گەیاندووە .. من خۆم زیاتر لە جارێ ساڵی لە دایك بوونی دڵدارم بە (١٩١٨) داناوە بەڵام وەك لەمەودوا پێشانی ئەدەم ئێستا من لەم بڕوایەدا نەماوم .

زۆر لە مێژە وەك هەموو کەسێکی تر کە ئەم جیاوازی یە سەخڵەتی کردبێ ، بەو ئاواتە بووم کە یەکێ بێت و ئەم دزو رایە جیاوازە یەك بخات و رۆژی لە دایك بوونی دڵدار بەسەر یەکێ لەم دوانەدا یا بەسەر هەر ساڵ و رۆژێکی ترا ساغ بکاتەوە بەو مەرجەی بەڵگەی مێژوویی بەدەستەوە بێت و هەموو دڵێك لە قرت و فرت و دوو دڵی یا بشواتەوەو مەسەلەکە یەك رێ بکات ، کەچی اتا ئێستا کەسی وانەبووە کە بەڵگەیەکی سەلمێنەری بەدەستەوە بێت ، ئەگەر بەڵگەیەك شکیش برا بێ ئەوا زنجیر کراوەو دەستی نراوەتە بێن ، وەك (مذکرات)ەکەی دڵدار کە رەنگە تیشکێ باوێتە سەر ئەم لایەنە ، بەڵام خوا بزانێ لەچ قورمتێنێکا مێخی بۆ داکوتراوە ؟!

جا بەنیازی ئەوەی کە من شتێ لەم بارەیەوە لەلاپەڕەی مێژووی ئەدەبیمانا هەڵکڕێنم و تیشکێك بدۆزمەوە کە بەرەو راستەقینەی ئەم باسەوە رێنماییمان بکات ، بیرم لەوە کردەوە لە دڵدار لەکاتی خۆیا لە قوتابخانە خوێندویەتی ، ئەوەیش کە بچێتە قوتابخانە ئەبێ ناوی تەواوی خۆی و باوکی و ساڵی لەدایکی بوونی خۆی و گەلێ شتی تری لەم بابەتەشی بداتە قوتابخانەکەوە بۆئەوەی لە سجلی تایبەتی بینووسن و وەك گەنجینەیەکی مێژوویی هەر بپارێزرێ و بپارێزرێ .. وە بەپێی قسەی ئەو نووسەرانەی کە قسەیان لەژیانی دڵدارەوە کردووە دڵدار سەرەتا لە رانیە چۆتە قوتابخانەو پۆلی یەکەم و دووەمی لەوێ خوێندووە ، وەپاشان چووەتە کۆیەو خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە ، ئینجا هاتۆتە هەولێرو پۆلی یەکەمی سانەوی لە هەولێر خوێندووە ... لێرەدا من دەستم نەگەیشتە (رانیە) یا (کۆیە) کە بچم لەوێوە سەیری (سجلی) دڵدار بکەم ، بەڵام ئەم دەست نەرۆیشتنەم رێگای لێکۆڵینەوەی ساڵی لەدایك بوونی دڵداری لێ نەگرتم چونکە ئاشکرایە کە یەکەم جار لە (رانیە) چۆن تسجیل کرابێ کە گوازراوەتە کۆیەش هەروا نووسراوە ،کە سەرەتایی بڕیوەو گەیشتۆتە سانەوی و بۆ پۆلی یەکەم هاتۆتە هەولێر ، هەر بەپێی سجلی ئەم لاوە نووسراوە ..

ئیتر رۆژێکیان بۆ ئەم مەبەستە چوومە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری کوڕان ، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا هەموو سجلەکانی تیا پارێزراوە ، وبەیارمەتی مامۆستای زمانی کوردی ـ مامۆستا فاضل رشید دنوی ـ سجلەکەم وەرگرت ، کە سجلی ساڵی (٩٣٤ ـ ١٩٣٥)ەو لاپەڕەی (٧٤)ی تایبەتی یە بەدڵدار ، لەم لاپەڕەیەدا بە وێنەیەکی بچووکی دەوری منداڵی دڵدار هەیەو گەلێ شتی تیایە دەربارەی دڵدار کە پوختەو کورتەی ئەمەیە : « ناوی یونسە ناوی باوکی رەئووفە ، لەقەبی باوکی ئەفەندی یە ، پیشەی باوکی وەرزێر ـ فلاح ـ ە . سەعدی برای بەخێوی ئەکات کە لە هەولێر ، لە گەڕەکی خانەقادا ئەژیت . لە کۆیسنجق هاتۆتە دونیاوە . لە ساڵی ١٩١٧ لەدایك بووە بەپێی وەسیقەی (الجنسیة) . درێژی ـ ١٦٠ سم ـ ەو لە رۆژی (١ـ١٠ـ١٩٣٤)ەوە دەستی بەدەوام کردن کردووە .. »

هەروەها ئەم لاپەڕەیە پلەی کۆتایی ساڵی هەموو وانەکانی تیایەو لەلایەکەوە نوسراوە (ساڵی ٩٣٥ ـ ٩٣٦) چووە کەرکووك . کەواتە دڵدار تەنیا یەك ساڵ لە هەولێر خوێندوویەتی کە ساڵی (٩٣٤ ـ ٩٣٥)ی خوێندنە ، ئیتر چۆتە کەرکووك و سانەوی لەوێ تەواو کردووە بۆئەوەی ساڵی ٩٤٠ بچێتە دانشگای حقووقی بەغدا .

ئیتر کە ئەمەم دیت تا رادەیەك قەناعەتم پەیداکرد کە قسەی تاقمی یەکەم راستترە، نەك تاقی دووەم . هەرچەندە کە مامۆستا « گیو » لە پێشەکی چاپی یەکەمی دیوانەکەی دڵدارا ئەڵێ : « بەشی زۆرترینی ئەو بەسەرهاتەم لە دەستنووسی دڵدار وەرگرتووە کە لەسەر داخوازی خۆم لە بەغداوە لە ٦ـ١ـ١٩٤٣ دا بۆی ناردبووم .. » یا لە وەڵامی رەخنەکەی مامۆستا دڵزارا کە لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٢)ی گۆڤاری روناهی نووسیویە ئەڵێ : « مامۆستا مجید دیوانەکەی برای بە بەسەرهاتێکی دوورو درێژەوە بۆ هینام » « منیش بەسەرهاتی دڵدارم کە لەمەو پێشیش لە دڵدارو چەند کەسێکی تریش وەرگرتبوو هەموویم کورت کردەوە ... »

یاخود هەرچەندە مامۆستا شارەزا ئەیەوێ بەرپەرچی مامۆستا رفیق حلمی بداتەوەو ئەڵێ : « هەرچەند مامۆستا رەفیق حلمی خوالێخۆشبو لە لاپەڕەی (٨) بەرگی دووەمی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) ئەڵێ دڵدار لە ١٩١٧دا لەدایك بووە ، بەڵام لە یادداشتە چاپ نەکراوەکەی کاك دڵدار خۆی ئەڵێ لەساڵی ١٩١٨دا هاتومەتە دونیاوە .. کۆیەو شاعیرانی ل ٧٨ ـ پەراوێز ـ » .

بەڵام سەرەڕای قسەی ئەم دوو مامۆستایەش کە یەکەمیان ئەڵێ بەسەرهاتەکەم لە دڵدار خۆی و براکەیا وەرگرتووەو دووەمیشیان ئەڵێ دڵدار خۆی لە یادداشتی چاپ نەکراوەکەیا ئەڵێ ١٩١٨ هاتوومەتە دونیاوە هێشتا من هەر ساڵی ١٩١٧ بەساڵی لەدایك بوونی دڵدار ئەزانم لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ..

١ ـ کە مامۆستا گیو ئەڵێ بەسەرهاتەکەم لە دڵدار خۆیەوە وەرگرتووە ، جگە لەوەی کە مامۆستا دڵزار لەکاتی خۆیا ئەم باوەڕەی لەقاندو پڕ گومانی کرد ، دیسان ئەبوایە لەوەوە ، دەقی نامەکە بنووسێ کە دڵدار ساڵی لە دایك بوونی خۆی باس ئەکا ..هەروەها بەگوێرەی قسەکەی مامۆستا شارەزا کە ئەڵێ دڵدار لە یادداشتە چاپ نەکراوەکەیا ئەڵێ ساڵی ١٩١٨ هاتومەتە دونیاوە ، ئەبوایە دەقی یادداشتەکە بنووسێ چونکە پیاو ئەوەی ناچێتە ئەقڵەوە دڵدار لە سجلی قوتابخانە (١٩١٧) نووسرابێ ، خۆیشی بڵێ ساڵی (١٩١٨) هاتومەتە دونیاوە ، ئومێدەوارم هەرکەسێ کە یادداشتەکەی لابێت ئەگەر پێشی نەکرێ یادداشتەکە هەمووی چاپ بکا ، ئەو دەقەی بلاوبکاتەوە کە دڵدار تیایا باسی ساڵی لەدایك بوونی خۆی ئەکات! بۆئەوەی ئەم راستی یە بۆ خوێنەران روون ببێتەوە .

٢ ـ دیارە کە یەکێ باسێکی مێژوویی ـ هەروەها مێژوویی ژیانی نووسەرو شاعیران ـ ئەنووسی ، کام بەڵگەو وەسیقە «

بروانە ل ٧

شاعیرەکان

شاعیرەکان ...
کە بوون بەپرد ..
بۆ ناو لرفەی چەم ، هەر چەمێ
چۆك دامەدەن .
شاعیرەکان ...
کە، چوونە سەر شانۆی شەکەت
هەر شانۆیەك
خۆ بامەدەن .
*
شاعیرەکان ...
هەر ئەکتەرێ ...
لەسەر شانۆ ، فووی کردە خوی
سەر دامەخەن ،
بە شەپۆلی چەپڵەی بێ پێز ..
لەبەرپێدا .. پێی هەر کەسێ
خۆ رامەخەن .
●
شاعیرەکان ...
لە خۆتانا ، بووسەی خەیاڵ ..
بۆ بایی بوون هەڵتان ئەدا .

شاعیرەکان ...
نەکەن ، بچنە کەلی شەیتان ، خوا ، وایە . بەر پەلتان ئەدا !
●
شاعیرەکان ...
با ، لوولاقتان نەبێ بە گونج ..
بۆ لێشاوی وشەی بێدان
شاعیرەکان ...
با ، ناو لەپتان ...
نەبێ بەجێگە هەڵپەرکێی
چەپڵەلێدان !
*
شاعیرەکان ...
لە هۆنراوەی خولیانانا ...
حەرفێك ، یارێ پێ ئەیێنێ
نووکی خامە
دای لە لێوتان
هەزار ئۆخەی بۆ ناو شیعرێ
هەڵفرێنێ ..!
*

شاعیرەکان ...
وشەکانتان ..
بەگوێ قوتەی بتەکاندا ،
بنرکێنن
بەناو مۆزەخانەکاندا
فیشەکی سوورو نارنجۆك
بتەقێنن ...،
کە ، نەورۆز هات
بۆ رووسووری مەشخەڵەکان ،
تەنوور تاودەن ، ئاگر بێنن .
*
شاعیرەکان ...
لە رێی خوادا ، بەپێکی ئاڵ ..
کووپەی شەراب دابەش بکەن .
شاعیرەکان ...
کە ، سەر خۆش بوون ..
لەناو کۆڕا
تف لە بۆیەی رووکەش بکەن .

حسیب قەرەداخی

پابلۆ نیرۆدا و چەند پرسیارێك

گۆڕینی : خالد جوتیار

ئەو کاتەی پابلۆ نیرۆدا ئەیویست ماڵئاوایی لە شاری « وارشۆ » بکات و بەرەو « پاریس » بگەوێتە رێ ، چەند رۆژنامەنوسێك دەورەیان داو ئەم چەند پرسیارەیان لێ کرد . لە وەڵامێکیا دەربارەی تیوری ئەدەب .. ووتی :

ئەترسم نەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ، چونکە پێویستە مرۆڤ لایەنە (نظری)یەکەی بەهێز بێت و سەرەڕای ئەمەش ئاگادارییەکی باشی هەبێت لە لایەنەکانی تری ژیان وەك (فەلسەفەو سیاسەت) .. بۆ ئەوەی بتوانێ رووبەڕووی پرسیارەکانتان راوەستێت و وەڵامیان بداتەوە من خۆم هۆنراوەکانم دروست ئەکەم وەك چۆن دارتاشێك کورسی دروست ئەکات یان چۆن نانەوایەك نان ئەکات .. جا لەم بارەیەوە شیعرەکانم هەرچ سوودێکیان هەبێت ئەوا من خۆم وای ئێ ئەگەم .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەربارەی (شیلی) کرا وتی :

ئێمە هۆگری رێگەی نوێ خوازین .. لە ئەفریقای لاتینی دا میریەکی شەرعیمان هەیە بۆ زۆربەی زۆری جەماوەر وە بڕوامان بەرێکخستنی جەماوەرو پێشرەوایەتی کردنیان هەیە بۆ گەیشتن بە دوارۆژێکی سۆشیالیزەی . بێگومان ئەم رێبازگەیەمان لە ژیاندابێ کۆسپ و تەگەرە نیە چونکە چینی بورژوازی هەیەو دەسەڵاتدارە ، جا تاوەکو لە دەسەڵاتی سیاسی روتیان ئەکەینەوە ئەبێ بڕوامان بە خۆمان هەبێ .

لە هەمان کاتدا ریزی هەموو مرۆڤێکیش ئەگرین چونکە تاقی کردنەوەیەکی زۆرمان لەگەلانی تر وەرگرتوە . هەروەها گۆڕانە مێژوویی و سیاسیەکانیش بێ هەوڵ و کۆشش نایەنەکایەوە .

نوێنەرانی ئیمپریالیزم وایان زانی حکومەتە نیشتمانیەکەمان ئەڕوخێت و رۆژانی رەش ئەگەڕێتەوەو ئاژاوە بەرپا ئەبێتەوە ، بەڵام ئێمە بەرگری بەخوێن لەم نیشتمانە ئەکەین .

ئەوانەی دژی ئێمە پڕۆپاگەندە ئەکەن ، ئەو کەسانەن کە کورسیەکانی دەسەڵاتیان لێ سەندراوەتەوەو ئەیانەوێ لەم رێگەیەوە ئامانجەکانی خۆیان وە دەس بێنن .

لەگەرمەی ئەم گفتوگۆیەدا دەربارەی شیعری مولتەزیم وتی :ـ شیعری ملتزم بەگوێرەی هەموکات و زەمانی گرنگە ، کە ئەڵێین شیعری ملتزم بێگومان مەبەستمان ئەو بەرهەمە نەمرانەیە کە ئەتوانن لەواقیعی کۆمەڵگاو مرۆڤی ئەو سەردەمە بگەن . من ناڵێم شاعیر هەر ئەبێ ملتزم بێت چونکە پێش هەموو شتێك پێویستە هەست بە شاعیرێتی خۆی بکات و هێزی خۆی تاقی بکاتەوە ، چونکە بەڕای من مرۆڤ ئەبێ بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕێ تا ئەبێتە شاعیرێکی ملتزم .

هەروەها نابێ بە هیچ جۆرێك ـ ئیلتیزام ـ بەسەر شاعیر بسەپێنرێ و زۆری لێ بکرێ لەم بارەیەوە . من ئامۆژگاری شاعیرە لاوەکان ناکەم شیعری ملتزم بنوسن ، چونکە ئەم جۆرە شیعرە نە جیهاندا شاعیرانی پێگەیشتوو خاوەن تاقی کردنەوە ئەینوسن و قەڵەمی نەترسیان لێ ئەکان ئەدەن پاش ئەوەی زروفی مەوزوعی ی کاریان تێ ئەکات و هەست و هۆشیان ئەجۆشێنێ .

دەربارەی تاقی کردنەوە لە شیعرو جۆری ئەو شیعرەی لە داهاتودا پەرەئەسێنێ نیرۆدا وتی :

ئەوەی راستی بێ ناتوانم راستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ، ئەوەی لێرەدا پێم ئەکرێ ئەوەیە کە ئارەزوی خۆمتان بۆ رون بکەمەوە دەربارەی ئەو شیعرانەی رەنگە پەرەبسێنن لە دوارۆژدا زۆرکەس وا هەست ئەکات کە شیعر ئەمرێت بەڵام نا .. شیعر ئەژی ئەژی .

شیعر لای نیرۆدا دوو جۆرە هەندێکی بۆ ناوەوە . ئەوی تریان بۆ دەرەوە ، من دژی ئەو شیعرانەم بۆ چینێکی دیاری کراو بنوسرێ ، چونکە ئەگەر وابو ئەبێ شاعیر کە کتێبەکەی چاپ کرد تەنها دوو دانەی لێ چاپ بکات .. یەکێك بۆ خۆی و ئەوی تریان بۆ خۆشەویستەکەی بەڵام بە هیچ جۆرێك نابێ ئێمە ـ معانات ـ بە تاوان بزانین .

من ئەو شیعرانەم بەدڵە نە تاقی کردنەوەی کەسی ..

تێکەڵ بە ژانی کۆمەڵ ئەکات و لە بۆتەی شیعرێکی قاڵ بوی رێگەی خەبات دای ئەڕێژێت .

بەڵام ئەو شاعیرەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر نەبەستێت و ئاگاداری ژان و ئازاریان نەبێت وەکو ئەو کەسەیە کە دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی دابخات و دەمو لووتی خۆیشی بگرێ .

بێگومان ئەم جۆرە کەسە پابلۆ نیرۆدا وتی ئەو شاعیرەم بەدڵە کە سادەبێت لە نوسین بەڵام نرخی کەم ناکاتەوە ئەوشتەی شاعیر سەر ئەخات دڵسۆزی و جۆری دارشتنی تاقی کردنەوەکانیەتی لە قالبێکی سەکەوت و نەمردا .

لە جموجۆڵی یەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد :

بورهان جاهید و کۆڕێکی ئەدەبی

یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر لە ئێوارەی رۆژی ٢٢ـ٣ـ١٩٧٣ کۆڕێکی ئەدەبی فراوانی لە هۆڵی نیقابەی مامۆستایانی کوردستان بەست و دەستەیێکی زۆر لە ئەندامانی رێکخراوە نیشتمانی و رۆشنبیری و هونەری یەکان و ئەدەب دۆستانی پارێزگەی هەولێر ئامادەبوون .

کاك کەریم شارەزا جێ گری سەرۆك بە ووتارێکی کورت کۆڕەکەی کردەوەو بە خێرهاتنی ئامادەبووانی کردو ئینجا کاك احمد شریف سکرتێری روشنبیری گفت و گۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیکی کاك (بورهان جاهید) کردو کاك بورهانیش بە دوورو درێژی و راست و رەوانی بەسەرهات و تاقی کردنەوەکانی خۆی لە ژیانی شاعیریدا بۆ خەڵکەکە گێرایەوە لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی شیعری هەمە جۆرو پەیوەندی یەکانی ئەدەبی لەگەڵ شاعیرانی کۆچ کردوو (صافی) و (کانی)و (صابری) و (بێخود) و (دلدار) دەربڕی لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی شیعری کە تایبەتین بەو پەیوەندی یانەوەی لە کۆتایی گفتوگۆکەدا ولە گەرمەی مناقشەو پرسیارو وەلامدا کاك محمد مەنگوڕی پێشنیازی کرد کە لە رێگای کۆکردنەوەی پیتاکەوە رووداوەکانی ئەو کۆڕە خۆشە لەشێوەی نامیلکەیێکدا چاپ بکرێ و پێشنیازەکەی پەسندکراو و نزیکە ٤٠ دیناری بۆ کۆکرایەوە لە بەشداربووانی کۆڕەکەو دەستەی بەرێوەبەریش بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە لیژنەیێکی دانا لە برایان (کەریم شارەزاو احمد شریف و یوسف احمد) بۆ ئامادەکردنی باس و گفتوگۆکە بە شێوەیێکی هونەری و چاپ کردنی لە ماوەیێکی کەمدا .

چاوەڕوانین لە دوا رۆژێکی نزیکا ئەم بەرهەمە خۆشە بگاتە دەستی خوێنەرانی بەڕێز .

دەستەی بەڕێوەبەر

سەرنجێك

لە ژمارە (١٦٠)ی هاوکاری دا.. وە لە هۆنراوەی (دەهۆڵ و نیسان) ی فاضل شەوڕۆدا.. هێندێ هەڵەی چاپەمەنی تیا بو .. راستیەکانی ئەمانەن:

لە جیاتی (سەدای مەهاباد) (سەرای مەهاباد)ە . وە لە جیاتی (لە دووری شیوین) (لە دووری شیرین)ە . وە لە جیاتی (شیێ شیێت) (شێتی شێت)ە . داوای لێبوردن لە کاك فاضل و خوێنەرانی هاوکاری ئەکەین .

بەم بۆنەیەوە تکامان وایە لە نووسەران لەمەولا و تازە شیعرو هەموو بەرهەمێکی ترمان بەخەتێکی دیارو باش بۆ بنوسن تاکو بەپێی توانا دوریان خەینەوە لە هەڵەی چاپ .

٢١ ملیون ته‌ن نه‌وت له‌رێی بانیاسی سوریاوه

كۆمپانیای كاروباری نه‌وتی عیراق له مانگی رابوردوا له‌رێی به‌نده‌ری بانیاسی سوریاوه ٢ ملیون‌و ٨٨٣ هه‌زارو ٧٢٩ ته‌ن نه‌وتی خاوی میللی كراوی بۆ ده‌ره‌وه‌ی ولات نارده‌وه ٠

كۆمپانیای ناوبراو له رۆژی میللی كردنی نه‌وته‌وه تا ئیستا له رێی به‌نده‌ری باسكراوه‌وه ٢١ ملیون و ٧٦٨ ته‌ن نه‌وتی بۆ ده‌ره‌وه ره‌وانه كردووه ٠

ئه‌مه جگه له‌و ٢ ملیون‌و ٨٢٦ هه‌زارو ٥٨١ ته‌نه‌ی كه نه له رێی به‌نده‌ری طرابلسی لوبناوه‌وه ره‌وانه كراوه ٠

ئه‌وه‌ی شایانی باسه له رۆژی (٩)ی مانگی رابوردووه‌وه له رێی به‌نده‌ری طرابلسه‌وه نه‌وت ره‌وانه ئه‌كرێت ٠

په‌یمانگایه‌ك‌و ٣ قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی له هه‌ولێر

بریاردراوه ٣ قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی له دیهاته‌كانی (الصلاحیه)و (الهویرة) و(عبله) له پاریزگای هه‌ولێر دروست بكرێن كه ٢٢ هه‌زاردیناریان تێ ئه‌چێت ٠

وه ناوچه‌ی ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ی ژوورو په‌یمانگایه‌كی بۆ زمانی كوردی له پاریزگای ناوبراوا ته‌واو كردووه كه ٢٢ هه‌زار دیناری تێ چووه ٠

هه‌روه‌ها ٢٢ مولگـای نه‌هیشتنی نه‌خوینده‌واری نه دیهاته‌كانی پاریزگاكه كراوه‌نه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ژنان‌و پیاوانی نه‌خوینده‌وار انیایانا فێری خوینده‌واری بكرێن ٠٠

٤١٦ هه‌زار ته‌ن نه‌وتی ژووروی رمیله ره‌وانه كراوه

له مانگی رابوردوا ٤١٦ هه‌زار ته‌ن نه‌وتی ژووروی رمیله له‌رێی به‌نده‌ری (فاو)ه‌وه بۆ ده‌ره‌وه‌ی ولات ره‌وانه كراوه له لایه‌كی تریشه‌وه كۆمپانیای نه‌وتی نیشتمانی له ناوچه‌ی ناوبراوا ده‌ستی به هه‌لكه‌ندی بیری ژماره (٢٢) كردووه ٠

وه كۆمپانیای ناوبراو ئیستا خه‌ریكی ئه‌وه‌یه ده‌ست به هه‌لكه‌ندنی بیری ژماره (٢٣)شی بكات ٠

ئه‌مه جگه له‌وه‌ی خه‌ریكن له‌رۆژئاوای (القرنه) شـدا شوێنی هه‌لكه‌ندنی یه‌كه‌م بیرله‌و ناوچه‌یه‌دا ده‌ست نیشان بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی له سه‌ره‌تای مانگی مایسی داهاتوا ده‌ست به هه‌لكه‌ندنی بیره‌كه بكه‌ن ٠

دیاری كردنی كاتی سه‌ردانی نه‌خوش

وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی فه‌رمانیكی بلاو كردوته‌وه ، بۆ سه‌رلیدانی كه‌سو كاری نه‌خوشه‌كان له خه‌سته‌خانه‌كانا بهم پێیه‌ی خواره‌وه‌بیت :

یه‌كه‌م : ئه‌و نه‌خوشانه‌ی به‌پاره له خه‌سته‌خانه‌كانا كه‌وتون له‌م كاتانه‌دا سه‌ریان لێ ئه‌دریت :

له زستانا له سه‌عات ٤-٦ی ئیوارانا ئه‌بیت ٠

له هاوینا له سه‌عات ٥-٧ی ئیوارانا ئه‌بیت ٠

دووه‌م : ئه‌و نه‌خوشانه‌ی به‌خورایی له خه‌سته‌خانه‌كانا كه‌وتون له‌م كاتانه سه‌ریان لێ ئه‌دریت ٠

رۆژانی یه‌كشه‌ممه‌و سێ شه‌ممه له سه‌عات ٤-٥ی ئیواران ئه‌بیت وه له رۆژانی پشوودانی ره‌سمی ٠

له‌سه‌عات ١٠-١٢ی به‌یانیان ئه‌بیت ٠

هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی بریاری ده‌ست پێوه گرتنی گشتی

بریاری ژماره (٢٧٠)ی ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆرش كه له رۆژنامه‌ی ره‌سمی بلاو كرایه‌وه له رۆژی ١-٤-١٩٧٣ وه جێبه‌جێ ئه‌كرێت ، ئه‌مه‌ش بریاره‌كه‌یه :

بریاری ژماره ٢٧٠

١ - ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆرش بریاری‌دا به هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی بریاری ژماره ٣١٦ی رۆژی ١٧-٥-٩٧٢ كه بۆ ده‌ست پێوه گرتنی گشتی دابوی ٠

٢ - ئیش به‌م بریاره ئه‌كرێت له رۆژی ١-٤-١٩٧٣ وه ٠

احمد حسن البكر
سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆرش

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆرش له دوای میللی كردنی نه‌وت بریاری ده‌ست پێوه گرتنی گشتی دابو به‌لام دوای سه‌ركه‌وتنی عیراق به‌سه‌ر كومپانیا ئیحتیكاری یه‌كانی نه‌وتا بریاری پیشوی هه‌لوه‌شانده‌وه ٠

ئالای عیراق له‌سه‌ر باره‌گای نه‌وتی موسل ئه‌شه‌كیته‌وه

رۆژی ١-٤ له ئاهه‌نگیكی جه‌ماوه‌ری فراواندا كاك سعدی عیاش عریم پاریزگاری نه‌ینه‌وا ئالای عیراقی له‌سه‌ر باره‌گای كۆمپانیای نه‌وتی موصل له ناوچه‌ی عین‌زاله به‌رز كرده‌وه ٠

هه‌لكردنی ئالای عیراق له‌سه‌ر باره‌گای كومپانیای ناوبراو نیشانه‌ی كۆتایی ده‌سه‌لاتی كۆمپانیای بێگانه‌یه به‌سه‌ر نه‌وتی ئه‌و ناوچه‌یه‌ی عیراقا ٠ وه‌هه‌روه‌ها نیشانه‌ی ده‌ست خستنه‌وه‌ی قازانجی به‌رهه‌می ولاته‌كه‌مانه ٠

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ئه‌م هه‌نگاوه له ئه‌نجامی ئه‌و بریاره گرنگه‌دا بوه كه له یه‌كه‌م رۆژی ئاداری رابوردوا له لایه‌ن حكومه‌تی عیراقه‌وه بلاو كرایه‌وه ، پاشی كوتایی هاتنی به‌و گوفتوگۆیه‌ی له نیوان حكومه‌تی عیراق‌و كومپانیا ئیحتیكاریه‌كه‌ی نه‌وتی موصل هه‌بوو ٠

گۆشـه‌ی تـه‌نـدروسـتی

- هـه‌وكردنی ریخۆڵـه كـوێره -

- دكتۆر نه‌وزاد -

● ریخۆڵه كوێره بریتی‌یه‌ له پارچه ریخۆله‌یه‌كی بچوك كه به ریخوله گه‌وره (كۆلۆن)ه‌وه به‌ستراوه‌و سه‌ره‌كه‌ی داخراوه تا ئیستا بۆ زانایـان ده‌رنه‌كه‌وتوه ئایا ئیشو كاریكی فه‌سله‌جی هه‌یه بۆ له‌شـی ئاده‌میزاد یان نه‌ ٠

● هه‌وكردنی ئه‌م ریخوله‌یه‌له‌وه‌وه په‌یدا ئه‌بێ كه ده‌مه‌كه‌ی به هۆی هه‌ندێ شـتی بێگانه‌وه دائه‌خرێت‌و ئه‌وسـا به‌كتریا كار ئه‌كاته سـه‌ردیواره‌كانی‌و هه‌و ئه‌كات‌و كیمی تێدا كۆ ئه‌بێته‌وه ٠ ورده ورده ده‌ست به رزین ئه‌كـات‌و له‌وانه‌شه بدرێته ناو بۆشایی سكه‌وه ٠

● هه‌ندێك له زانایـان به‌لایانه‌وه وایه كه ئـه‌م نه‌خۆشی‌یه به‌میرات په‌یـدا ئه‌بێ‌و هه‌ندێكی تریان ئه‌لێن به هۆی تێكچونی جـۆری خوارده‌مه‌نی‌یه‌وه په‌یدا ئه‌بێ ٠

● نیشانه‌كانی ئـه‌م نه‌خۆشی‌یه ئه‌وه‌یه له پێشـه‌وه ده‌وروپشتی ناوك دێته ژان‌و له‌دواییدا ئه‌یداته به‌شـی خواره‌وه‌ی لای راستی سك ٠ نه‌خۆش ئه‌ڕشێته‌وه‌و تـای لێ دێت‌و كه ده‌سـت به‌لای راستی سكی‌یه‌وه ئه‌نێـت ژان ئه‌كات‌و كاتێك ده‌سـتی له‌سه‌ر هه‌ل ئه‌گرێت هامدیس هه‌ر ژان ئه‌كات ٠

● چاره‌كردنی : پـاش ئه‌وه‌ی نه‌خۆشی‌یه‌كه له لایـه‌ن پزیشكه‌وه ده‌ست نیشـان ئه‌كرێت چاكترین رێگا بـۆ چاره‌كردنی به عه‌مه‌لیات ئه‌بێ ٠

له‌گه‌ڵ قوتابیانی كۆلیجی ئه‌ده‌بیاتی سلێمانی دا

ئاماده‌كردنی : ئه‌رسه‌لان بایـز

له‌سه‌ردانێكی شـاری سـلێمانی‌دا ٠٠ رێم كه‌وته كۆلێجی ئه‌ده‌بیات ٠٠ چـونكه خۆشم رێبوارێكی ئه‌ده‌ب‌و زمانی كوردیم ٠٠ بۆیه كـه باسی ئه‌ده‌ب‌و رێزمان ئه‌كرا هه‌ستم به شادی‌یه‌ك ئه‌كرد ٠٠ به‌لام ئه‌وه‌ی كـه زۆر سه‌رنجی راكێشام له‌م به‌شه‌دا ده‌رسـی فه‌لسه‌فه بوو ٠٠ قوتابیـانی كورد له به‌شی كوردی كۆلێجی ئه‌ده‌بیاتی سلێمانی‌دا فه‌لسـه‌فه ئه‌خوێنن ٠٠ هه‌موو شتێك لـه رێگای فه‌لسه‌فه‌ی ماركسیه‌وه هه‌لئه‌سه‌نگێنن ٠٠ باس لـه (سروشت‌و وه‌عی) ئه‌كه‌ن ٠٠

جبار مصطفى

نرمین خلیل

انور شاكه‌لی

گلستان محمد

كامیان لـه پێش ئه‌ویتره ٠٠ به‌لام به‌تێكرایی له‌سه‌ر ئـه‌وه رێكه‌وتون كه فه‌لسه‌فه‌ی ماددی دیالكتیكی تاكه چه‌كی خه‌باتی شۆرشگێرانی جیهانه ٠٠ دژ به فه‌لسه‌فه‌ی میثالی كه پاریزگاری كۆنه‌په‌رستی ئه‌كات ، هه‌روه‌ها شتێكی تر كـه سه‌رنجی راكێشام ئاماده‌یی كچه‌كان بوو بـۆ وه‌لامدانه‌وه‌ی چـه‌ند پرسـیارێك‌و بلاوكردنه‌وه‌ی وه‌لامه‌كانیان لـه رۆژنامه‌ی هاوكاری‌دا ٠٠

ئیره‌دا به هه‌موو سـه‌ربه‌ستێكه‌وه ئه‌لێـم راده‌ی رۆشنبیری‌ی قوتابیانی به‌شی كوردی ئه‌ده‌بیـاتی سلیمانی به‌رزه‌تره له راده‌ی رۆشـنبیری قوتابیانی به‌شی كوردی به‌غدا ٠ هه‌روه‌ها كچه‌كانیان زیـاتر ئاماده‌یی خۆیان ده‌رده‌بڕن بـۆ چاره سه‌ركردنی هه‌مـوو گیروگرفتێك كه دێتـه به‌رده‌م به‌شه‌كه‌یان ٠٠ كه‌چی ئـه‌م سیفه‌ته لـه كچه‌كانی به‌شی كوردی به‌غدادا به‌دی ناكرێت ٠٠

ئیتر ئێوه‌و پرسیارو وه‌لامه‌كانی قوتابیانی ئه‌ده‌بیـاتی سلیمانی ٠

پ : ده‌وری ئافره‌تانی كوردستانت چۆن دێته به‌رچاو ؟

و : خوشكه (نه‌رمین خه‌لیل) وتی : بێ‌گومـان ئافره‌تانی كوردستان به‌شێكی كۆمـه‌ڵی كورده‌واریمانن ٠٠ ئه‌وانیـش وه‌كو نیوه‌كه‌ی تر لـه رووی چینـایه‌تی‌و نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌وه چه‌وساوه‌ن ٠٠ سـه‌رباری ئه‌مانه‌ش مافی ته‌بیعی خۆیان له‌لایه‌ن پیاوانی ئه‌م كۆمه‌لـه خۆی زه‌وت كراوه ٠٠ له‌گـه‌ل ته‌مه‌ش‌دا ده‌سته‌وسان نه‌وه‌ستاون به‌لكو هه‌ر له كۆنه‌وه تا ئێستا به‌شداری خه‌باتیان كردووه ٠٠ نموونه‌ی ئه‌م به‌شدار بو نه‌ش له (كچه‌نه‌غـه‌ده‌یی و قه‌ده‌م خێرو ، خانزاد ئه‌خته‌رو و ٠٠ هتـــد) ره‌نگ‌ده‌داته‌وه ٠٠ رۆژبه‌رۆژ له‌گـه‌ل ره‌وره‌وه‌ی مێژوودا ئه‌رۆن‌و به‌ربه‌ره‌كانێی نه‌ریتـه كۆنه‌په‌رستیه‌كانی كۆمه‌ل ئه‌كه‌ن ٠٠ هه‌ر بۆیه‌ش له ریزی رێكخراوه سـیاسی‌و جه‌ماهیریه‌كان خه‌بات ئه‌كـه‌ن واته شان‌به‌شانی پیاو درێغیان لـه خه‌بات نه‌كردوه به‌لام داخه‌كه‌م تا ئێستا نه‌یانتوانیـوه له خه‌باتی چه‌كداردا وه‌كـو ئافره‌تانی چـین‌و ڤێتنـام‌و فه‌له‌ستین به‌شـداری بكه‌ن ٠ به‌لام به‌ئاواته‌وه‌و له دوارۆژێكی نزیك‌دا چه‌ك به‌شانه‌وه پاریز- گاری ولات بـكه‌ن چـونكه هه‌روه‌كو ده‌ڵێن : مافی له‌گـه‌ل ئاوازی لوولـه‌ی تفه‌نگ‌دا ده‌رئه‌چێت ٠

پ : ئه‌ركی سه‌رشـانی قوتابی چی‌یه لـه دامه‌زراندنی كۆمه‌لگایه‌كی كورده‌واری پێش- كه‌وتوودا ؟

و : كاك (هیوا عبدالغفور) وتـی : روانینێكی زانسـتی به‌سـه‌ر كۆمه‌لگای كورده‌وا- ریمـاندا ٠٠ تاقه رێـگای به‌دی كردنی واقعـی میللـه‌ته كه‌مانـه ، بۆ ده‌ست‌نیشـان كردنی چه‌وسانه‌وه‌ی نه‌ته‌وا- یه‌تی‌و چینایه‌تی ٠٠بۆیه ده‌وری قوتابی پێشكه‌وتوخواز كـه ئه‌ركی سه‌رشانی خزمه‌ت كردنی جه‌ماوه‌ره ٠٠ ئه‌ڵێم قوتـابی پردێكه بۆ گه‌یاندنی بیروباوه‌ڕی چینایه‌تی پێش كه‌وتووخواز به جه‌ماوه‌ری چینه چه‌وساوه‌كان ٠٠ چـونكه بیر لـه پێشه‌كی‌دا هێزێكی مه‌عنه‌وی‌یه ، به‌لام هه‌ر كاتێك جه‌ماوه‌ر تێ‌گه‌یشت‌و دانی پێ‌دانا ئه‌وكاته ئه‌بێتـه هێزێكی (مادی) گه‌وره كـه توانای گۆڕینی روخسـارو ناوه‌رۆكی كۆمه‌ڵی ئه‌بێـت ٠٠ واته قوتابی ده‌وڕێكی گـرنگ ئه‌بینێت له تیژكردنی ناكۆكی نیوان چینه‌كان ئه‌وێش هاندان‌و رێكخستنی جه‌ماوه‌ره له پارتێكی شۆرشگێردا به‌سه‌ر كردایـه‌تی چینـی ره‌ش‌و رووتی ئـه‌و كۆمه‌له ٠٠ به‌نیازی دوارۆژێكی یه‌كسانی دوور له چه‌وسانه‌وه‌و سته‌مكاری چینایه‌تی‌و نه‌ته‌وا- یه‌تی ٠٠

پ : وه‌كو ئه‌لێن تاكه كۆلێج له زانستگای سـلێمانی دا كۆلیجی ئه‌ده‌بیاته كه كچه‌كانی عـه‌با ئه‌ده‌ن به‌سه‌ریانا ٠٠٠ بۆچی ؟

و : خوشكه (شه‌ونم عه‌زیز) له وه‌لام دا وتی : له پێشه‌كی‌دا ئه‌لێم عه‌با هی كورد نی‌یه ٠٠ وه ئێمه‌ش به ئاره‌زوو به‌كاری ناهێنین ٠٠ به‌لكو ده‌سـتێك هه‌یه عه‌با ئه‌دا به‌سه‌رمانا ٠٠! زوربه‌ی كۆمه‌له‌كه‌مان عه‌با بـه ره‌مزێكی باش ئه‌زانن ٠٠ به‌لام من ئه‌لێم ٠٠ خووره‌وشت بـه عه‌با چـاكناكرێت ٠٠ عه‌با هیـچ عه‌یبێـك ناشارێته‌وه ٠٠ بێ‌گومان ئێمه‌ش (كچ زیاتر) مل كه‌چی فه‌رمانی دایك‌و باوكمانین ٠٠ سه‌رپێچی له ئامـۆژ- گاریان به‌شوره‌یی‌یه‌كی گـه‌وره ئه‌ژمێردرێت ٠٠ جگه له نه‌رێتی كۆنی ئاینه‌كه‌شمان كه بـه شه‌ده‌ماری خۆمانی ئه‌زانین ٠٠ له‌به‌رئه‌وه ئه‌و شوێنانه‌ی كـه په‌یوه‌ندی ئاینیان تیادا به‌تینـه زیاتر خۆیان دائه‌پۆشن ٠٠

وه‌كۆلیجـی ئه‌ده‌بیـاته‌كه‌ی ئێمه‌ش ته‌نیـا به‌شی كوردی تیایه ٠٠ له‌به‌رئه‌وه كـچ‌و كوره‌كانی كوردن ٠٠ كوردیش وه‌ك تۆوێ كه ده‌ستی گه‌ردوون له سێبه‌را روانیبێتی هێشـتا گیانی سره ٠٠ له كۆتایی‌دا پر به‌ده‌م ئه‌لێم‌و ئه‌یلێمه‌وه كـوڕه لاوه‌كانمان دیلن‌و ناتوانن پـڕ به‌ده‌م هاوار بكه‌ن تاكـو ئیمـه‌ش كۆتی دیلیـه‌تی فڕێ بده‌ین ٠٠ ئیتر تا ئـه‌و رۆژه رووناكه با ده‌ست له‌ناو ده‌ستدا خه‌بات بكه‌ین ٠

پ : خوێنـدنی ده‌رسی فه‌لسه‌فه تاچ راده‌یه‌ك سوود به واقعی كوردستان ئه‌گه‌یه‌نێت ؟

و : كاك (سه‌لام عبدالرحمن) وتی : فه‌لسه‌فه دیراسه‌ی ئه‌و یاسایانه ئه‌كات كه هه‌مـوو نیشـانه‌كانی سروشـت ئه‌گرێته‌وه‌و مـل كه‌چن بۆی به‌گوێره‌ی ئه‌و یاسایانه هه‌موو شتیك له سروشتا ئه‌گۆڕێ ٠٠ واته ئه‌توانین بلێین فه‌لسـه‌فه ئه‌و زانسته‌یه كه دیراسـه‌ی سروشت‌و كۆمه‌ڵ‌و فیكـر ئه‌كات ٠٠ به‌م پێیه هیچ گومان نامێنێت كه خوێندنی ئه‌بێتـه هـۆی پێشكه‌وتنی بیروباوه‌ڕی قوتابی‌یه‌كان‌و زیـاتر شاره‌زایی په‌یداكردن لـه په‌یوه‌ندیه‌كانی ناو كۆمه‌ل‌دا ٠٠ ئه‌مه‌ش ئه‌بێته هۆی پێ‌گه‌یاندنی ده‌سـته‌یه‌كی باش كه بتوانن سوود بـه میلله‌ته‌كه‌یان بگه‌یه‌نن‌و پاشه- رۆژێكی زێرینی دوور له هه‌موو جـۆره چه‌وسـانه‌وه‌یه‌ك بنه‌خشێنن ٠

پ : باری تێكه‌لاوی كـچ‌و كوڕت چۆن دێته به‌رچاو ٠٠؟

و : خوشكه (ئاواز حه‌مـه عه‌لی) وتی : خۆم به به‌ختیـار ئه‌زانم كه ده‌رباره‌ی تێكه‌لاوی كچ‌و كوڕ بـه سه‌ربه‌ستی رای خۆم ده‌ربڕم‌و بڵێم ٠٠ قوتابیان به‌شێكی كاریگه‌ری رۆشنبیرانی میلله‌ته كه‌مانن بۆیه پێویسـته كچ‌و كوڕ ده‌ست له‌ناو ده‌ستدا هه‌ولی داماڵینی ئـه‌و هـه‌وره چڵكنه بده‌ن كـه به‌سه‌رمانا سه‌پاوه ٠٠ خۆ بێ‌كه‌س ده‌مێك له پێش ئێستاوه هه‌ستی بـه‌م دواكه‌وتنه كردووه بۆیـه وتویه‌تی :

نێرو مێ هه‌ردوو به جووتـه بۆ وه‌ته‌ن هه‌وڵێ نه‌ده‌ن دووره ده‌رچوونی له دیلی مه‌ل به‌باڵێ نافڕێ بێ‌گومان دانیشـگاش كۆمه‌لگایه‌كی بچووكه‌و پێویستی به تێكه‌لاوی هه‌ر دوو جنسه‌كه هه‌یه بۆ گه‌یشتنه راستی ئه‌و گیروگرفتانه‌ی كـه تووشی كۆمه‌ڵـگای كورده‌واریمان بووه ٠٠ واته ئه‌بێ ئێمه پێش قه‌ره‌وری چاره‌سـه‌ركردنی ده‌رده‌كانی كۆمه‌ڵ بین ٠٠ به‌لام داخه‌كه‌م تائێستاش گه‌لێ لـه كچه‌كانمان هه‌ست به‌م شـته گرنگه ناكه‌ن‌و خـۆیان دووره‌و په‌رێز گرتووه ٠٠ بۆیه بـه ئاواته‌وه‌م ئه‌م دووره‌و په‌رێزی‌یه

شه‌ونم عزیز

هیوا عبدالغفور

ئاواز حمه علی

سه‌لام عبدالرحمن

بروانه : ل «٧»

بریۆنه‌ی رۆژی ته‌ندروستی جیهانی یه‌وه

عبدالله به‌رزنجی

ولاتانی جهان تێكرا هه‌موو ساڵێك یادی بیره‌وه‌ری رۆژی ٧ی نیسان ئه‌كه‌نه‌وه كه رۆژی دامه‌زراندنی ته‌ندروسـتی جهانی‌یه ٠

هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌و بنچینه‌یه‌ش ده‌زگا ته‌ندروستی‌یه نیشتمانی- یه‌كانی جهانی ئاهه‌نگ‌و به‌زم‌وسه‌یران ئه‌گێڕن‌و په‌یمانی خۆیان نوێ ئه‌كه‌نه‌وه كه دریغی نه‌كه‌ن له رێگای پاراستنی ته‌ندروسـتی مروڤدا ، به‌بێ جیاوازی له‌نیوان ره‌ش‌و سپی‌و ولاتانی پێشـكه‌وتوو دواكه‌وتوودا ٠٠٠ بویه‌شه ئه‌و- ده‌وله‌تانه‌ی كه به‌شدارن له‌م لیژنه‌یه (هیئه)ه هه‌موو ساڵێك پلان دائه‌نێن بۆ ئالو گوركردن‌و خوێنـدنی پزیشـكیتی‌و لێكۆلینـه‌وه له گیروگرفتی ته‌ندروستی‌و یارمـه‌تی دانی یه‌كتر چ به‌پاره یا به‌پزیشك بو چاره‌سه‌ر كردنی نه‌خوش‌و ده‌ردو به‌لا بۆیه ولاتان‌و گه‌لانی جیهانی له‌زۆر نه‌خوشی سامناك ئه‌پارێزرێن وه‌ك سیل‌و شێرپه‌نجه (سرطان)و رشانه‌وه‌و ئاوله‌و ٠٠٠

چینی زه‌حمه‌ت كێشـان له جهاندا به‌تایبه‌تی كریكاران له‌سالانی پێشودا لـه‌ولاتانی سه‌رمایه‌داری‌و نیمچه سه‌رمایه داری‌دا جۆره بایه‌خیكیـان پێ نه‌ئه‌دراو له‌كارگه‌كانـدا كاریان ئه‌كرد بێ ئه‌وه‌ی پیلانێكیان بۆدابنێن كـه بیان پارێزن لـه دووكه‌لو تۆزو خۆل‌و هـه‌مێ كارگه‌و ٠٠٠٠ هه‌تاو بویه‌شـه زوربه‌یان تووشی نه‌خوشی سامناك ئه‌بون ٠ به‌لام ئیستا به‌هۆی لیژنه‌ی ته‌ندروستی جهـانی هاری‌كاری له‌گـه‌ل ریكخراوی كاری ده‌وله‌تانا ئه‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی كریكاران بپارێزن‌و یاسایه‌ك بۆ كارگه‌كان دابنێن‌و ٠٠٠ هـه‌رله‌به‌ر ئه‌وه‌شه ئه‌بینین ئه‌ندازیارو پسپۆره‌كان له‌كـاتی دانانی پرۆژه‌ی كارگه‌یه‌كـدا بیر لـه ته‌ندروستی كریكاران ئه‌كه‌نه‌وه‌وهه‌ول ئه‌ده‌ن به‌شیوه‌یه‌ك كارگه دروست بكه‌ن كه ته‌ندروستی كریكارانی تیـا بپارێزرێت ٠

ئیستاش له‌بیره‌وه‌ری ته‌ندروستی جیهانی ئه‌مسالمانا كه‌ولاته‌كه‌مان شان به‌شانی ده‌وله‌تانی جیهانی به‌شدار بووه هیوای ئه‌وه لـه وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی ئه‌كرێ كه پتر بایه‌خ به دامه‌زراندنی نه‌خۆشخانه له كوردستانا بدا ئه‌وه زیاتر خه‌ریـكی پاراستن‌و چاره‌كـردنی جوتیاران‌ورنجبه‌رانی كوردستان بێت ، نه‌خوشخانه گشتی‌یه‌كان زیاتر بكات‌و چاره‌سه‌ری گیروگرفته- كانی بكات‌و نه‌خوشخانه‌ی تـرداب‌مه‌زرێنێت‌و هه‌موو هۆیـه‌كی پاراستنی چینه ره‌نجبه‌ره‌كانی‌ولات بهێنێته كایه‌وه ، تاكـو به‌ته‌ندروستی‌یه‌كی چاكه‌وه كار بكه‌ن‌و به‌رهه‌میان زیاتر بێت‌و له‌خێرو خۆشی به‌شه‌كانی تری گه‌له‌كه‌ماندا به‌شـدار بن ، هه‌روه‌ها چاوه‌روان ئه‌كرێت كه‌به گشتی وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی له‌مه‌یانی خزمـه‌ت گوزاری گه‌له‌كه‌ماندا زیاتر به‌ره‌وپێش بروات ٠

ئه‌م هه‌فته‌یه له مێژوودا

نه‌ریمان

له رۆژی (١٨)ی نه‌ورۆزی (كوردی) رێكـه‌وتی (٧)ی نیسانی سالی :

١٩١٨ - له‌شكری به‌ریتانیا به‌سـه‌رۆكایه‌تی جه‌نـه‌رال (مارشال) كه‌ركوكی داگیر كرد ٠

١٩٤٧ - دامه‌زراندنی پارتی (به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیستی)

١٩٤٧ - دام‌و ده‌زگای شای به‌كـرێ‌گیراو چوار كوردی نیشتمان‌په‌روه‌ری له‌مه‌هاباد‌و ١٠ شی له بۆكان له‌سێداره‌دا ٠

١٩٥٩ - گرۆزبا كـه كه‌شتیه‌كی سۆڤیاتی بوو لـه سوێسه‌وه به‌ره‌و عیراق ئه‌هات كـه ٨٨٥ كوردی به‌رزانی ئاواره‌ی تیادابوو ٠

١٩٥٩ - پارتی دیموكراتی كوردستان له به‌غداد ژماره‌ی یه‌كه‌می رۆژنامه‌ی (خه‌بات)ی بلاوكرده‌وه‌و سه‌رۆك نووسه‌ری مامۆستا ئیبراهیم ئه‌حمه‌د بوو ٠

١٩٦١ - كۆتایی هێنـانی شه‌ڕی ناوخۆیی ئه‌ندونیسیا به ته‌سلیم بوونی (٢٥) هـه‌زار چه‌كداری شۆرشگێر ، ئـه‌و شه‌ڕه ده سالی خایاندبوو ٠

١٩٧٢ - مامۆستا سـه‌دام حوسه‌ین‌و سـه‌رۆك كۆسیجین سه‌رپه‌رشتی ئاهه‌نگی ده‌ست- خستن‌و كردنه‌وه‌ی نه‌وتـی (رمێله)یان كرد ٠

- رۆژی ته‌ندرۆستی جیهانی

رۆژی (١٩) ی نـه‌ورۆزی كوردی - رێكه‌وتی ٨ی نیسانی سالی :

١٨٩٦ - ده‌وره‌ی یه‌كـه‌می یاری ئۆلۆمبی (ئۆلۆمبیاد) له شاری (ئاتن) له یۆنان ده‌ست پێ كرا ٠

بروانه ل : -٧-

وه‌رزش

یاری بۆكسینا دۆراوه ٠ له‌م راده‌یه‌ك ناتوانی قسه‌ش بكات ٠ وێنه‌یه‌دا كلای ئه‌بینـرێ به‌م جۆره‌ش كلای بـۆ دووه‌م جار له‌ماوه‌ی ١٣ سالی ته‌مه‌نی له‌نه‌خوشخانه كه‌وتوه ٠

وێنه‌یه‌ك له‌یاریه‌كه‌ی نیوان عیراق‌و ئۆستراالیبیا ، لـه‌م وێنه‌یه‌دا (صباح حاتم) دیاره‌كه تۆپه‌كـه له‌به‌رپێی یاری كه‌رێكی ئوستراالیـایی‌دا ده‌ر ئه‌هێنێ ٠

ده‌ریاوانێكی زنجی كاكیـله‌ی كلای ئه‌شكێنێ

له‌و گره‌وه بۆكسـێنه‌ی هه‌فته‌ی رابوردوتر له‌نێـوان پاڵه‌وانی زنجی (كین نورتن)و (محمد علی كلای)دا كـرا ئه‌نجامه‌كه‌ی شكاندنی كاكیله‌ی كلای بو به مسته‌كۆله‌یه‌كـی به‌هێز له‌لایه‌ن (نورتن)ی ده‌ریا- وانه‌وه ٠ وه له‌و رۆژه‌وه كلای له نه‌خۆشخانه كه‌وتوه‌و هه‌تا

زمانێ کوردی

صادق بهاءالدین

دەنگدار (کونسونانت) وەدەنگدێد (ڤاولس) هەکو دگەهنەئێك چ کەر (برگە)یان ژی بێژە ژێ چێدبن • زمانزان لدوی دەنگدێرێت تێدا نەماەدکەریدا لسەر دو جوینا پارڤەدکەن :

١ ـ کەرێت سەرڤەکری

: ئەوکەرن یێت کو دویماهی یا وان بتیپەکا دەنگدێدێر بێت وەك : با • ڕی • تو • تی • ڕوی • بۆ • پالە • ئۆدە • چوی • کانی • گارە • گدانی • شفافی ئازا • زانا • هـ • د •

٢ ـ کەرێت مەرگرتی:

: ئەون یێت کو دویماهی یا گوتنێ تیپەکا دەنگدار بیت وەك : ئژ • دز • مال • جان • پار • پشت • دەست • سەرکار • پەرتال • ساندن • هـ • د•

جهێ درستبوینیادەنگدیران و زارکرنا وان :

١ ـ بلایێ گشکیڤە دەنکدار (کونسونانت) ژحلویساندنا ئورگانێت ئاخفتنێ (پەیڤتنێ)، ئان ژی ژکەلشتەکا دەڤێ مرۆڤان ، ژهشکی و نەرمیاحلویسونیا ئورگانێت ئاخفتنێ کولێڤ • ئەزمان • ددان • ئەرزێنك (خدك) ، کەروی ئو پەخکا دەڤی ، ژفرەهبوین وتەنگبوینیا گەلشتەکا دەڤی ژفرەهبوین و تەنگبونییا گەلشتەکا دەڤی دەنگدار (کونسونات) پەیدا دبن[1]ژبو روهنکرن و سڤك کرنێ ، زمانزان دەنگداران دکەنەسێ جوین •

١ ـ دەنگدارێت ژحلویسادنائورگانێت ئاخفتنێ پەیدادبن •

٣ ـ دەنگدارێت ژحلویسانەکانەرم و لسەرخو ئو نیف فەبونێ چێدبن •

١ ـ دەنگێت ژحلویساندنێ پەیداتبن :

دەنگێت ژحلویساندنا هشك پەیدادبن

ئەڤەنە هەمی ژحلویساندنێ چێدبن ، بەلێ ئەوێت دو دەنگ فونێمەکن ، ئانکو (پ)فونێمەکە دو دەنگن ئێك وەکی (پ) دهەمی زمانێت هندوئوروپیدا ، دەنگەکێ ستویرتژی • هەر وەکی وێ (ت)فونێمەکە ، دو دەنگن ، یا دووێ ستویر ترە ، (ك) ژیدیسا فونێمەك ئو دو دەنگن ، هەر وەسا (چ) •

٢ ـ دەنگێت ژناف کەلشتەکادەڤیرا پەیدادبن ، ئەو دەنگن

٣ ـ دەنگێت ژحلویسوینانەرم نیف دەنگینی پەیدا دبن : ئەون یێت کو ژحلویسویەکانەرما ئورگانێت ئاخفتنێ (پەیڤتنێ) پەیدادبن • ئەودەنگ ئەڤەنە : م ، ل[7] ، ن • ژێك جوداکرنا دەنگداران لدوی جهێ دەنگ ژێ دەرکەفتنێ ، ئانکو ئورگانێت ئاخفتنێ (پەیڤتنێ) :

١ ـ دەنگێت لێڤان •
٢ ـ دەنگێت ددانان •
٣ ـ دەنگێت لێڤان و ددانان
٤ ـ دەنگێت پێشیا (بەرێ) ددانان •
٥ ـ دەنگێت پاشیا ئەزمانی
٦ ـ دەنگێت نیڤا پشتا ئەزمانی •
٧ ـ دەنگێت کەروێ •
٨ ـ دەنگێت ئەرزینکێ (خدکێ) •
٩ ـ دەنگێت پشت ددانان یێت گران[8] •

١ ـ دەنگێت لێڤان •

دەنگێت لێڤان ژدەنگدارێت حلویساندنێیە یێت کو هاتن و چونا بای ددەڤی ـ ئو گەروێ، ئو سهێ بدرستی تێتە گرتن کو لێڤ بدرستی نەمازە ددەنگێ (ب) و (پ)دا دگەهنە ئێك بگڤاشتنڤە ژبەر هندێ بچو ڕەنگا یا نالڤت • بەلێ ددەنگی (م)دا لێڤ دکەڤنە سەرێك بەلێ نەبوێ گڤاشتنێ • دەنگی (و) ژی کو دەنگدارە ژحلویسانەکا نەرم یا لێڤانە • وەك :

١ ـ (ب) : با ، برا ، درب ، بار ، بەرمالك ، برن •
٢ ـ (پ) : پار ، پێر ، پر ، پۆر ، پێڤاز ، پیڤان پارزوین ، چەپ ، لەپ •
٣ ـ (پ) : کو دگەل (پ)یا ژرێڤە یەك فونێمە ، بەلێ دەنگێ وێ بۆرترە[9] : وەك پیر پارە ، پاخل ، پۆر هـ•د•
٤ ـ (م) : میر ، زمان ، دەرمان ، کوم ، روم ، رم •
٥ ـ (٥) : وی ، ویران ، باوی ، خەو ، لاو ، وەرلسی وەرز ، وەتوف ، وەشاندن هـ•د• ئەڤ دەنگە دزارێ کرمانجیدا هەیە ، بەلێ گەلەك ژزارێ سورانی کێمترە • کو هژمارەکا مەزن یاڤی دەنگی دزایێ سۆرانیدا ، یان (ڤ)یە دزارێ کرمانجیدا وەکو : شەڤ ـ شەو ناڤ ـ ناو ، هەڤ ـ هاو ، ڤان ـ وان ، شڤان ـ شوان ، گاڤان ـ گاوان هـ•د•

(١) قەناتێ کوردو• گرامانیکا زمانێ کوردی بۆنا دەرسخانێت (٥ـ٨)ێ یەریڤان (١٩٦٠) •

ئەون یێت کو هەرژحلویساندنا ئورگانێت ئاخفتنێ پەیدادبن کو ئەڤەنە : (ب ، پ[2] ، د ، ت[3] ، ك[4] ، چ[5] •

(٢) دو دەنگێت (پ) دزارێ کرمانجیدا هەنە (پاتك ، پاحل)
(٣) دو دەنگێت (ت) دزارێ کرمانجیدا هەنە (تڤر ـ ترش)
(٤) دودەنگێت (ك) دزارێ کرمانجیدا هەنە (کەر ـ کەر) •
(٥) دو دەنگێت (چ) دزارێ کرمانجیدا هەیە (چاڤ ـ چار)

یێت کو ژکشتەکا دەڤی ئو ئورگانێت ئاخفتنێ پەیدادبن کو ئەڤەنە : س[6] ، ش ، ف ، ڤ ، ز ، ژ ، ی ، خ • غ • و • هـ • ح •

(٦) ئەڤە فونێمەکە بەلێ دو دەنگن ، دەنگێ سەر بدەکی سادا عەرەبیڤەیە : (سەر ـ سەد) •
(٧) ئەڤەژی فونێمەکە بەلێ دو دەنگن نەمازە بزارێ سولەیمانیێ •

تیپێت دەنگدار یانژی دەنگێت دەنگداران یێت کو بئورگانێت ئاخفتنێ تێنە زارکرن لسەر ڤان جوینێت ژێری پارڤەدبن :

(٨) ق• کوردو • کرامەتیکا زمانێ کوردی ، سەروکانییا بەرێ •
(٩) ئەڤ دو دەنگییا فونێمەکێ نەکو دهەمی زارێت کوردیدا هەیە بەلێ خوجهی یە پێترین جاز ، ژبەر هندێ نەمر جەلادەت بەدرخان راستکو بو کو گوه نەددا ڤێ جودایا هەنێ •

دویماهی هەیە

خەون

جار جارا خەونێد گران دبینم بەلێ هۆل من ناکەن ژ نەوێڤە حەژێ نەکەم ••

ئەز حەز دکەم خەونا ببینم••• بچمە سەر جهێ خۆ رازێم بێ لڤینو بهاندانا هێزەکە سەیر بکەڤمە دنیایەکا دی ، ئانکو خەونا ببینم •••

ل زاروکیا خو قەت بێ نەد گەهشتم بۆچی مرۆڤێد مەزن گوهـ نادەنە خەونا و پووتێ بێ ناکەنو نەڤێن بێنە بیرا خو ••

ئەڤ چەندە من حەیرانو سەرسام دکەتچو سەرەدەرێ ژ وان کەسان ناکەم ئێ دبێژن هەتا نۆکە مە چوو جارا خەون نە دیتینەو پووتێ ژێ پێ ناکەن ••• مەسەلا وان ، ژ وێ چەندێ سەیرترە چنو هەنا نهۆ ئەم هێشتا لسەرخۆ نەگەریانیەو نەچوینە دەرڤە •• گەلەك ژ خەلکێ یان هەر بکێماسی پارا بتر ژ خەلکێ رۆژ ئاڤایا ئەووروپا خەونا بپشکەکا ژیانا خۆ دهژمێرن بگرە هەتا دبێژن خەون رەوشتو تیتالەکێ نەی تازەیە وەك بێهنژینێ (پژمینێ) یان ئیسك کرنێ •• قەت دڤێ چەندێ ناگەهم ! هەر چەندە خەوێد من نەد هۆسانە کو ژ وەختێ هوشیار بوونا من فەرتر بن چونکە بەر هندێ ناکەڤن بەلێ بۆ من بەهایەکێ تایبەتێ خۆ هەیە ، هەر بکێماسی وەکی دزو تشتێد زێدە ژ دنیایێ بۆ مرۆڤی بێن ، هەر هۆسا بۆ گاڤەکە کورت مرۆڤ دکەتە خۆشیێدا • راستە هندك جارا مرۆڤ دکەڤتە دتەنگاڤێ یا وادا کو دبێژت چوو جارا ژێ دەرناکەڤت ••• بەلێ یا ژ هنەك ئالیاڤە خەون دباشن مرۆڤ مرییا دبینت دئاخڤنو دکەنن یان هنەك سەرهانێد ژ مێژووەرە ڕوودایێن مرۆڤ دبینتو دبێژت کو نهۆ یێد چێبووین•• یان وەکی مستەر (دونێ) گوتییە مە (تشتێد هێشتا ڕوو نەدایێن دبینین••) •

دخەونادا مرۆڤ دکەڤتە هنەك تەنگاڤیێد ئێکجار نەخۆشدا جارنا دکەیو ناکەی نەشێی چانتێ خۆ دائێخی یان دڤێی بگەهیە ڤیتاری (شەمەندەفەرێ) دێ نێزیك بیو برێ دکەڤت ••• یان مرۆڤ وەك دورەندەو تەشاتا لێدتێت ، دنشکێدا دوو مرۆڤ دبنە ئێك یان مرۆڤەك دبتە درو یان دبینی دەحلەکا بوش وا لەرامبەری سەرشۆیێ ، یان ئۆدا خوارنێ وا بوویە هۆلا شانۆیێ••• جارنا مرۆڤ وەها دترسێو دلەرزێت یان بێ ماقت دبێت کو چوو جارا ل هوشیار بوونا مرۆڤی هۆ ل مرۆڤی ناهێت بەلێ دخەونادا کنارێد باشیێ وێد هەین ، هنەك جارا مرۆڤ دکەڤتە خوشیێو رابوردنێدا بەلێ جتۆف خوشیا ئەوانێد قەت بیر لێ ناهێتە کرن •••

خەون دباش بن یان خراب ، تەنگاڤی بن یان کەیفو خۆشی لایەکێ دێ ژیانێیە •••

هەر ئەڤە خەونن ! هەر بۆ ڤێ چەندێیە ؟ دێ هەر هەبنو تو هەر دێ بینی •••

(بیدۆس) دپرسێت : هەکە خەون ژ فرۆتنێرا هەبانە دێ تە چەند کڕیبانە ؟

نەشێم بێژم بەلێ های ژ من وەرە هند دێ من کڕیبانە کو بمن چێنەنا ••• بەلێ هنەك دبێژن هەکە یێد فرتنێ هەبانە هەکە قروشەك دکورکێد ! هەبا ئەوژی لێ ددا !!

نڤیسینا : پریسنلی
وەرگێرانا : خدرێ سلێمان
ژ کتێبا نیو ئینتەرمیدیەت

★ ★ ★

کورێ جوانەمەرگی

جەمیل محسن
ـ میسل ـ

چێژن هات ، خەلکێ خو گوهریو بدلشادیو کەنی خو بەرهەڤ دکر ، ئەم ژی رویسو پێخاسین چو دناڤمەدا نینە ، ئەو کەسێن هەرگاڤ ل مالا مە باخڤن خو چێژنانژی رێکا مالا مە ناگرن •

شەرەنیخا وانە لسەر پاراو خانیاو ئوتومبێلا ، مالا مە ژی ژ بەر دلوپا جهـ نینە سەرێ خو بدەینە بەرو بنڤین ، ئەوان ژی خانیێن کەس نە دبینی یێن ئاڤا کرین ، هەمی دەما ئوتومبێلا خو بکەت ، خو ئەم لبەر مرنێ ژی بین •

خزمەتکاری ژی بدەست مە ناکەڤیتو ئەوێن چونەو ژهەژینە یێن بوینە کارێ بەدەستو فەرمانبەرو بنافێ مە دئاخڤنو •••؟ بەلێ وەلی مە دبینن پشتا خو ددەنە مە •

سەرڤێرا ، سەرفێ ژارو ژوێرییێرا ، هندی دچینە لایێ سوزکەرێت ـ متعهد ـ نوی ئەوێن بچەنکا پارە کوم کرینو ژ ملەتێ خو •••• کو مە دناڤ کارەکی راکەن ، نانو زك ••• کەس خو دمە ناگەهینیت !!

ئەو بێمارستانو خویندنگەهێن لکوردستانێ وان ئاڤا کرین هەمی یێن دەرزینو پەڤێن تێ بوینو کەس نزانیت دێ کەنگی بسەرێك‌دا هەرفن ••• ئەڤانا یا خو ژ خودێ ژێ کری، جونکو هەر ناهێتە بیرا وان ـ زەکاتا ـ خوژی بدەن ، ئاشکرایە یێ خو ژملەتێ خو بکەت ، مروڤێ رێکا خودێ ژێ نابیت •

پێ نە ڤێت پتر لڤێ برینێ بکولم ، بەلێ گەلە جارا دهێتە سەرێ من بێژمە بابێ خویێ (شهید) : باب خودێ ژتە رازی نە بیت کارێ تە کری ، تە ئەم بەردانینە کولانا بێخودان روژێت خەلکێ کەیفو سەیرانو یێن مە گریو شینی !!

نە دویرە وەکی ئەم ڤان ئاخفتنا دکەین هندەك برادەرێن ئەمەکدارو دلسوژ گازندا ژمە بکەن ، بەلێ پا یا دایە بنێ گوهێ مە ، جەرگێ مەیێ سۆتی ، دلێ مەیێ کوزری ، جانێ مەیێ پر برینو ئاخو زێمارە ، ژ بەر کو ئەز دزانم ئەڤا هندەك دخونو ئەم ژێ دبێ بەهرین•• خوینا بابێ منە ••• خوینا بابێ منە ••• خوینا هزاران بابێن مینا بابێ منە •

لەوما ••• هەڤالینە ••• لەوما گلو گازندا ژمە نەکەن ، پرسیارەکی ، ڤەکولینەکێ ••• لسەحوسوێ ژیانا پر کولو برینو برسیو رویسیا مەو یێن وەکی مە بکەن •••

ئەوێ ژ بو ملەتێ گیانێ خو بەخت دکەتو خو کوری ملەتی دکەت ، دڤێ بکێماسیڤە بچونەییڤە مالێ بچویكو فامیلیا وی ژینەکا دویر ژ ترسا برسو رویسیو پێدڤیاتیو دەست درێژ کرنێ بژین •

ئەگەر ئەڤە نە بیت جارەکادیو •••• کەس خو ژبو هندێ نا دەتە کوشتن دا مستەکا هەلبازو ئەڤێن لسەر دەهـ وەریسا دلەیزن ، ببنە کاربەدەستو مقاولو متعهدو وەکی گورگێن دەڤ بخوین بەربنە کرتو سامانو پارێ ملەتیو ڤەرویجکوینن •

نە هزار جارا نە ، ئەڤە نەکارەکێ راستەو خزمەتا کەسێ ناکەتو دڤێ ملەت بەربیتە وان ئەڤێن خوینا وی دمێژن ، ئەڤێن بخوینا شهیدێن وەلاتی تەلارێن مەزنو ئوتومبێلێن نوی مودێل دکرن •

هەڤالینە ، لن نەگرن ، ئەز چ دبێژم ، من گوتەوە ، دل سۆتی مە ئەز ••• هێڤی یا من ئەوە ئەز و گەلەك کورێن شەهیدا ••• روژەکێ ژ روژا زێرەڤانێن دەرێ بەندیخانەکێ بین ••• کو تێدا •••• دناڤ دیوارێن بەندیخانێدا ، نەو خوین مێژو دزو جەردەو گورگێن دڤ بخوین تێدا صسێیا ڤان روژا بدەنف ملەتێ •

بەلێ دێ ئەو روژ هەر هێتو تڤەنگا بابێ من وا بکەلەمی ڤەو دگەل دەمێ پێدڤی دەستێن منو یێن برایێن من دبەرهەڤنو دێ جارەکا دی سترانا سەربەستیێ بێژینە ڤەو ڤاناو هەمی خوین مێژو درندا دێ •••• بێ بیسات کەین •

بەلێ نەئەڤەو نەیێ ژ ڤانا خوین مێژترو هارتر نە شێن مە ژ ملەتێ مە ڤەکەن ، نەشێن مە ژرێکا پیروزا کوردینێ بدویر بێخنو هەرچیا دکەن بلا بکەن ، کەنێ دویماهیێ هەرێ مەیە ، هەرێ رویسو برسیو ژارو پەرەوەریایە •

سەرێ هەلدا

چیهـ نەبوو بەرێ خۆ بدەمێ،رێ نەبوو ئێرا بچمو پێشیا من نە زڤرتو نە بێژتە من :

برا ، روهینا چاڤان لنك تەعەیان بت بابو باپیران چوو ژ مەرا نەکر ، لوقەتەك ـ عادة ـ بۆ مە نە دانین ، سەرگەردان هێلاین ئەم دنێ ، ژیانا مە کرنەپاییز ، ئەرێ پاییزە ، دارو بار دهشکن ، گرۆڤێد بایێ تژێ ئاخو قەسەلن ، مە کارك نەکر ژ زستانێرا ، راستە دبێژن :

« هەکە قەرەچێ هێڤاری تەگبیر نەکر ، سبەیکێ بار نەکر » •

مە ژ ئاڤدانا گەنمیرا چوجزیی نە کۆلان • نە چاندن مە گولو بەیبون بۆ بووکاشرخو شەنگ ئومیدو هیڤییا دلبەرو ئاشقان • رزین ئەمدنێڤ لەش خاڤیێو بێ پووتەیێدا ، ئاڤایی بسەر مەداهەرڤین ، مە نەما مەڤەر ، هەتا کەنگی کاروانێد خەلکێ بهاروێن کەنگی ئەمێ ژ خەپارا زیوانی خلاس بین ، سیبەر نەمان بیهنالبەر ڤەدەین •

گەلی خوشکو بران هوونچاوا دبینن ؟

سەر بمنڤە نەما ، دل بووماکا کولو خەما ، بەلێ هەر چاوا بتو وەکی مرۆڤایەتیدخوازت ، رابووم رەشێ خۆ بگەهینمێ !

برا : بابو باپیرا بکا ژمەرا دانایی بەس لۆمەکەربە • ئاە ! رۆژ هەلات ، چاڤێد مەڤەبوون بهاندنا ڤەکرنا قوتابخانان •

لن هایدە هەکە من رێکابەروڤاژی گرت ، چونکە هەڤرا بوونا مە ستێرە گەشە درێکاخەباتێدا ما هەتا کەنگی ئەم دێ لۆمەکەرێد پێشرەوێد خۆبین • هەما وان چوو تەگبیر دانانین • بلا ئەو نەبنە سنگەبەردبەرایکا مەدا ، ئەو دنەان بوون ، وەرن دا دارێ ئاڤدەیینژ زارۆکێد خۆرا ، ساخ کەبن کەڤلۆزێد وی • دل دێ بۆ مەبشکڤن ، زوها دبن رێکێد بخوونی دڤەشارتی ، دێگەهینە ئێكو ڤێکرا دێ دین •

حەیدەرێ نەزام

روندکەکا کەلی ژگیانی .. عبدالرحمان حەجی عەلی را

ئاڤەتا چەرخو سەما مە نەیاریێ بزان
شینیو گرین بۆ مە مانشەربەتا ئاهو خەمان

پشتی ژیانا خۆ ژ خەبانێراتەرخان کری ، رێکا دوورو درێژ شەقاندی ژ سالا ١٩٢٦م، پشتی گرتنا وی ژ پێخامەتا شورشا کوردیو مشەخت بوونازارۆکێد وی ، چوو سیبەر نە بوون بەرێ خۆ بدەتێ ، بەلێ سیبەرا جهێ سەر بلندیێو شاهنازیێ راکێشا با خۆڤە ،کەتە دزێندیخانێ دا ، پێنج سال برنە سەر دنێڤ قەیدوزنجیرادا ، دلەکی پر کولو کەسەر ژ مالا خوەرا ئانی ، کەس نەبوو مەلهەمەکێ لبرینێد وی بکەت ، بەلێ ڤەگەریاڤە نێڤ زارۆکێد خۆو بدلەکی پر ئۆمید رونشتە خارێدا رستەکا کولو مەرەقێد کەڤن ڤەهونت ، ڤەهاندو کرە ستۆیێعەیالا خۆد بهڤرا سوێند خوارن ••• بەلێ چەرخالەکێ لی خائین بوو ، نەهێلا دەستێ وی بگەهتە رۆژی ،رۆژا چیایێد کوردستانی رووناك بکەت !

ئەی گیانێ پیرۆز ، رۆناهییاچاڤان ، خۆشییا دلان ، چاوا مە بجیهـ تێلی ، دوهی بووچرایێ تە هل بووی ، بشکۆڤکا ژیانا تە بشکڤی ، ئەو چیدەست بوو تو ژ باخچێ ژیانێ هلقاندی ، لنێڤ کەسو یارا ،زارۆکێد بێ گوناه تو لنێڤ غەریبان دایی ، مە ژ بیرا نەکەی هەر وەکوو ناڤێ تە لسەر پەرێن دلێ مە هاتیە کولان ،بیرا خەونا تویی ، سەرهاتییا شەڤێد درێژ تویی •

دل خەمبار نەبە رووحاشیرین ، خەبات کەرێ رێیا ملەتیو رێنجبەرو چوتیارا • تویی سپێدەیاو هێڤارا دەرگەهێ دلێ مەو هەموو خەلکێ زاخۆیێدقوتی • تە ژ بیرا ناکەین ، ئەڤە ئەمژی هاتین •••

ژەکی زاخویی

جهێ بچوکی دفولکلوری کوردیدا

ـ٣ـ

وەلاتی بەرگەکێ گول گونێ کریە بەرخۆ ، ئو بئاوازێن خۆ یێ سترانا دبێژیت ئەوانسترانا کو هەتا نهو چ هوبەرمەندەك نە شێت بێژیت ئەوئاواز :(هۆشینا بایە و هوشە هوشا ئاڤێیە دەنگ فەدااوانە لچیاو دولا سترانێت وی زمانێ شەهلیلو بلبلایە ئەورۆژا زەر بەگەکێ زێرین یێ لسەر هەمیا دادپوشیت کرنژیاخۆش یا هاتیەف لیڤێت زاروکێن کوردستانێ ، هەنابهارا بخو ژێ یا دکەنیت و یا دکەنیت و یا عەردی رایێدخیت بو یاریو خوشیا ملەتی ،•

دژمارا چوێدا من بەحسێ یارییێت بهارێ کر بوو چونکو ئەمێ دروژێت بهارێدا دژین •ئو مە بەحسێ یاریەکێ کردبوو کو دبێژنێ (گراروشك) دڤێژمارێدا ئەم دێ بەحسێ یاریەکا دی کەین کو ئەو ژی یاریا (هیزوك)ێیە • ڤێجا کو مە بڤێت بەحسێ کەڤناتیا ڤێ یاریێ بکەینو جهێ وێ وفلوکلوریدا ئەم دێ چەند پەندا لسەرنڤیسین بو هندێ داکو بزانین بەهار دکوردەواریێدا هەرابنرخەو ملەت تێسدا پێ دلخوشە روژێت بهارا کولیلکێنسورو زەر تژی مێرگانە دارێن بلند پەلگێن دایی ئو یێن شینبووین بچیکێن گوند ڤیك دکەڤنو دچنە بن وان داراوەریسەکێ دگەل خۆ دبنەو دێ هێزوکێ دادەن ئو هێزوك دورەنگە :ـ

١ ـ هێزۆکا بچیك :ـ ئەوژی ئەوە کو وەریسی دادەن ئو هەر دوو سەرێت وەدیسی پێگڤە گرێددەن ئو یێك بتنێ ێ سیار دبیت •

٢ ـ هێزوکا داری ـ یامەزن: ئەوە کوسێ چار وەریسا پێگڤە داددەن ئو سەرێن وان پێگڤەگرێددەن ئو هەر سەرەکێ دێ لایەکی (دار دەپەکێ پان ،بەهن ، تێنن بو هندێ دا هێزۆکا وان مەزن ببیت هەرسەرەکێ دەپەی دێ کچەك یان کورەکێ زیرەك چیتە سەر ناندوو کەسێن زیرەك هەر یێك لسەرەکێ دەپەی دێ راوەستنژ پیاڤەو دەستێ خۆ بوەریسیڤە گرن ئو دبێژنە وان هەردووکا(شلوك) ئو دنیڤەکا هەردوکا هندەك ببچیك دێ زینە حار ،ـ هەر هێزوکەك لوان نیزکێ پێنج کەسا دهەلگریت ـ کوهەمی سوار بوون ئەوێن رەخا دێ دەست (پشلوك ڤەدانێ کەن) (شلوك) (فرمانە) = ئەوە کو دێ خو بئەز چەمینوربنەڤە بفرتك) دا هێزوك بچیت ئو هێزوکا وان دێ بلندبیت چیتە بە عوسماناو دێ هێتە خارێ ، ڤێجا دوێ گاڤێداهەردوو شلوك دێ بێژن ئو لێك ڤەگێرن بئاوازەکێ خۆشوەکی سترانا :

(أ) رەش ریحانا هویردەکە مە
(ب) ئەز بابەتی لافکێ نە مە

● • ●

(ب) خیزکێ چەما •• ناڤدبەت
(ب) بەلگێت دارا •••• بادبەت

● • ●

(أ) بتلیسا ، بتلیسا
(ب) کەوو کوتر چوونەلیسا

ئەگەر ئەم باش دڤان سترانابگەین دێ بینین هەمیا بوەلاتیو دەڤەرێن وەلاتی دبێژن ، ئوهندەکا ژێ مەعنا وان یا کویرە وەکی فەلسەفیێیە :ـ

(خیزکێ چەما ئاڤ دبەتبەلگێت دارا با دبەت ، کو ئەڤە بو مە ئاشکرا دکەت کوهەر تشتەکێ دیماهیکا هەی •

نەوزاد زێباری

institutkurde de paris

چەند سەرنجێك

دەربارەی « زاراوەی پاریزگای سلێمانی »

دوکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف

ئەم ووتارە لە مانگی ئابی ١٩٧١ لەشاری لینینگراد نووسراوەو نیرراوە بۆعیراق ، وە لە پوستەدا وون بووە • هەرچەندە ، سەبارەت بەم فەرهەنگوکە چەند ووتاریك بلاوکراوەتەوە ، بەلام لەگەل ئەوەشدا وای بەباش دەزانین کە ئیستا بێ هیچ دەستکاری یەك بلاوی بکەینەوە •

« نووسەر »

-١-

میژووی دارشتن و دانان و دروست کرن و دوزینەوەو وەرگیرانی زاراوە لە زمانی کوردی دا دەگەریتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم • تاسالانی ٦٠ ئەم کارە بە شیوەیەکی سست و سادەوساکاربوو • بەرهەمی ئەم دەورە بریتی یە لە فەرهەنگوکەکەی ف • نیکتین(١) ، فەرهەنگوکی زاراوەی زانستی ئەرمەنی - کوردی ، کە لە سالی ١٩٣٥ لە یەریفان چاپ کراوە ، لیستەی ئەو زاراوە کوملایەتی و سیاسیانەی کە لە گۆڤاری «هاوار»دا لە سالانی ٣٠دا بلاو کراونەتەوە لە بەشیکی تایبەتی دا لەژیر ناوی « فەرهەنگوك »دا هەروەها ئەو زاراوانەی کە لە « گەلاویژ ، ژین ، دەنگی گیتی تازە ، هەتاو ، نیزار ٠٠٠٠ »داخراونەتە بەردەم خویندەواران •

دەوری دووەم لە شورشی چواردەی تەموزەوە دەست پێ دەکات تا ئەمرۆ • بەرهەمی ئەم دەورە بریتی یە لە : ئەو زاراوە زانستی یانەی لە لایەن چەند لیژنەیەکی تایبەتی جیاوازەوە دانراوەو داریژراوەو لەچەند ژمارەیەکی گۆڤاری « رۆژی نوی »ی سالی ١٩٦٠دا بلاوکراونەتەوە راستە لە وەرگیران و دارشتن و داتاشینی ئەم زاراوانەدا ناتەواوی و کەم و کوری ئیجگار زورن وەك لە ووتارەکەی مامۆستا جەمال نەبەزدا(٢) کە لە زاراوەکانی لیژنەی (ریاضیاتی) گرتووە خراونەتە پیش چاو ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم بەرهەمە دەوری خوی بینیوەو دەیبینی •دووا بە دووای ئەم زاراوانە لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلیمانی یەوە فەرهەنگوکی « زاراوەی زانستی » دەرچووکە ٩٧ لاپەرەیە • لە زاراوەکانی بەشی جوگرافیا ماموستا غەفور رەشید کولیوەتەوەو رەخنەی بەجێی گرتووە (٣)(٤) هەر لەسالی ١٩٦٠دا مامۆستا جەمال نەبەز لە ژیر ناوی « هەندیك زاراوەی زانستی » دا(٥) فەرهەنگوکیکی لە چاپدا چەندکەم و کوری یەکی کەم هەیە لە کارەکەی ماموستا نەبەزداو راستە ژمارەی وشەکانی فەرهەنگوکەکەی نزیکەی ٣٠٠ووشەیەکە ، کە بۆ ئەم مەبەستەکەمە ، بەلام لەگەل ئەوەشدا بەرهەمیکی زور پوخت و کاریکی سەرکەوتووە(٦)

بەهوی شەری نارەوای دژی گەلی کوردمان ماوەی دە سالیك لەم رووەوە هیچ شتیکی وەها لە چاپ نەدراوە شایانی باس بیت • بەلام ئەمرو هەست بەبزوتنەوەی ئەم کارە پیروزە دەکەین ، کە چون پاش بەیانی ١١ی ئازاری میژوویی بوژایەوە یەکەم بەرهەمی ئەم بزوتنەوە یەش ئەو فەرهەنگوکەیە کە چەند مانگیك لەمەوبەر لە ژیر ناوی « زاراوەی پاریزگای سلیمانی » دا لەچاپ دراوەو کەسەرباسی ئەم لیکولینەوەیەمانە •

• • •

چەند مانگیك لەمەوبەر ، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی یەوە فەرهەنگوکیك ، کە بریتی یە لەکومەلە ووشەو زاراوەی عەرەبی - کوردی ، لەژیر ناوی پاریزگای سلیمانی »(٧) لە چاپدرا • ئەم فەرهەنگوکەدانراوە « بە مەبەستی نووسین لە نیوان فەرهەنگ و دامو دەزگاکانی فەرمانی دا »(٨) کە یەکیکە لە بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازاری میژوویی •

لە لیژنەی نووسینی ئەم فەرهەنگوکەدا گەلیك لە زاناو داناو کوردناسی شارەزا ، وەك ماموستایان : شیخ محەمەدی خال ، شاکر فەتاح ، محەمەد مصطفی کوردی ، محمد صالح سعید ، روەوف ئەحمەد ، ئەحمەد هەردی ٠٠٠٠ هتد هاوبەشی یان کردووە • ئەم هیزە گەورەیەش کە کۆبۆنەوە بۆ ئەم مەبەستە ، بووە بەهوی سەرکەوتنی فەرهەنگوکەکە خوینەر هەر کە چاوی بە ناوی ئەندامانی لیژنەکە دەکەوی ئەو هەستە پەیدا دەکات ، کە نووسراویکی بە کەلك و پوخت و پیویست ٠٠٠ی لەبەر دەست دایە • ئیمەش هەر لەو باوەرەداین و ئەو هەستەشمان هەیە بەرامبەر بە « زاراوەی پاریزگای سلیمانی » •

فەرهەنگوکی ناوبراو نزیکەی (١٤٠٠) ووشەیەکی عەرەبی دەبیت کە بەرامبەریان مانا کانیان بە کوردی دراوە • ووشەکانی ئەم فەرهەنگوکە بە تەواوی ئەگونجین لەگەل مەبەستی دانانی دا ، بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە زوربەی ئەو ووشانە بەرچاو دەکەون کە پیویستن بۆ نووسین لە نیوان فەرمانگاو دام و دەزگای فەرمانی دا بەلام لەگەل ئەوەشدا هەندی ووشەو زاراوە هەن نەکەوتوونەتە ناو فەرهەنگوکەکەوە ، کە بۆ هەمان مەبەست کەمتر پیویست نین وەك لەو ووشانەی تۆمار کراون هەروەها هەندیك ووشە هەن کە بۆ ئەم مەبەستە زور پیویست نین و کەوتوونەتە ناوفەرهەنگوکەکەوە •

هۆی ئەو کەم و کوری یە کەمەی کە هەیە لە هەلبژاردنی ووشە عەرەبیەکاندا بۆ ئەم فەرهەنگوکە ئەوەیە ، کە لیژنەکە لەسەر شیوەیەکی زانستی ووشەی کۆ نەکردۆتەوەو ووشەی هەلنەبژاردووە ، وەك لە پیشەکی دا نووسراوە :

« بەریوەبەریتی ی پەروەردەو فیرکردن بە نووسراوی ٧٨٦٥٠ روژی ٢١-٤-١٩٧١ داوای لە پاریزگای سلیمانی کرد کە بە فەرمانگەکانی تری رابگەیەنیت هەر ووشە و زاراوەیەکیان پیویستە بۆ وەرگیرانی بۆ کوردی ی راستەوخو بینیرن بۆ لیژنەکەو تا ئیستا لە چەند فەرمانگەیەکەوە زاراوە نیرراوە »(٩) •

لە کۆتایی ئەم چەند دیرەی پیشەکی فەرهەنگوکەکەدا دەرئەکەوی کە تەنها لەچەند فەرمانگەیەکەوە زاراوەیان بۆ نیرراوەو لەسەر داخوازی ئەو چەند فەرمانگەیە - واتە لەسەر بناغەی ئەو ووشانەی کە پیویستن بو ئەم چەند فەرمانگەیە ئەو فەرهەنگوکە دانراوە • بەم جۆرە دەرئەکەوی کە ئەم نووسراوە سود بەخشە تەنها بۆ چەند فەرمانگەیەك ، نەك بۆ هەموو فەرمانگەکان • بەلگەش بۆ ئەمە تەنها ئەو چەند دیرەی پیشەکی یەکە نیە بەلکو چاوخشاندنیك بە فەرهەنگوکەکەدا باشتر ئەو راستیە دەخاتەروو • جگە لەوە دور نیە کە فەرمانبەرانی ئەمرۆی ئەو فەرمانگەیانە پیویستیان بەو ووشەو زاراوانە بیت ، بەلام ئەگەر پاش ماوەیەك هەندیك لە فەرمانبەران لە ئەنجامی گواستنەوەدا گۆران و فەرمانبەرانی نوی پیویستیان بەو ووشانە نەبی و پیویستیان بە ووشەی کە بیت ، ئەوسا فەرهەنگوکەکە سودیکی زوری لێوەرناگیری و زور ناژی • کوکردنەوەی ووشە بەم چەشنە کە لیژنەی دانانی « زاراوەی

بروانە ل ٧

گەشتێك

بە ئاواز و گورانی ی فۆلکلۆریمان دا

حەیدەر نانەکەلی

رەوشت و نەریتە شیرینەکانی کوردەواریمان ، هەمیشە لەسەر رەسەنی بنەرەتی خۆی ماوەتەوەوهەمیشەش جێگای شاناری و سەر فیرازیمان بووە ، بەبێ ئەوەی کە کەم و زۆریك لێی سل بکەینەوەو دوور بکەوینەوە بەتایبەتی لە جەرگەی کوردستان و لە لادێکانا ئیستاش هەرلەسەر هەمان ریچکەی کوردەواری خۆیاندا دەرۆن وکەرەستەو رەوشت و کەل و پوری نەتەوایەتی و فۆلکلۆری بەکاردەهێنن ٠٠٠

دیوەخانەکان هێشتا کرمەی قسەی خۆش خۆشی کوینخاو رەنجبەرانە ، قاوەو نوتن وسەبیلی لادێیی ئەو کۆرە گەرم دەکا ، مەشکەی داپیرەش هێشتاله تام و لەزەتی کەرەو دۆی خۆش و داندۆك و کەشك و شیرێشی شیرینی بێ بەشمان ناکات ، شایی و هەلپەرکێی کوردی کە خۆی بە هەموو جیهان ناساندووە بەو جوانی وشادی و خوێن شیرینێ خویەوە. بەو رەوشتە نایابەی کوردەواری ناسراوە بە جۆریك کە زۆر لە نەتەوەکانی تری بێگانە بەم جۆرە هونەرە میللی یە سەرسامن و لاسایی دەکرێتەوە ، جگە لە وجل و پۆشە جوان و ریکانەی کە شێوەیەکی پوخت و تایبەتی خۆی هەیە کە نیشانەی رەوشت و قارەمانیەتی نەتەوەکەمانی پێوە دیارە ، کراس و کەوێ و سوخمەو چارۆکەودەسرۆکی رەنگاو رەنگی ئافرەتی کورد لەگەل رانك و چۆغەو پشتێن و کەواو دەسرۆکی عادەتی و پەستەو غەرگەی مرۆڤی کورد لە یەك ریزا تێکەل بە یەك دەبن و دەست لە ناودەست ، شان بەشان دەکەونە کۆری شایی و هەلپەرکێی رەشبەلەك ، دەهۆل و زورنای فۆلکلۆریشمان دەم ئەنیتە گوێچکەی ئەم و ئەو تا دەنگی شاباش و بەخشیش بەرزدەبێتەوە لەچاوی زاوا ٠٠ لەولاشەوە لە ژێر رەشمالە رەش فۆری وسەماوەری چایەو قاوە دانراوەو پیاوە گەورەکانی دێیەکە لەژێر رەشمالا لەسەر مافوورو لبادی رەنگاو رەنگ دانیشتوون گەنجانیش نیشانەو نیشانکاری تەق و تۆقی شەشاگرو تفەنگ دەکەن و دایکی زاواش کەوچکی چێشتی بەدەستەوەیەو هات وچۆیەتی لەم لاو ئیملا جارجارەش دەست دەکاتە دەستی زاوا و شایی دەکات ، ئینجا دەنگی هەلهەلەلیدان و گۆرانی بەرزدەبێتەوە ٠٠٠

هەروەها زاوو شکاروردوێنەو یاریەکانی کوردەواری وەکو کەلەمستانێ و ئیشك گرانێ و هەلپەرکێ و جل پۆشین و ساوار کوتانەوەو هتد ٠٠٠٠ئەم هەموو کارەجوان وشیرینانەی نەتەوەی کوردمان بە نەتەوەکانی تر ئەناسێنێ و رەوشتی تایبەتی خۆی نیشان دەدات •

(ساوار کوتانەوە)ش بەشێکی هەرە گرنگی ئەم جۆرە بەشانەن و یەکجار بلاویشن لە کوردەواری دا ، ئیستاش هەر باوەو شوێنی بەجەرگانەی خۆی داچەقاندووە لە دلی خەلكداو زۆریش بەکار دێت ، ئەمەش هەر لەزوویکەوە دەماو دەم هاتۆتەخوارەوەو لەگەل کارو جموجۆلی مرۆڤ خولاوەتەوە •

پاش نوێژی ئێواران لەگەل شارانەوەی تیشکی خۆرو داهاتنی شاپەری ماتەمینی سامالی شەو ، لەگەل سروشتی تیشکی زێرینی ئەستیرەومانگی چواردەی درەوشاوەی ئاسمانی تاریك ، کورو کچانی هەرەتداری خوێن گەرم لە هەموو لایەکی ئەم سەروئەوسەری گەرەك لە مالی خاوەن ساوار کۆدەبنەوەو ئەم بەروئەوبەری حەوشە بە رایەخ و

جاجمی رەنگاورەنگ دادەپۆشرێت ئینجا دەست دەکرێتە (کوتك)و دەست دەکەن بە سوران وکوتان لە دەوری تا درەنگی شەو بەو گورانیە خۆش و شیرینانە (هالالا ٠٠ هەی ئەلا ٠٠ گەنمی پارە ٠٠ ئۆ ئەوسارە) کاتێکی شادومانانە دەبەنەسەر، بۆ نموونە ئەم چەند پارچە گۆرانیانە دەخەینە بەرچاو :

لە گەل تۆمەو تۆبگێرەوە
چاوی مەزنتەمەشێرەوە
ئەوی لەکنتەبینێرەوە
بە کلدان و ئاوێنەوە
لەگەل تۆمەتۆبرێ چاکا
لەناو ماران پیم بلێ کاکە
لە جێگای چۆل سینگ والاکا
لەگەل تۆمە کیژی خاری
خۆم لۆ هەردە سەردیواری
ماچەکم دێ پربەزاری
لە تەیران تەیرم سپی یە
لە باغان هەل نیشتی یە
عاشقی سینگی سپی یە
لە تەیران تەیری رەشم
لە باغان گولی گەشم
عاشقی ناوبنەوشم
عاشقی ناوعەیشۆکم
لە تەیران من تەیروکم
لە باغان گولی کۆکم
دەرۆم و ناڕۆم رێم
لەبەر ناچی
داخی ئەو
کچەم لە دلی دەرناچی
ماچی ئەو رۆژەم
قەت لە بیرناچی
تەنکە بە تەنکە تەنکەت
لێ نایێ
بە سولتان
عەولا غەوسی بەغدایێ
بە ماچ و دوو ماچ
خۆ چت لێ نایێ
یارت نیمەو یارت نابم
رەز کۆترۆکەی بەشەو رابم
من کیویمەو
کەوی نابم
من کیویان کەوی دەکەم
بە مندالی گەورەی دەکەم
هەتا دەمرم
بۆنی دەکەم
بە تۆ دەلێم چاوی چاوم
لە سەر تۆ زۆریان لێداوم
لە من وایە
خەلات کراوم
نازدارو نازدار نازدارت
کردم

بروانە ل : -٧-

لە تاریکستانی شاعیرێکەوە

ئامادە کردنی : محمود زامدار

کاکە شەفیق بەیاد ،شاعیرێکی لاوەو خەریکی (امتحانی خارجی)یە بووەدەس خستنی باوەرنامەی قوتابخانەی سەرەتایی ٠٠لەنەوەی (حاجی) نەمرەو لەشاری کۆیەی ئازیزا لە-١٩٥٠- دا چاوی بۆ رۆشنایی هەلێناوە ٠٠ کەچی لەسالەوەختەیدا ، بە یەکجاری گلێنەکانی رژاوەو چاوی لێلایی پێداهاتوە ٠٠

هەر لەمنالیەوە ئارەزوی بۆشیعرو کۆری شاعیران لاربوەتەوەو شەیدای شیعرەکانی (مەولەوی و خانی و حاجی) بوە ٠٠ تا ئێستادیوانە شیعرێکی خنجیلانەی پێکەوەناوە ، کە پتر لە (٩٠) پارچە شیعری هەمە جۆرەیە • بەکلاسیك دەستی بەشیعرووتن کردوە ٠٠ هاودەم و هاوریکانی جلال جۆبارو دلزاری شاعیروفازیل شەورۆیە ٠٠ ئومێدی هەدەدیارو رۆشنی یەکگرتنی میللەتی کوردو پێشکەوتنی هونەرو ئەدەبیات و هەروازگاربونی مرۆڤایەتی زەحمەتکێشانە لەکۆت وزنجیری رق و کینەو چەوساندنەوەو مفتەخۆری ٠٠ دەنگی دۆستایەتی پاك ، بەشیکی باشی لە دووتۆوی شیعرەکانیداجێی گرتۆتەوە ٠٠!

پ : کاکە بەیاد ٠٠جولانەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی لە شاری (کۆیە)ی شیرینا-چۆن دەس نیشان ئەکەیت ؟

و : بەراستی بزوتنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی لە کۆیەدا ، زۆر دیارو لەبارە ،بەتایبەتی لەلای گەنجە لێهاتوەکانی شار ٠٠ بەلام بێکەسی و لانەوازی و نەبوونی هێزوهاندان ، دووچاری ،دودلیەکی زۆر نالەباری کردون ٠٠ کۆیە هەر کۆیەی جارانەورۆژێ لە رۆژان لە ئەرکی نەتەوایەتی و رۆشنبیری خۆیدوانەکەواتوە ٠٠ بەلام هەندێ زروفی تایبەتی و گشتی سەربە ئەم شارە ، ماوەیەك بێدەنگی کردو ویستی وچانی پێبدات ٠٠ خۆ ئەگەر ئەمرۆش هەر - نەختێ - بەتایبەتی نوسەرو شاعیرو ئەدیبانی کورد شان بەشانی دەزگا رۆشنبیری و ئەدەبیەکانمان رووی تێبکەن • کۆیەی ئەمرۆ لەکۆیەی (حاجی)زۆر بەپیت وپێزو پێشکەوتوتر ئەبێ !

پ : رات دەربارەی نوێخوازی لەئەدەبیاتدا ؟

و : بێگومان بەپێی یاسای گۆران هەمو شتێکی کۆن و رزیو روی بەرەو نەمانە ٠٠دیارە لەبان شوێنەواری کۆنیش شتی تازەی زیندو ئەرسکێ ٠٠ بەلای منەوە گرینگی دان بەنوێخوازی رێزنانەلە مرۆڤ وژیان و لەمێژوو ٠٠ بەلام ئەو نوێخوازیەی کە تێکەلاوی گیانی بەگیانی سامانی نەتەوایەتی ئەم کوردەئەبێت و سوود لەتەجرەبەو تاقیمانەی میلەتانی پێشکەوتووەرگرێت بێگومان ئەمە ئەو نوێخوازی یەیە کە هەمولایەك متمانەو باوەرپێی هەیە ٠٠ بەش بەحالی خۆم ئەمە مەزەندەمە ٠٠ ئەگەر بایەخ و گرینگی بە ئەدەبی تازەبەخشی لاوان بدرێت ، ئەنجامەکەی ئەبێتە مایەی خێروخۆشی ئادەمیزادی کورد ٠٠ چونکە ناوەرۆك و تۆوشۆ خوێنی ئەم دەنگەتازانە ئەبێتە مایەی رامالینی ئەو ئەدەبە بۆرژوازیەی کە پێشێل کردنی کەرامەتی مرۆڤ ، مەبەستی هەرە دیاری یەتی ٠٠

دەنگی نوێ و بزوتنەوەی نوێخوازی ٠٠ دەنگی مێژوو مرۆڤی سەردەمە !

پ : بەچاوی خەیال وهەستەوە ، چۆن بیر لەم ووشانە ئەکەیتەوە ؟

بروانە ل ٧

چیروك بومنالان

هەنگێکی زیرەك

هەولێر : ماجدە قاسم

هەبوو نەبوو ٠٠ پیاوێکی پیرو روخۆش و رەراسوك هەبوو ٠٠ ئەم پیاوەپیرە ، لەدارستانێکی چردا دەژیاو شینایی دەچاندو دلی زۆر بەم رەنجەی خۆی خۆش بوو ٠٠

رۆژێ لە رۆژان رووی کردە ، باخچە خنجیلانەکەی ، بۆ ئەوەی چاوی بەبەروبومی شیرینی بکەوێ ٠٠٠ لەپر کاریکی بچوکی دی ، کە چاوەکانی لەشوشەی بریقەدارو شاخەکانی سەری لەزیربوون • لەدرزەرە بانگی لە مامەی پیرە کردو وگوتی :

- جوتیار لیم نزیك بەکەوی دەنا گیانت دەردێنم !

مامەی پیرە زۆر ترساو بەپەلەپەل گەرایەوە دواوە ٠٠ رۆژێکیان ئەم کەفتەکارە دادەنیشێ و بیرلەم دەردو کارەساتەی خۆی ئەکاتەوە ، تا چارێکی بۆ بدۆزێتەوە لەناکاو ورچێکی مل هوری لێ پەیدا دەبێ و لێی دەپرسێ :

- مامەگیان بۆ وا مات و مەلوولی ؟

مامەیش بەسەرهاتی خۆی بۆدەگێرێتەوە • ورچەکە دەلێ :

- زۆر ئاسانە ، من چارێکت بۆ دەکەم !

ورچە چوە ناودارستان ونزیك بەرخەکە خۆی دا بەزەوی داو کەوتە مراندن ٠٠ بەلام کەچاوی بە کارەکە کەوت ، بەجارێ زراوی ژیربوو ٠٠ بەپەلەخۆی قوتارکرد •

بۆ رۆژی دوایی ، ریویەك لەمامەی پیرە پەیدابوو ، دەردی خۆی بۆ ئەمیش گێرایەوە ،ریوی گوتی :

- چارەی ئەمە لای منە ٠٠!

کەچی کە ریوی نزیك کارەکەبوەوە ، بە جارێ زەندەقی زراو گەرایەوە دواوە ٠٠!

مامەی جوتیار ، بەجارێ پەکی کەوت و نیازی براو ویستی دارستان و باخچۆلەکەی بەجێبهێلێ و لەم پەژارەیە دورکەوێتەوە ، لەپریکا تووشی بوو بەتووشی هەنگێکەوە ٠٠ لەمامەی پرسی :

- ها ٠٠ مامەگیان ، بۆ واپەژارە دایگرتووی ٠٠؟

مامەی جوتیار ، هیچ وەلامێکی نەدایەوە •

- ٢ -

- برهان -

(بەیانی بو لە قاوشی شێتخانەکەدا ریزێ مان دەکرد، لەناکاو درگای قاوشەکە کرایەوە) •

- فەرهاد کێیە ؟

- فەرمو ٠٠٠ منم

- وەزە بۆلای بەریوەبەر ، چاوەروانیت ئەکات •

- (هەبێ و نەبێ مەسەلەکەی دوینێیە) ٠٠ بەلی واهاتم (لە ریگا لە دلی خۆمدا ٠٠ ئاخۆ بەریوەبەر لەم پرسیار کردنە مەبەستی چی بێ ٠٠

•

- ئێ فەرهاد ٠٠ نەتیجە ٠٠؟

- چی ئەفەرموی

- باسەکەی دوینێ ، لە دادگا چیتان کرد •

- ئەو رۆژە تا درەنگێك لە هۆلی دادگاکە ماینەوە ، خەلکێکی زۆر لەهۆلی دادگاکەدا چاوەروانیان ئەکرد •

(لەناکاو)

- ئەمرۆ دادگا ئیش و کاری خۆی دوا ئەخات بە ئیشێکی تایبەتیەوە خەریك ئەبێت •

(یاساولەکان حەپسەکانیان بردەوە بۆ جێگای خۆیان ٠٠ منیش لەگەل یاساولەکانی خۆما گەرایینەوە بۆ بەندیخانە ، چەند رۆژیك لە بەندیخانەدا مامەوە بەهۆی خواردنی خراپی قونتەرات چیەکانەوە توشی ژانە سك بووم ، لەنیوەشەودا زریکاندم) •

- هاوار ٠٠ فریام کەوون٠٠ کورە مردم

- ئەو دەنگە دەنگە چیە

- مردم ٠٠ هاوار ٠٠٠ فریام کەون

- کورە بیدەنگ بە با نەیەمە ژورەوە هەمو گیانت بشکێنم •

(حەپسێك لە تەنیشتمەوە بوو بەسەرما نەراندی) •

- بێدەنگ بە ، بەم رۆژگارە لەبەر ئیش کردن ئەوەندە ماندوو ئەبین بەم شەوەش نایەلی نەختێك بخەوین و ئیسراحەت بکەین •

- ئای مردم ٠٠ ئای

(بەندیخانەکە شلەژاو یاساولەکان هەندیکیان خۆیان کرد بەژوردا) •

- کوا ٠٠ کوا ؟ لەکوێیە ئەو قەرەچەناخە وا ئیسترا حەتی لەم خەلکە تال کردوە هەر ئێستە دەردی دەرمان ئەکەم •

- بە قوربانت بم چاووش !

ئەگەر جەنابت تەمێ ی نەکەی ئەمشەو نایەلی بخەوین •

- هەر ئێستە بەم قەمچیە خۆشی ئەکەمەوە •

(دەنگی قەمچی و زریکەی من و غەوغای بەندیخانەکە سەری لە هەمویان شیواندبوو ٠٠ کەس لەکەس تێ نەئەگەیی ٠٠ جار جار هاواری ژانی من درنی بە هەراو زەناکە ئەدا) •

- کورەمردم ٠٠ فریای دکتورم خەن ٠٠ ئای مردم •

(لەپاش داوکاری یەکی باش هەر بێدەنگ نەبوم ناچار بردمیان بۆلای دکتور) •

- لای دکتور بلێی لێ بدا داوم سبەینی کە ئەتان بەیشە دەرەوە بۆ ئیش کردن سەر نگونت ئەکەین و ئەلێین رای کرد •

- هاوار مردم ٠٠ ئای

بروانە ل ٧

شێتێك لە کۆمەلگایەکی باشکەوتودا

● لەسەر درگای شێتخانەکە نوسرابو : - (هەموو کەس لێرەدا جارێکی تر لەدایك ئەبێتەوە ٠٠)

● لەولای شێتخانەکەوە کارگەیەك بوو لەسەر درگاکەی نوسرابو : - (ئێرە سەرەتای ژیانێکی تازەیە ٠٠٠)

● لەولاتریشەوە قوتابخانە یەکی لێ بۆ لەسەردرگای ئەویش نوسرابوو :- (هەموو ئینسانێك ئەگۆرین جومگەکانی نەبێ ٠٠)

پاشماوەی : چەند سەرنجێنك ···

پاریزگای سلیمانی » لە سەری رویشتووە فەرهەنگۆکەکەی خستۆتە چوارچێوەیەکی تەسکەوە ·

بۆ کۆکردنەوەی ووشەو زاراوە ، وەك ووتمان ئەو ریگایە راست نیەو دەبی بەهۆی کۆسپو کەمو کوری بۆ فەرهەنگ · باشتر بوو ، ئەندامانی لیژنە خویان بگەرین بەسەر فەرمانگەکاندا و لەناو نووسراوو چاپەمەنیەکانیاندا ووشەیان دەربهینایەو کۆبکردایەتەوە · جگە لەوە خۆ فەرهەنگی عەرەبی زورە کە بە ئاسانی دەتوانرا ووشەو زاراوەی پیویست بۆ ئەم مەبەستە دەربهینری و کۆبکرینەوە هەروەها رێگا زورە بۆ کوکردنەوەی ووشە ·

پاش ئەوەی ووشە کۆدەکریتەوە ، ئینجا دەبی بژاربکری ـ واتە ئەو ووشانەی پیویست نین لابېرین و ئەو ووشانەی پیویستن و پەریزاورو نین بهینرێنە ناوەوە · بۆ ئەم مەبەستە چەند رێگایەکی زانستی هەیە ، کە وا لە خوارەوە ، بە کورتی لەیەك دووانیکیان دەدوین ·

١ ـ ووشەکان کە کۆکرابەوە بە گویرەی بابەت دابەش بکرین بەسەر چەند پۆلێك وشەدا ، هەرپۆلێك لە ژیر سەرباسی خۆیدا ، کە پەیوەندی تەواو هەبیت نیوان ئەو ووشانەی کە لەیەك پۆلن · بۆ نموونە : زاراوەکانی کارەبا ، زاراوەکانی فیزیا ، زاراوەکانی ریزمان ، ئەو ووشانەی پەیوەندیان هەیە بە نامەوە ···· هتد · بەم جورە ئەك تەنها دەتوانری ئەو ووشانەی کە نەکەوتوونەتە ناوەوەو پەرینراون بهینرینە ناوەوەو بنووسرین ، بەلکو دەتوانری ووشەو زاراوە کۆبکریتەوە · ئەگەر بەم ریگایەدا برۆین دەبینین لە هەندی کەمو کوری رزگارمان دەبیت · بۆ نموونە ـ گەر ئەو ووشەو زاراوانەی پەیوەندیان هەیە بە ریزمانەوە کۆبکرینەوە دەبینین ئەم ووشانە کۆدەکرینەوە صفة ، فعل ، ضمیر ، جملة ، کلمة حرف ، مصدر(١٠) ··· و گەلیکی تر · وە ئەوسا هیچ یەکیك لەم ووشەو زاراوانە ناپەرینین ·

بەلام لە فەرهەنگۆکی « زاراوەی پاریزگای سلیمانی » دا دەبینین کە « صفة ، جملة ، کلمة ، مصدر » هەیەو کەچی « فعل ، ضمیر ، حرف ··· » نیە · ئایا هۆی چیە ئەم ووشانە پەرینراون ؟ گوایا ئەبی « فعل ، ضمیر ···· هتد » کەمتر پیویست بن و کەمتر بەکار بهینرین وەك لە « صفة ، کلمة ، ·· هتد » ·

بیشك هۆی هەرە گەورەی ئەم کەمو کوریە ئەوەیە کە لیژنەکە ئەو ریگایەی نەگرتووە کە ناومان برد · هەروەها ئەو ووشانەی پەیوەندیان هەیە بە سەرباسی نامەوە ئەمانەن : « رسالة ، طابع ، اوراق ، برید حبر ، قلم ···· هتد » ، بەلام ئەم فەرهەنگۆکەی کە لێی ئەدوین ئەم ووشانەی : « رسالة ، طابع ، اوراق ، برید ····»ی داوە ، کەچی « حبر ، قلم ···· » نەداوە ، لەگەل ئەوەی ئەم ووشانەش هەر بەو جورە پیویستن و هەر بەو ئەندازەیەش پەیوەندییان هەیە بە مەوزوعی نامەوە · بەم شیوەیە دەتوانین لەم ریگەیەوە گەلیك ووشەو زاراوە بخەینە پیشچاو کە ئەبوو لە فەرهەنگۆکەکەدا تۆماربکرین ·

٢ ـ لە هەموو زمانیکدا ووشە هەن کە یەك چاوگ و یەك ریشەیان هەیە ، وە لەیەك ووشە دەتوانری هەندی ووشەی تر دروست بکری ، وەك : « محافظ ، محافظة » ، « فن ، فنان ، فنی » ، « شعر شاعر » » ، « ادب ، أدیب » ··· هتد · جا لەم ریگایەوە پاش کوکردنەوەی ووشە پیویستە هەر ووشەیەك بە جیا تەماشابکری و لەم بارەیەوە گەر ئەو ووشانەی کە ئەتوانری لیێان دروست بکری و بخرینە بان ووشەکان · بیگومان مەرج نیە کە لە هەموو ووشەیەك ووشەی تر دروست بکری و یاخود هەموو ئەو ووشانە بکەونە ناو فەرهەنگەوە ، بەلام ئەبی ئەوە لەبیر نەکری کە بە کەمو کوریەکی گەورە دەژمیریت گەر ووشەی « أدب ، ادیب ، شاعر » هەبیت و « شعر » نەبیت ·

لەم بارەیەوە لە « زاراوەی پاریزگای سلیمانی »دا چاو بە کەمو کوری دەکەویت · بۆ نموونە ، دەبینین ووشەی « فنی » هەیەو ، کەچی « فن ، فنان » نیە ، « أدب ، أدیب ، شاعر » هەیەو ، بەلام « شعر » نیە ··· هتد ·

ـ ماویتی ـ

(١) ف نیکیتین « زاراوی جەنگی رووسی ـ کوردی » ، ورمی ١٩١٦ ·
(٢) جەمال نەبەز «زاراوەکانی لیژنەی ریاضیات لە ژیر وزەبینی لیکۆلینەوەدا » ، گوڤاری (روژی نوی) ، سالی ١٩٦٠ ، ژ ٦ ـ ل ١٠٢ ـ ١٠٩ ، ژ ٧ ـ ل ١١٢ ـ ١٢١ ، ژ ٨ ـ ل ٨٥ ـ ٩١ ···
(٣) غەفور رەشید « سەرنجیك لە پەراوی زاراوەی زانستی کوردی » ، گوڤاری (روژی نوی) ، سالی ١٩٦٠ ، ژ ١٢ ، ل ٢٧ ـ ٣٥ ·
(٤) ئەم دوو ووتارە ، بە تایبەتی ووتارەکەی ماموستا نەبەز لەسەر شیوەیەکی زانستی نووسراون و لەلیکولینەوەکەیاندا گەلی راستییان نیشانداوە · لەو باوەرەداین کە لە دانانی فەرهەنگۆکی « زاراوەی پاریزگای سلیمانی »دا » پیویست بوو سود لەم ووتارانە وەربگرن ·
(٥) جەمال نەبەز « هەندیك زاراوەی زانستی » ، سلیمانی ١٩٦٠ ·
(٦) لیکولینەوە لەو فەرهەنگ و لیستەی زاراوانەی لەناو گوڤارو روژنامانەدا لە چاپ دراون و بلاوکراونەتەوە کە لەسەرەوە ناوماو بردن بە چەند ووتاریکی تایبەتی پیشکەش دەکەین · بەلام لەم ووتارەدا تەنها ناوی ئەو کارانەمان هیناوەو لییان نەدووان ، چونکە مەبەستی ئەم ووتارەمان لیکولینەوەیە لە فەرهەنگۆکی «زاراوەی پاریزگای سلیمانی » ·
(٧) « زاراوەی پاریزگاری سلیمانی » ، سلیمانی ١٩٧١ ، چاپی یەکەم ·
(٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢ ·
(٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤ـ٥ ·
(١٠) بۆیە ووشەکان بە عەرەبی دراون ، چونکە لیرەدا باسی کەمو کوری بەشی عەرەبیەکەی فەرهەنگۆکەکە کراوە ·

پاشماوەی : شتێك لە کۆمەڵگایەکی

دکتور ·
(سەعات ١٢ی شەوە ، کریوە ئەکات و درگای خەستەخانەکەش داخراوە) ·
ـ هاوار ·· کورە دکتور ·· هاوار ·
(یاساولێك بە قۆناغی تفەنگەکەی چەند جاریك لە دەرگاکەی دا) ·
ـ ئەوە کێیە ؟·
ـ خۆمانین درگاکەمان بۆ بکەنەوە ·· نەخۆشێکمان پێیە
ـ دکتور لیرە نیە ·· چاوەروانی بکەن تا دیتەوە ·
ـ درگاکەمان بۆ بکەنەوە سەرمامانە ·
ـ لە دوای دەوام دەرگا کردنەوە قەدەغەیە ·· تا دکتور نەیەت ·
ـ باشە دکتور لەکوێیە ! بانگی کەن ·
ـ دکتور چووە بۆ تەفتیشی قاوشەکان سبەینی زوو وەرنەوە ·
ـ نەخۆشەکەمان زۆر خەتەرە ، مەترسی مردنی لێ ئەکرێ دەرگاکەمان بۆ بکەنەوە ·
(هەرچۆنیك بوو دەرگایان بۆ کردینەوەو منو یاساولەکان چوینە ژوورەوە) ·
ـ لە ژوری چاوەروانی ، دانیشتن تادکتور دیتەوە ·
ـ هاوار ·· فریام کەوون ·· وا ئەمرم ·
(لەناکاو جەرەسی تەلەفونەکە لیی دا) ·
ـ هەلاو ·· بەلی ·· فەرموو ·· بەلی ·· ئەمرەکەی ·· نەخۆشیکیان هیناوە ·· بەلی ·· دوو یاساولی لەگەلایە ·· بەلی بەلی ·· ئەمرەکەی ·
(تەلەفونەکەی داخستەوە)
ـ ئەوە کێ بو ؟
ـ دکتور بو ·· ئەیووت ئەمشەو ناتوانم بگەریمەوە ·· با چاوەروانیم بکەن تاکو سبەینی ·
(ئەو شەوە لەبەر هاوار هاواری من نەخۆشەکانی قاوشەکەش نەخەووتن ، سبەینی کە دکتور هاتەوە یەکەم کەس منی بانگ کرد) ·
ـ کورە تۆ چیتە ·· کوێت ژان ئەکا ؟
ـ زکم ژان ئەکا ، هیلاکم دکتور گیان ·
ـ چیت خواردووە ؟
خواردنی حەپسخانەکەم خواردووە ·
ـ ئینجا خواردنی حەپسخانەکە چیەتی ؟
ـ سەموونەکەی پرە لە ئاردەبرنج و گۆشتەکەشی کۆنە ·· ئای مردم ·
(دکتور بەسەرما قیژاندی)
ـ قسەی زیادمەکە ! کوتت خۆی تا سبەینی یەشێ ·
(یاساولێك لە تەنیشتمەوە سیخورمەیەکی لێ دام) ·
ـ مردوت مری ·· قوانتەرا تچیەکە خزمی جەنابی دکورە وا مەلی ·
ـ ئەی هاوار مردم ·· بەم خەوینن ·
ـ جێگای خەوتنی حەپسیمان نیە ، ئەم شوشە دەرمانە روژی سێ کەوچکی لێ بخورەوەو ئاگات لە زمانیشت بێ ·
(لەگەل یاساولەکان گەراینەوە بۆ حەپسخانەکە) ·
ـ یالا بچۆ ژوورەوە ، هەمووگیانت موشکلەیە ، خەریك بوی ئوشی گوبەنیکمان بکەی ··
به پال کردمیانە ژورەوەو لە پەنجەرەی درگاکەشەوە شوشە دەرمانەکەیان بۆ هەلدام ، شوشەکە کەوتە زەوی و شکا ، دەرمانەکەش رژا) ·
●
ـ سبەینێ ئامادە بە ئەچیت بۆ دادگا ·· چ وەسیەتێکت هەیە ئەمشەو بیکە ·
(ئەو شەوە لەناو ئازاری لەش و ژانی زکم نەمتوانی بخەووم وەکو چاوەروانکەریکیش چاوەروانی سبەینی و دادگام ئەکرد ، لەگەل خۆرکەوتنا یاساولێك هاتە ژوورەوە) ·
ـ یالا ·· پێشمان کەوە بۆ دادگا ·· تەماشا رەنگی تاوانباری لێ نیشتووە ، چۆرە بە درۆ خۆی نەخۆش خستووە ·
(چوینەوە هۆلی دادگاکەو هەریەکە لە دلی خۆیا حیسابی بۆ خۆی ئەکرد) ·
ـ کەس بە دەنگی بەرز قسە نەکات ، کێ ناوی خویندرایەوە بێتە ژورەوە رابووەستێ ·
(لە سەر درگای دادگاکەش نوسرابو ·· (هەر کەس بە پێی تاوانی خۆی سزا ئەدرێت ·· دادگا دوو سال حوکمی دام دوای ئەوەش لە سنوری ولات بکرێمە دەرەوە) ·
دوسالم بە ئیش کردن و ماندویتی و ئازار بردە سەر دوای ئەوە دوو یاساول لەگەلما هاتن و لەسنوری ولات کردیانمە دەرەوە ·· یەکەم رۆژ هاتمە ئەم شارەی ئیوە زۆر ناشارەزا بوم ، لە قەراخ شاردا تابلۆیەکم دی لەسەری نوسرابو (هەموو ئازاریك چارەسەر ئەکەین) ئەو شەوە لە باخچەیەك مامەوە خەوتم ، نیوەشەو دوو ئیشکچی هاتنە سەرم و هەلیان سەندم ·
ـ ئەوە چی ئەکەی لیرە ؟
ـ بێکەسم ·· هیچ روشناییەکم نیە تیا بحەوێمەوە
ـ پێشمان کەوە بۆ شارەوانی
(لەو کاتەدا بەریوەبەری شەبتخانەکە میوانی هات) ·

ـ ماویتی ـ

***

پاشماوەی : گەشتێکی بەئاوازو ···

بستەك مندال بووم تۆ گەورەت کردم
چەند بێ وەفابووی بۆ خۆت نەبردم
دەگەر تۆمە ئەی دولبەری زولفت کەتە سەر کەمبەری
لە ئاهی منچیت بەسەر دێ
گول و رەیحان سوسنی ساوە دوو سۆزەگول راوەستاوە
یەکیان دۆستەیەك پێناوە
هەروا دەروا لۆ سراوێ زرو پۆلیە دەکا راوێ
دۆستی گرتی یەئەمنی ناوێ
هەروا دەروا شیلان شیلان چارۆگ سپی لە سەر پیلان
یان دۆستم بەیان دەگیران
چاو دەگێرم دیار نییە پرسیار دەکەم حەیبی نییە
یاری خۆمەو بێ قەیدیە
چاو دەگێرم لە حەسناران پرسیار دەکەم لە منداران
نابینمە ئەیلی جاران
دەگەر تۆمە ئەی حەیاتم دوێنێ لە لای باوکت هاتم
ئەتوی کردووە بەخەلاتم

—+—

پاشماوەی : لەگەل قوتابیانی ···

نەمێنیت و شان بەشانی براکان خەبات بکەین ·

پ : هەست بە چ گیروگرفتێك ئەکەی لە کۆلیجەکانتاندا ؟

و : کاك (ئەنوەر شاکەلی) وتی : بێگومان هیچ شتێکی تازە لە سەرەتادا بێ کەموکووری نابێ ·· کۆلیجەکەمان ئەمسال پێی ناوەتە سالی دووەمەوە ·· لەگەل ئەوەش بەسەر گەلێ تەنگ وچەلەمەدا زال بووە · بێگومان ئەویش بە هاوکاری قوتابی لەگەل ماموستاکانەوە بووە ·· سەرباری ئەمانەش چەند کەمو کووریەکمان هەیە وەکو : (١) تاوەکو ئیستاش کۆلیجەکەمان جیگایەکی تایبەتی نییە بەلکو لەگەل کۆلیجی زانیاریدا (علـوم) هاوبەشین (٢) هۆلی تایبەتیمان نییە ·· ئیستا ئیمە سێ پۆلین بەلام یەك هۆلمان هەیە · (٣) کتێبخانەیەکی تەواومان نییە کە سەرچاوەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی تیادا دەست کەوێ (٤) کادیری تەواومان نییە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی · کۆلیجەکەمان پیویستیەکی زۆری بە کادیر هەیە لە سالی داهاتودا پێنج لقی لێ ئەکرێتەوە لەوانە (زمان و ئەدەبی کوردی ، مێژوو جوگرافیا ، ئابووری ، کۆمەل) بۆیە ئەلێم بەئاواتەوەم پلەی رۆشنبیری و زانیاری کۆلیجەکەمان بەرزبێتەوەو ببێتە سەرچاوەیەکی کادیرانی دوارۆژی کورد ·

پ : لە سەرەتای سالی یەکەمی خوێندنی دانیشگادا هەستت بەچی ئەکرد ؟··

و : خوشکە (گولستان محەمەد) وتی : لە سەرەتای خوێندنی دانیشگادا کچان تووشی گەلێ گیروگرفت ئەبن لەمانە ·· کە لە شاری خۆی ئەچێتە شارێکی ترو جۆری ژیانی ئەگۆرێ و ئەرك و مەسئولیەتی ئەکەوێتە سەرشان ·· ئەویش لە ئەنجامی هاتنە ناو ئەو کۆمەلە تازەیەو تێکەلاو بوونی لەگەلیاندا ·· بۆیە تووشی گەلێ کۆسپ دێت تا لەیەکتر شارەزا ئەبن ·· بەلام پێویستە کچان وەکو رۆشنبیرێك بیربکەنەوەی بەسەر هەموو تەنگوچەلەمە یەکدا زال بن ·· بەلام ئەو رەخنەیەی کە لە کچ ئەگیرێت گوایە ·· دوورەو پەرێز ئەوەستن ··! من ئەمەوێ بپرسم : ئایا هۆی ئەم دوورەو پەرێزیە چییە ··؟ ئایا کەس ئەیەوێ خۆی لە ماف بێبەش بکات ··؟ لە وەلامدا ئەلێم ئەم نەریتە دواکەوتووە بۆتە قیسپی بەرچاومان و لە هەموو مافێکمان بێبەش ئەکات ·· بەندی کردوین تەنیا ناتوانین لە قەیلکیشا سەردەربێنین ·· بەلام بە ئاوتەوەو ئەم نەوەیەمان بتوانن ئەم نەریتە دواکەوتووە پێشێل بکەن و ئێمەش مافی تەواوی خۆمان هەبێ ·

پ باری چینایەتی کۆلیجەکەتان چۆن دێنە بەرچاو ؟

و : کاك (جەبار مستەفا) وتی : کوردیش وەکو هەموو میللەتانی تر لە چەند چینێك پێك هاتووە ·· جیاوازی نێوانی ئەو چینانە بۆتە هۆی تیژکردنی ناکۆکی لە نێوانیاندا · ئەم ناکۆکیەش تاکو گەل فرە چین بیت · هەر ئەمێنێ ··

باری چینایەتی کۆلیجەکەشمان زۆر بەئاشکرا لەجۆری بیر کردنەوەو ·· جل وبەرگدا دیارە ·· بەرای من یەك پۆشی (زی الموحد) هیچ کارێکی لەم مەسەلەیە کەم نەکردۆتەوە چونکە کورە بورژوازیەکان هەر لەو رەنگە بەلام نەختێ جیاوازتر چاکەت و پانتۆلیان لەسەر کلیشەیەکی جیاواز دووریوە بەلام بەرای من بەرگ کارێکی وا گرنگی نییە ·· بەلکو چۆنیەتی بیرکردنەوە خەباتی رۆژانە کارێکی سەرەکی یە ·· بۆیە پێویستە قوتابیان دەورێکی بالایان هەبێت لە گۆرینی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان (علاقات انتاج) بۆ گەیشتنە باوەشی واقیعێکی سوشیالستی لە کوردستاندا ·

پاشماوەی : لە تاریکستانی ··

کورد :
پێشکەوتنی میللەتان ، بێبەشی نەتەوەکەم و لەتوپەت کرانی کورد ·
مارکس :
راستگۆیی و سەربەرزی و بیریوردو بەختیاری و مرۆڤی تازە ·
گۆران :
نوێخوازی ، زمانی پاراو ، شیعری جوان و سروشت و ئافرەت
فۆلکلۆر :
گۆنی کورد لەگەل وشەی جوان ، لایلایەی دایك ·· درۆینە وشەنەو شەعرەو لاوولۆو حەیران !
گۆیە :
زۆزان ·· سروشت ·· پاشکەوتن
کچی جوان :
بەختیاری ، ناسکی ، رازی ژیان
ماچ :
شکاندنی تینویەتی خۆشەویستان ·· فیداکاری ·
دیاربەکر :
دوکتۆر فوئادو شەیخی پیران و سێدارەو ئەتاتورك ·
سێوە :
دەنگی سەرفرازی گۆرانی میللی ·· بەهارو رەزو باخ ·
چاوساغی :
دووربینی ·· دۆزینەوەی روبەروی شتەکان ·· برۆهەلتەکاندن لێك کردنی گورکەو مەر ·· دوژمن پێکانە سپێر ·· دەرك کردن بە جوانی و ناهەمواری ژیان !
ئاخر کتێب :
ئەوەی ماموستا جەلال تالەبانی ·
دوا گۆرانی :
(بیست وحەوت سالەی) بێکەس ، کە تایەر تۆفیق ئەیلێ ·
دواپارچە شیعرت :
گولی رەش ·· کە ئەمە بەشێکیەتی :

گولی رەش پۆش
ئەو ئاگرەی کە هەلگیرسا
کە خەرمانی بێ داگیرسا
بەدەستی من کوژایەوە
ئەو موژدەیەی کە وورت گرت
ئەو بەهارەی کەلێی دەژیای
ئەو بولبولەی بەسەد ئاواز بۆی دەخوێندی
ئەو شەمالەی دای دەژاندی
هەمووی من بووم
ئەو سێبەرەی کە لێواران
لەگەل خەندەی دەمی باران
تێکەل دەبوو
دەبوە تامان
بەرەو ئاسمان ·· کە هەلدەچوو
هەمووی من بووم

* * *

پاشماوەی : دلدارکەی لە دایك بووە ···

لەهەموویان نزیکتر بێ لەسالی روودا وەکە ئەمیان پەسندتر ئەکات ، کەواتە دلدار کە لە سجلی قوتابخانە (١٩١٧) نووسرابێت و ئەم نووسینەش لەسالی ١٩٣٤ بێت و بەپێی وەسیقەی (الجنسیة) بێت ، هیچ گومانی تیا نامێنێ کە دلدار لە سالێکی تر بووبێ ·

٣ ـ بۆی هەیە بگوترێ لەکاتی خۆیا کە دلدار تسجیل کراوە بەهەلە نووسراوە ، باوکی یا برای لەجیاتی (١٩١٨) (١٩١٧)ی نووسیوە ، ئەمە ئەگوترێ با بگوترێ بەلام ئەدی نابێ بیر لەوەش بکەینەوە کە دلدار پاشان کە دەستی دایە نووسینی یادداشتەکەی ـ ئەگەر مەسەلەی سالی لە دایکبوونی ناو یادداشتەکە راستبێ ـ لە سەر چ سەرچاوەیەکە سالی راستەقینەی لە دایکبوونی خۆی دۆزیەوەو وەسیقەی (الجنسیة)ی چۆن بە درۆ خستەوە ·

٤ ـ رەنگە هەندێ هەبن بلێن ، ئەوانەی سالی لە دایکبوونی دلداریان بە(١٩١٨) داناوە لە دلدار نزیکترن و هەموویان خزم و ناسیاری دلدارن ، یا بەسەرهاتەکە یان لە خزم و کەسی دلدار وەرگرتووە کەچی ئەوانەی سالی لەدایك بوونی دلدار بە (١٩١٧) دائەنێن کە بریتین لە ماموستا سجادی و رفیق حلمی نەختێ لە دلدار دوورترن ·· بەلام دیسانەوە ئەم لووتکەمان لەبەردەم قیت ئەبێتەوە ئایا کێ لە سجلی قوتابخانەدا دلداری بە (١٩١٧) داناوە ؟! بێگومان باوکی یا برای ئەم سالەی بەسالی لەدایکبوونی داناوەو لە سجلا چەسپاندوویەتی ، جا ئەبێ کامیان لە دلدار نزیکتر بێت و کامیان باشتر بتوانێ سالی لە دایکبوونی دیار بکا ، باوك و براکانی ؟ یا خزم و کەس و کارەکانی ؟

٥ ـ لەو بروایەدام کە دلدار راستەوخۆ لە یادداشتە چاپنەکراوەکەیا رەپوورەپ نەبووتووە سالی ١٩١٨ ! هاتوومەتە دونیاوە ، بەلکو باسی تەمەنی خۆی کردووە نەك سالی لەدایکبوونی ئیتر ماموستا شارەزا بەسالی (١٩١٨)ی لێك داتەوە ، نەگینا ناچێتە ئەقلەوە دلدار هەر لە سەرەتای چوونیەوە بۆ قوتابخانە زانیبێتی کە سالی ١٩١٧ هاتۆتە دونیایەو (جنسیە)و شەهادەکانی قوتابخانەو هەموو وەسیقەکانی تر ئەم راستیەی پێ بلێن کەچی ئەو پاشان لەم سالە هەلگەرێتەوەو بەسالێکی تری دابنێ ··؟

لە کۆتاییدا ئەلێم ئەگەرچی من زۆرجار نوسیومە دلدار سالی (١٩١٨) هاتۆتە دونیاوە بەلام ئەمەیان بەگویرەی دیوانی دلدار بوو هێشتا ئەم بەلگە مێژوویە باوەر پێکراوە گرنگەم چنگ نەکەوتبوو ، بەلام ئێستا کەوتوومەتە سەر ئەو باوەرە کە دلدا رسالی (١٩١٧) هاتۆتە دونیاوە نەك سالی ١٩١٨ ·

لە کۆتاییشا تکایە هەر برادەرێکی یادداشتەکەی دلداری لایە با شتێ لە یادداشتەکە بلاوبکاتەوە بەتایبەتی ئەوەی تایبەتی یە بەم مەسەلەیەوە ، چونکە دوور نیە یادداشتەکە هەندێ تیشکی تیابێ کە لەم سەرلێ شێواویە رزگارمان بکات بەلام من خۆم لەم شێوانە دەربازکردووەو تا ئێستا قەناعەتی دلم بەم بەلگەیە هاتووە کە دلدار سالی (١٩١٧) هاتۆتە دونیاوە نەك (١٩١٨) ·

پاشماوەی : شۆڕشگێرانی کەمبۆدیا

ئەم شارە ٣٠ کیلومەترە لەفنوم پنی پایتەختەوە دوورە ، وە بە رزگارکردنی ئەم شارە هەموو رێگایەکی گەیاندنی تفاق و یارمەتی لەفنوم پن گیراوە · وە کاربەدەستانی ریژیمی لون نۆلیش پێیان لەوە ناوە کە دوای رزگار کردنی ئەم شارە ئەو کاروانەی لەشکر کەویستبوی ئازوقەو نەوت بۆ فنوم پن بهێنێ گەراوەتەوە دواوەو هەموو رێگایەکیان لێ گیراوە · ئەسۆشیتدپریس ئەلێ شۆرشگێران گەمارۆی شاری تاکیویان توپ باران ئەکەن و شاری ـ جامباکیان ـ لەژێر دەست هێزەکانی حکومەت دەرهاتنیەوەتەوە لە لایەکی تریشەوە لە فنوم پن بلاوکرایەوە کە ـ ئیث تۆی ـ وەزیری دارایی لون نول دەستی لەکار کێشاوەتەوە چونکە نەیتوانیوە رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی باری ئابوری شێواوی کەمبودیا بدۆزیتەوە ·

پرۆژەی جوگا هەلگرتن لە سلێمانی

ناوچەی جوگە هەلگرتنی سلێمانی چەند پرۆژەیەکی بچوکی بەراوکردنی تەواو کردووە کە ١٠٨ هەزار دیناری تێچووە ، ئەمەجگە لەو ٣ خانوەی دروستی کردوە بۆ ئەوانەی پەیوەندیان بە دایەرەکەوە هەیە کە ١٢ هەزار دیناریان تێچووە ·

پاشماوەی : ئەم هەفتەیە

١٩٦٦ ـ هەلبژاردنی (بریجنیف) بە سکرتیری پارتی کومیونیستی سۆڤیاتی لە کۆنگرەی ٢٣ هەمی پارتی کومیونیست ·
١٩٧٠ ـ ئیسرائیل هێرشێکی بە فرۆکە بردەسەر قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە سوێس لە ئەنجامدا ٣١ مندال کوژران و ٤٦ مندال بریندار بوون ·
١٩٧٢ ـ میستەر(کۆسیجین) سەرەك وەزیرانی یەکێتی سۆڤیات لە بەغداد لەگەل کاربەدەستانی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبووەوە ·

لە رۆژی (٢٠)ی نەورۆز ـ ریکەوتی (٩)ی نیسانی سالی :
١٩٤٨ ـ قەلاچۆکەی (دیر یاسین) لە فەلەستین کە ئیسرائیل لەم شەرە ٢٥٤ بێتاوانی کوشت ·
١٩٧٢ ـ مۆرکردنی رێکەوتنی برایەتی و هەرەوەزی نێوانی عیراق و یەکێتی سۆڤیات لە بەغدا ·

لە رۆژی (٢١)ی نەورۆز ـ ریکەوتی (١٠)ی نیسانی سالی :
١٨٣٠ ـ لە ماوەی پانزە رۆژدا لە بەغدا نەخۆشی رشانەرە حەوت هەزار کەسی کوشتبوو ·

لە رۆژی (٢٣)ی نەورۆزی ـ ریکەوتی (١٢)ی نیسانی سالی :
١٨٣٩ ـ (ئەمیل زولا) کە نوسەریکی بە ناوبانگی فرەنسی یە لە پاریس هاتوتە دنیا ·
ـ کۆچی دوایی سەرەك (روزفلت)ی ئەمریکی ١٩٤٥ ·
١٩٥٣ ـ کۆچی دوایی دایکی کوردان حەپسە خانی نەقیب ·
١٩٦١ ـ یوری گاگارین یەکەم سۆڤیاتی بوو کە بە فرۆکەی فوستۆکی یەکەم یەك سەعات و ٤٨ دەقیقە لەئاسمانی دەرەوە گەشتی کردو هەلفری ·

لە رۆژی ٢٤ی نەورۆزی ـ ریکەوتی ١٣ی نیسانی سالی :
١١٥٤ ـ لەدایك بوونی (موزەفەرەددین گۆکبەری) دامەزرێنەری شاری هەولێری نوێ ·

لە پەیامنێری (هاوکاری)یەوەلە سلێمانی

بزوتنەوەی شانۆگەری

لە قوتابخانەکاندا

ئەوەی ئەم ساڵ زیاتر بایەخی بە هونەری شانۆگەری کوردی لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بۆ ، کە یارمەتیەکی ژیانەوەی ئەم هونەرەی داو لە پال ئەو یارمەتیەدا قوتابخانەکان دەستیان کرد بە ئامادە کردنی بەرهەمی شانۆیی ، لەو شانۆگەریانەی کە زۆر سەرنجی بینەرانی وا هەست ئەکرا ، هەر چەندە راکێشا شانۆگەری (ورج) بو چیرۆکیکی زوسی بو ، بەڵام کە نووسەری بە ناوبانگی بەسەرهاتەکانی بە شێوەیەکی روسیا (تشیحوف) زۆر راست و بێنراو لە ناو نووسیوێتی و مامۆستا کاوە ئێمەدا باوی بوەو هەیە احمد میرزا گوریوێتی بۆ ئەویش ئەوەیە زۆر لە کوردی ، وە مامۆستا عازی ئافرەتان کە بە گەنجی بامرنی دەری هینابو بۆ سەر مێردیان ئەمرێت ، دەست شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی لەدونیا ئەشۆن ، بە نیازی لاوەکانیش ئەمانە بون ، شمال سەلاحەددینو لەگەل ئاهەنگ و ئەوەی گوایە بە وەفایی غریب ، شمال فرج ، کمال موسیقای تیپی یەکیتی پیشان ئەدەن بەرامبەر مێردی عبدالحکیم ، نجاة محمد فرج قوتابیانی کوردستان پێشکەشی کرا ئەوەشدا ، هەر ئەو بەوەشایی دەرکەوت شانۆگەری ورچ وەک ئەو تەرک کردنەش ئەکەنەوە بە فەهمی قەرەداغی پەیامنێری (هاوکاری) لە سلێمانی خۆشەویستیەکی تر بۆ یەکێکی کوردستانی ئێمە رووی داب

چاپکراوی نوێ

نووسەری کورد

ژمارەی (٧)ی گۆڤاری نووسەری کورد ، کە یەکێتی نووسەرانی کورد - مەڵبەندی گشتی - لەبەغدا دەری ئەکات کەوتە بازارەوە . ئەم ژمارەیە گەلێ باسی ئەدەبی و چیرۆک و هونراوەی ئەدیبە کوردەکانی تیایە . دانەیەک بەدیاری پێشکەش بە کتێبخانەی - هاوکاری - کراوە سوپاسیان ئەکەین .

گۆڤاری پەروەردەو زانست

ژمارە ٥ی ساڵی ٣ی گۆڤاری پەروەردەو زانست کە بەربوە بەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دەری ئەکات لەبەرگێکی قەشەنگ و ناوەرۆکێکی تیرو تەسەلا کەوتە بازارەوە ، دانەیەک بەدیاری پێشکەش بە هاوکاری کردوە سوپاسیان ئەکەین و هیوادارین لە پێشکەوتنا بیت .

رۆژی کوردستان

ژمارەی (٣)ی ساڵی دووەمی گۆڤاری رۆژی کوردستان کەوتە بازارەوە ، ئەم گۆڤارەکە کۆمەڵی رۆشنبیری کوردی لەبەغدا بە کوردی و عەرەبی دەری ئەکات لەژمارەی ئەمجارەیدا گەلێ باس و نووسینی تیایە دانەیەک پێشکەشی بە رۆژنامەکەمان کراوە . سوپاسی هەڵسورێنەرانی گۆڤاری ناوبراو ئەکەین و هیوادارین رەواجی هەبیت .

جەنگیزخان لەناوبەری گەلان !

لە نوسینی میژوونووسی چینی ف . یان و وەرگێڕانی کاک عمر محمد احمد (هومەر) ، کتێبی « جەنگیزخان لەناوبەری گەلان ! » کەوتە بازارەوە . دانەیەکمان بەدیاری بۆهاتوە ، سوپاسی وەرگێڕەکەی ئەکەین و هیوادارین لای خوێنەرانی کورد رەواجی هەبێ .

مەولەوی

مامۆستا أ.ب هەورێ لێکۆلینەوەیەکی دەربارەی شاعیری نەمر « مەولەوی » نوسیوەو لە نامیلکەیەکدا چاپی کردووە . دانەیەکی ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە کتێبخانەی - هاوکاری - کردووە ، سوپاسی مامۆستا هەورێ ئەکەین و هیوادارین بەرهەمەکەی رەواجی هەبێت .

شانۆ لە یەکێتی نووسەرانی کورد

لە چوار چێوەی نەو کۆڕەهەفتەییانەی هەموو رۆژێکی یەک شەموان لێژنەی رۆشنبیری لە یەکێتی نووسەرانی کورد - مەڵبەندی گشتی لەبەغدا - ئەیان بەستێ ، هەفتەی رابوردوکاک - فاضل جاف - باسێکی لەو کۆڕەدا خوێندەوە کە دەربارەی - شانۆی لامعقول - بو ، دوای خوێندنەوەی باسەکە لەلایەن هەندێ لەدانیشتوانەوە پرسیارولێکولینەوە دەربارەی باسەکە کرا .

تۆمار

ماجوانان رشتیم
ازجانو دل گذشتیم ،
باخون خود نویشتیم
« یامرگ یامصدق »

★ ★ ★

ژەنەرال زاهیدی نوکەری ئەلقە لەگوێ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو پاسەوانی دەزبار کە بەخزمایەتی لەژنو ژن خوازیشەوە ئەکاتە حەمە رەزا شا .. لەمانگی ئابی ١٩٥٣دا بۆ هێنانەوەی حەمە رەزا شای دەرکراوو ئێك دانی حوکمی نیشتمانپەروەرانەی دکتور محمد مصدق کودتایەکی کۆنەپەرستانەی ساز کردو جارێکی تر حەمە رەزا شای خستەوە سەر تەختی خیانەتکاری ، لە هەموو شارەکانی ئێراندا خۆنیشاندان لەدژی ئەو پیلانە کۆنە پەرستانەیە دەستی پێکرد .

ئەم دێرە شیعرەی سەرەوە دروشمی خۆنیشاندانێکی جەماوەری خەڵکە کانی شاری (رەشت)ـە ، کە وتوبایە : **(ئیمە لاوەکانی شاری رەشتین لەگیان و دل بوردین ، بەخوێنی خۆمان نوسیومانە ، « یامردن یامصدق » .)**

ئینجا وەنەبێ ئەو گیابی لە خۆبوردنو قوربانیدانە لەناو خەڵکەکانی ئێراندا بێهێز بووبێت ، بەڵکو رۆژ بەرۆژ هێزی بەرگە گرتنو یەکیتیو لەخۆبوردن لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا دژی حوکمی فاشیزمی تاران پتر بەهێز دەبێت .

- ئەردەڵان -

مارلۆن براندۆ

خەڵاتی « ئۆسکار » وەرناگرێ

هونەرمەندو ئەدیب و روشنبیرەکانی ئەمەریکا شان بەشانی کرێکار و رەنجبەران و قوتابیانی ئەمەریکاوە پیستەکانی ئەمەریکاو هەموو گەلانی دنیا بەتوندی پەچن بەگژ ئیمپریالزمی ئەمەریکاو سیاسەتە نارەواکەیدا هەو سیاسەتەی کە جێ بەشەری گەلانو چەوساندنەوەی خەڵکی ئەکات .

لەم مانگانەی دوایدا گەلێ هونەرمەندی ناسراوی سینەماو تەلەفزیونو شانۆی ئەمەریکا لەمەیدانی خەباتی دژ بەسیاسەتی ئەمەریکادا رۆڵێکی دیارو سەربەرزانەیان بواند بەتایبەتی دژی کەست دژیەرەکانی ئەمەریکا لە فێتنام و خواروی رۆژهەلاتی ئاسیا . سیاسەتی رەگەز پەرستی کۆنەپەرستانەی ئەمەریکا .

هونەرمەندێك لەم هونەرمەندە ناسراوانە ئەکتەری سینەمایی پێش کەوتن خوارو (مارلۆن براندۆ)یە کە شان بەشانی هیندیە سورەکان و پیست رەشو ئەسمەر پیستەکانی ئەمەریکا دژی سیاسەتی رەگەز پەرستی خەبات ئەکات و ئەڵێ :

- حکومەتانی ئەمەریکا تا ئیستە ٢٠٠ پەیامیان لەگەل هیندیە سورەکاندا بەستوەو هەموو جارێکیش ئەخشەی لەناو بردنی ئەم پەیمانانەیان کێشاوەو ئەیانگرو ناسنو فرۆفێل تیکوشانی رەوای ئەمانەیان خەفەکردوە .

نارەزایی مارلۆن براندو گەیشتە ئەو عاستەی کە ئەو خەڵاتەی ئۆسکاری وەرنەگرت کە وەک باشترین ئەکتەری سینەمایی ساڵی ١٩٧٢ پێی هەڵویستی خۆی لەم رووەوە باشترروون بکاتەوە نامەیەکی بەکچێکی خێڵی ئەباشی هیندیە سورەکاندا بۆ ئەم مەبەستە ئەنێرێو لە نامەکەدا ئەنوسێ :

(کە سەبارەت بەسیاسەتی رەگەز پەرستی ئەمەریکا دژی ئەوانەی سپی پێست نین لە ئەمەریکادا خەڵاتی ئۆسکار ئەنێرێتەوە بۆ خاوەنەکانی .

× ×

بلوێرژەنی جادووگەر

ئەمووەمان ، حکایەتی نەو مشکانەمان بیستوە کە « سەگ و پشیلە » یان لەناو ئەبردو خەڵکی گوندێکیان گیرەوە ئەکردو خەڵکەکە نەیان ئەزانی چۆن لەو مشکە زیان بەخشانە رزگاریان ببێ ، هەتا بلوێرژەنی جادووگەریان لێ پەیدا بوو ، بەڵێنیدا بە ١٠٠٠ لیرە مشکەکانیان لە دەریادا بۆ بخنکێنێ .

بلوێر ژەن ، فو ئەکەات بە بلوێرە کەیاو هەرچی مشکی ئەو گوندەیە هەموو دوای ئەکەوێو ئەویش تاگوێ دەریا ئەیانبات و بەرەو ناو بلوێریان بۆ لێ ئەدات و ئەیانیخنکێنێ .

کە ئەگەڕێتەوە ، دەوڵەمەندی دێیەکە پەیمانەکەیان ئەشکێنێو لەجیاتی ١٠٠٠ لیرەی ٥٠ لیرەی ئەدەنێو ئەویش توڕە ئەبێتو فو ئەکات بە بلوێرەکەیدا و ئاوازێ لێ ئەدات هەرچی منال لەگوندا هەیە دوای ئەکەوێت و بەرەو دەریا ئەیانبات .

ئەم حکایەتە ئێستە کراوە بەفلیمێکی سینەمایی و وینەکانی لەگوندی هاملن - لە ئەلەمانیا گیراوە ، موسیقا ژەن دونافان - دەوری بلوێرزەنەکە ئەبینێ .

شانۆ قوتابخانەی گەلە

پێش خستنو پەرەپێدانی شانۆگەری کوردی ، وە هێنانەوەی دروست کردنی هەستێکی بەتینو زیندو لەنێوان شانۆ چەماوەردا ، وە بۆ جێ گیر کردنی ئەمو مەبەستانە تیپی توانندنی سلیمانی خەریکی خۆئامادە کردنە بۆ پێش کەش کردنی شانۆگەری کۆتایی زۆردار ر کە لەنووسینی هونەرمەندی لاو کاك غازی بامەرنیەو مامۆستا کاوە احمد میرزا کردوویەتی بەکوردی .

کۆتایی زۆردار :

.. تێ کۆشانی میللەتی کورد لەپێناوی سەربەستی و ئازادیدا .

هەر چارەی نوسینێك ●●●

[گیفارای غەززە]و

لەدایك بوونی ژیان لەمردنا

● ئەوانە بە خۆپاگرتنو ئازایەتیو چاونەترسیەوە ڕووبەڕووی مردن ئەچن ، مردنێك لە پێناوی ئاوات و خواستی گەلا ، ئەوانە ژیانێکی نوێی سەربەرزانە دروست ئەکەن . واتە ژیان لەمردنالەدایك ئەبێت . چونکە توانایەکی بەهێزتر دوای خۆیان دروست ئەکەن ..

● مەرگی پێشمەرگە ..هی هەموو گەلێك .. لەرێگای خەباتا .. گوللەیەکی بەقین ترئەگرێتە دوژمن .. با نوچ دانیش بێ بەڵام هەستانەوەیەکی بەتاوتری تیایە ..

● مردنی (گیفارای غەززە) ئەو راستییەی ساغ کردەوە لە فەلەستینو لەهەووشوێنێکی ترا کە ئاگری خوراگرتنو راپەرین خۆشترئەبێت ئەو ئاگرەی کە توانای دەسەلاتی دوژمنانی سەربەستی مرۆڤ ئەکات بە قەرەبروت .

● هەرچەندە دوژمنانی گەلان ، بۆ کوژانندەوەی شۆڕشی ئەمرۆ دڕتر و سەرکیش تر بون ، بەڵام هەر ئەوە تەمەنیان کورت تر و دوارۆژی رەشیان نزیك تر ئەکاتەوە .

● راستە ، زۆر بەئازاروناسۆرە ، پێشمەرگەیەك لە مەیدانی خەبات و خۆپاگرتنابگاتە مەرگ ، بەڵام ئەو مەرگە عەزیزە جەرگ بڕەئەبێتە رێبازی سەرکەوتنو سوتەمەنی شۆڕش ، ئاوات و ئامانج ..

● بۆیە - گیفارای پۆلیڤیا - و غەززە - و هی هەموو گوشەیەکی تری دنیا ژیانێکی نوێو دوارۆژێکی بەختیارو رێبازیکی سەرکەوتومان بۆ دروست ئەکەن .

- مرۆڤ -

لە ئەدەبی گەلانەوە :

سپێدە لە ناوکێوەکاندا

کە سپێدە ،
وەك شیرێکی ، زیوینی تیژ
سعاتی شەو شەقار دەکا ،
دوا ئەستێرە ،
لەو دیوی گردە شیمەکان ،
وەکو مژە ، جگەرەیەکی بچکۆلە ،
بە نادڵی ، ئەسرێتەوە !

+ ✻ +

لێوارەکان ،
هەتا ئێستاش .. هەرتاریکن
لەگەل ئەوەی ، بەسەرسامی ،
روبار لەخەو ، راست بۆتەوە !
لە ترسانا
رەنگی بوە بەهی میخەك !!
تەنیا شوانەکە .. لەپڕێك ،
بە - ئای ! - ئای ! - شەو ، ئەتۆقێنێ
لە کاتێکا ،
سێبەرەکان ، لێ ئەخوڕێت ،
بە ناو گەروی ، دەربەندێکا !

هۆنراوەی شاعیری جەرکسی : سۆیەن کەپەییف گوڕینی عبدالله پەشێو

— + —

پەری ئاواز و گۆرانی لە کوردستان

تیپی باواجی کۆیە جگەلەوەی کە تاقمێکی زۆر لە کورپو کچانی کۆکردۆتەوە ، بە گیانێکی گۆڕەلایەتی پیشکەوتووەوە ، بەرهەمەکانی پیشکەشدەکرین و خوشکە (پەری عبدالله) ئەستێرەیەکی گەشی ئەم تیپەهونەرییەیە ، بۆیە لەگەل ئەویشدا ئەم گفتو گۆیەمان کرد .

پ١ - خوشکە پەری ناونیشانت ؟

● ● ●

وەڵام :- ناوم پەریە و باوکم عبدالله طەو تەمەم ١١ ساڵە چونکە لە ساڵی ١٩٦٢دالەشاری کۆیە هاتومەتە دنیاوە و ئیستا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی سولافی کچان لە کۆیە .

پ٢ - ئەی هەستت چیە بەرامبەر بە بەشداربوونت لە جموجۆلی . تیپی موسیقای باواجی لەتەلەفزیۆنی کرکوك دا ؟

- وەڵام : زۆر خۆش حالم بە بەشداربوونم لەو تیپە هونەرییەدا وە لەوپەڕی شادیم لەوکاتەوە کە مامۆستا زاهیر محمد سەرۆکی ئەم تیپە منی هەڵبژارد بۆ بیشکەش کردنی پێشەکی و ناونیشانی گۆڕانی و ئاوازەکانی لە ئیستگەی تەلەفزیۆندا و منیش خۆم لێ راهێنا کە لەهەموو ئاهەنگەکانی تیپەکەماندا ببم بەپێناسی هونەری و دەوری خۆم بەرێکی ببینم ، خۆ ئەگەر بینەرانی تەلەفزیونی کرکوك پێم دەنێن دەوری خۆت باش بینیوە ئەوا ئێجگار دڵشادو بەختیار دەبم .

پ٣ - ئەبێ هیواو ئاواتت چی بێ لە ژیاندا ؟

- هیوا و ئاواتم لە ژیاندا ئەوەیە : کە لە دوا رۆژدا بتوانم لە ریگای هەرکار گوزاریەکی سود بەخشەوە بێ خزمەتی گەلو نیشتمانەکەم بکەم بەتایبەتی لە ریگای زانیو هونەرەوە و هیوادارم تیپەکە خوشەویستەکەی باواچیم هەر لەپیشکەوتندا بێ ... زۆر سوپاس ..

× ×

institut kurde de paris